# پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەدا، ڕۆژنامەکانی (خەبات و هەولێر) بەنموونە

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندندا


لەلایەن

**ژیکار حیکمەت حەسەن**

بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن – زانکۆی سەلاحەددین- 2017


بەسەرپەرشتی:

**پ.ی.د. دلێر ئەحمەد حەمە**

هەولێر – هەرێمی کوردستان

ئادار 2024

بِسْمِ اللَّــهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

# وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا

صَدَقَ اللهُ العظيم

سورة طه - الأية 114

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم نامەی ماستەرە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە **پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەدا، ڕۆژنامەکانی (خەبات و هەولێر) بەنموونە**. هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون. هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هی خودی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردوونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەرجێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەم.

واژوو:

**ناوی قوتابی: ژیکار حکمت حسن**

ڕێککەوت: 15/ 2/ 2024

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ڕاگەیاندن، پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو:

**ناو: پ.ی.د. دلێر احمد حمە** ڕێککەوت: 25/ 2 /2024

سەرپەرشتیار

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

**ناو: م.ی مەنصور نورالدین حسن**

سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا ڕێککەوت: 25/ 2 /2024

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە من ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

**ناو: کۆسار نجم الدین محمد**

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ ڕێککەوت: 25 / 2 /2024

## بڕیاری لیژنەی تاقیکرنەوە

ئێمە وەک لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی **پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەدا، ڕۆژنامەکانی (خەبات و هەولێر) بەنموونە)**. خوێندەوە و قوتابییەکەمان، کە ناوی (**ژیکار حکمت حسن**) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری میدیای تێدایە.

واژوو:

**ناو: پ.د. یحیی عمر ڕێشاوی**

سەرۆکی لیژنە

ڕێککەوت: 23 / 4 / 2024

واژوو:

**ناو: پ.ی.د. سارا محسن قادر**

ئەندام

ڕێککەوت: 23/ 4 / 2024

واژوو:

**ناو: پ.ی.د. عبدالخالق ابراهیم مصطفی**

ئەندام

ڕێککەوت: 23/ 4 / 2024

واژوو:

**ناو: پ.ی.د. دلێر احمد حمە**

ئەندام / سەرپەرشتیار

ڕێککەوت: 23/ 4 / 2024

واژوو:

**ناو: پ.ی.د. محسن شریف صالح**

ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر

ڕێککەوت: / / 2024

# پێشکەش

1. پێشکەشە بە ڕۆحی پاکی باوکم شەهید (حکمت).
2. پێشکەشە بە دایکی ئازیزم و خوشکە تاقانەکەم، کە زۆر هاوکارم بوون تا بگەم بەم قۆناغە.
3. پێشکەشە بە هاوسەری خۆشەویستم (عەلی)، کە لەسەرەتای دەستپێکی نووسینی ماستەرنامەکەم زۆر هاوکارم بووە.
4. پێشکەشە بە جگەرگۆشەکەم کاکە (ژیر) کە لە ماوەی نووسینی ماستەر نامەکەم زۆر بێنازم کردبوو.
5. پێشکەشە بە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی بەشی (تەکنیکی میدیا) و کۆلێژی ئەدەبیات بەشی (ڕاگەیاندن).
6. پێشکەشە بە هەموو کارمەندەکانی هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر).
7. پێشکەشە بە هەموو دیزاینەران.
8. پێشکەشە بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە تاکو ئەمڕۆ بە وشەیەکیش بیت یارمەتیان داوم و هاوکارم بوون.

**توێژەر**

**ژیکار حیکمەت حەسەن**

# سوپاس و پێزانین

❖ سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە تەمەن و تەندروستی پێ بەخشیم و هاوکارم بوو تا بتوانم ئەم توێژینەوەیە بنووسم و پێشکەشی ئێوەی بکەم.

❖ سوپاس و پێزانینی تایبەتم بۆ خێزانەکەم بەتایبەتی هاوسەری ئازیزم (علی) کە ئەرکی نووسینەوەی توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرتبوو.

❖ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د. دلێر أحمد حەمە) دەکەم، کە لە ماوەی نووسینی ماستەرنامەکەم هاوکارم بووە و ڕێنمایی کردووم بۆ نووسینی توێژینەوەکەم.

❖ سوپاس و پێزانینی تایبەتم ئاڕاستەی (پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون) دەکەم کە لەسەرەتای دەستپێکی نووسینی ماستەرنامەکەم تاکۆتایی هاوکارم بووە.

❖ سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە هاوکارم بوون بۆ نووسینی ماستەر نامەکەم بە پێدانی ڕێنمایی و تێبینی، یاخود پێدانی سەرچاوە وەکو (پ.ی.د. پ.ی.د. پاڤێ جەمیل، پ.ی.د. زاهیر حمدأمین، د. بەشدار حسین، د. نزار زرار گزالی، م.ی. شاکر رضا، م. فارس سعدی، م.ی. سەردار عبداللە، سەفین حمید، هاودەنگ فاروق، دڵشاد وەسانی).

❖ سوپاسی ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە هاوکاریان کردووم لە وەرگێڕانی سەرچاوە بیانییەکان بۆسەر زمانی کوردی بەتایبەتی (م. کەژاڵ محمد) و (م. محمد عادل جەباری) و (م.محمد أحمد).

❖ سوپاسی (م.ی. محمد عثمان محمد) دەکەم بۆ پێداچوونەوەی زمانەوانی بە تەواوی ماستەرنامەکەم.

**توێژەر**

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامە)دا، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیەو میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، کە هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر) بەنموونە وەرگیراون لە (2023/1/1) تا (2023/9/31)، توێژەر بۆ هەر ڕۆژنامەیەک (30) ژمارەی وەرگرتووە و ساڵی دەستکردی بەکارهێناوە لە وەرگرتنی ژمارەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە، ئەم توێژینەوەیە لەبواری ڕۆژنامەدایە بەگشتی و لەبواری دیزاین بەتایبەتی کە پەیوەستە بە پێگەو شوێنی ناونیشان و وێنە لەلاپەڕەی یەکەمی هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر). توێژەر هەوڵی داوە ئەو ڕێگایانە ڕوون بکاتەوە کە ڕۆژنامەیەک دەیگرێتە بەر لە بەکارهێنانی وێنەو ناونیشانی گونجاو لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی شێوازی دیزاینی ناونیشان و وێنەکان و ئاشنا بوون بە ڕێگاکانی دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامە، زانینی پێگەی ئەو دوو ڕەگەزە لە دیزاینی هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر، هەروەها توێژەر بۆ بەدەست هێنانی زانیاری ڕێگای چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە لەگەڵ سەرنووسەر و دیزاینەری هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر، بۆشیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، کەرەستەی ئاماری بەکارهێناوە بەپشت بەستن بە بەرنامەی (SPSS). لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە بریتین لە:

- هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر ناوەڕۆکی ناونیشانەکانیان بریتین لە ناونیشانی ڕامیاری، چونکە هەردوو ڕۆژنامەکە سیاسین.
- هەردوو ڕۆژنامەکە گرنگییەکی زۆریان بەوێنەی ڕامیاری داوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەی سیاسین.
- هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر) زۆربەی ئەو وێنانەی کە بەکاریان هێناوە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان لە جۆری گرتەی (Close Up)ن.

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| II | قورئانی پیرۆز |
| III | بەڵێننامە |
| IV | پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار |
| V | بڕیاری لێژنەی تاقیکرنەوە |
| VI | پێشکەش |
| VII | سوپاس و پێزانین |
| VIII | پوختە |
| IX-XI | ناوەڕۆک |
| 2-1 | پێشەکی |
| 11-3 | بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە |
| 3 | یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە |
| 3 | دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە |
| 3 | سێیەم: گرنگی تویژینەوەکە |
| 9-4 | چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| 11-9 | پێنجەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 11 | شەشەم: سوود وەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوو |
| 43-14 | بەشی دووەم: بایەخ و بنەماکانی دیزاینی ڕۆژنامەوانی |
| 17-12 | تەوەری یەکەم: پێناسەی دیزاین |
| 22-18 | تەوەری دووەم: مێژووی هونەری دیزاین لە کوردستاندا |
| 21-18 | یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی دیزاین |
| 22-21 | دوەم: دەرهێنانی ڕۆژنامەی کوردی |
| 34-23 | تەوەری سێیەم: گرنگی و ئەرک و ئامانج و بنەمای دیزاین |
| 24-23 | یەکەم: گرنگی دیزاین |
| 25-24 | دووەم: ئەرکی دیزاین |
| 25 | سێیەم: ئامانجی دیزاین |
| 34-26 | چوارەم: بنەماکانی دیزاین |

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم: قوتابخانەکانی دیزاین و قۆناغەکانی سەرهەڵدانی | 40-35 |
| یەکەم: قوتابخانەی کلاسیکی | 36-35 |
| دووەم:قوتابخانەی میانڕەو | 37-36 |
| سێیەم: قوتابخانەی نوێ | 40-38 |
| بەشی سێیەم: بایەخ و ئەرکی ناونیشانی وێنە لەدیزاینی ڕۆژنامەدا | 82-41 |
| تەوەری یەکەم: ناونیشانی ڕۆژنامەوانی | 50-41 |
| یەکەم: شێوەی ناونیشان | 43-41 |
| دووەم: قەبارەی ناونیشان | 46-43 |
| سێیەم: چەشنی ناونیشان | 49-46 |
| چوارەم: ئاڕاستەی ناونیشان | 50-49 |
| تەوەری دووەم: شێوازەکانی دیزاینی ناونیاشن لە لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەدا | 53-51 |
| تەوەری سێیەم: وێنەی ڕۆژنامەوانی | 62-54 |
| یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی وێنەی ڕۆژنامەوانی | 56-54 |
| دووەم: وێنەی ڕۆژنامەوانی | 57-56 |
| سێیەم: وێنە لەڕۆژنامەگەری کوردیدا | 62-58 |
| تەوەری چوارەم: ئەرکی وێنەو دیزاینی وێنەی ڕۆژنامەوانی | 82-63 |
| یەکەم: ئەرکی وێنە | 63 |
| دووەم: جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی | 64 |
| سێیەم: دیزاینی وێنە | 66-65 |
| چوارەم: بنەماکانی بەکارهێنانی وێنە لەدیزاینی ڕۆژنامەدا | 76-67 |
| پێنجەم: ئەرکی وێنەی ڕۆژنامەوانی | 82-76 |
| بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی | R125-83 |
| تەوەری یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە | 86-83 |
| یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە | 83 |
| دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 83 |
| سێیەم: مشتەی توێژینەوەکە | 84 |
| چوارەم: سنورەکانی توێژینەوەکە | 84 |
| پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژینەوەکە | 84 |

| | |
|---|---|
| شەشەم: پێوەری ڕاستی توێژینەوە | 85 |
| تەوەری دووەم: مێژووی ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژنامەی هەولێر | 87-86 |
| یەکەم: ڕۆژژنامەی خەبات | 86 |
| دووەم: ڕۆژنامەی هەولێر | 87 |
| تەوەری سێیەم: شیکاری خشتەکان | 114-88 |
| یەکەم: ڕۆژنامەی خەبات | 101-88 |
| دووەم: ڕۆژنامەی هەولێر | 114-102 |
| ئەنجام | 116-115 |
| پێشنیاز و ڕاسپاردە: | 118-117 |
| لیستی سەرچاوەکان | R125-R119 |
| پاشکۆکان | N1-N15 |
| پاشکۆی ژمارە (1 – 2 – 3 – 4) | N1 |
| پاشکۆی ژمارە (5 – 6 – 7 – 8) | N2 |
| پاشکۆی ژمارە (9) | N3 |
| پاشکۆی ژمارە (10 – 11) | N4 |
| پاشکۆی ژمارە (12 – 13) | N5 |
| پاشکۆی ژمارە (14 – 15 - 16) | N6 |
| پاشکۆی ژمارە (17) | N7 |
| پاشکۆی ژمارە (18) ڕواڵەتی ڕاستی فۆرمی نموونەی توێژینەوەکە | N8 |
| پاشکۆی ژمارە (19) ڕادەی جێگیری فۆرمی نموونەی توێژینەوەکە | N9 |
| پاشکۆی ژمارە (20) نموونەی فۆرمی توێژینەوەکە | N16-N10 |
| Abstract | A |

# پێشەکی

کاری دیزاین لەڕۆژنامەدا لە سەرەتای دەرکردن و دەرچوونی ڕۆژنامەدا هەبووە، لە سالانی دواتر ڕۆژنامەنووسانی پڕ ئەزموون و بەها گرنگییەکی تەواویان بەکاری دیزاین داوە، کاری دیزاینکردن لە ڕۆژنامەو دام و دەزگاکان گرنگییەکی تەواوی پێدەدرێت، چونکە دیزایینێکی باش و جوان خوێنەر ڕادەکێشێت بۆخۆی و وای لێ دەکات بچێتە ناوەڕۆکی بابەتەکان، هەربۆیە توانایەکی مرۆیی و ماددی زۆری بۆ خەرج دەکرێت، هەموو ئەم شتانە بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی لە بواری دیزاینی ڕۆژنامەدا لای توێژەر دروست کرد، هەروەها پێگەی کاری ڕۆژنامەوانی لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوازێکی پەرش و بلاو دەبینرێت ئەویش دەرئەنجامی نەبوونی یاسایەکی گشتگیر بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و لەنێوانیشیاندا بواری دیزاین و دیزاینەران کە گرنگترین و گرانترین پیشەیە لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لە سۆنگەی کاری دیزاینەران ناونیشان و قەبارەو شێوازی وێنەکان بەشێوازێکی هەڕەمەکی دادەڕێژرێت و دادەنرێن ئەمەش زۆربەی کات نەبووەتە هۆی پڕفرۆشی و ڕاکێشانی خوێنەران بۆ خودی ڕۆژنامەکە. ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامە)دا، ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر بەنموونە، پێکدێت لە چوار بەش، بەشی یەکەمیان بریتییە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە کە لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر: کێشەی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو، گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە بایەخ و بنەماکانی دیزاینی ڕۆژنامەوانی کە لە چوار تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم: پێناسەی دیزاین، تەوەری دووەم: مێژووی هونەری دیزاین لە کوردستاندا، تەوەری سێیەم: کرنگی و ئەرک و ئامانج و بنەمای دیزاین، تەوەری چوارەم: قوتابخانەکانی دیزاین و قۆناغەکانی سەرهەڵدانیان.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە بایەخ و ئەرکی ناونیشان و وێنە لەدیزاینی ڕۆژنامەدا کە پێکدێت لە چوار تەوەر، تەوەری یەکەم: ناونیشانی ڕۆژنامەوانی، تەوەری دووەم: شێوازەکانی دیزاینی ناونیشان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا، تەوەری سێیەم: وێنەی ڕۆژنامەوانی، تەوەری چوارەم: ئەرکی وێنەو دیزاینی وێنەی ڕۆژنامەوانی.

بەشی چوارەمی توێژینەوەکە تایبەتە بەلایەنی مەیدانی، کە شیکاری ناوەڕۆکم بەکارهێناوە و تێیدا هاوکێشە ئامارییەکان و زانیارییەکانی توێژینەوەکە شرۆڤەکراون، داتاو زانیارییە ئامارییەکان خراونەتە ڕوو بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

سێیەم: گرنگی تویژینەوەکە

چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو

پێنجەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

شەشەم: سوود وەرگرتنی توێژەر لەتوێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

کاتێک کە توێژەر هەست بە کێشەیەک دەکات لەسەر بابەتێک کە شیاوی نووسین و گفتوگۆبێت لەبارەیەوە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتەو کێشەکانی دیاری دەکات و پلان و ئامانجەکانی دەست نیشان دەکات.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو تەم ومژی و ناڕوونییەی هەیە لەپێگەی ناونیشان و وێنە لەدیزاینی ڕۆژنامە کورییەکاندا کەلەهەرێمی کوردستاندا دەبینرێت، لە ئەنجامی پەیبردنی توێژەر بەو کێشەیە دەست دەکات بە توێژینەوەیەکی زانستی و پاشان دەگات بە چەند ئەنجامێک، ئەم توێژینەوەیە توێژەر هەستی کردووە لە هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر هەندێ دیزاینی تێدا بە گرنگ و کەم گرنگ فەراهەم گەیەندراوە و کەموکورتی هەیە لە دیزاینی ناونیشان و وێنە و بەکارهێنانی ڕەنگەکان، هەروەها گرنگیان بە هەندێک بابەت نەداوە لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانیاندا.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەک کە لە لایەن توێژەرەوە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی گەیشتنە بە کۆمەڵێک ئامانج، بۆیە لێرەدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1- زانینی پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر.

2- ناساندن و ئاشنابوون بە ڕێگەکانی دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامە.

3- زانینی شێوازی دیزاینی ناونیشانەکان لەڕۆژنامەکانی (خەبات و هەولێر)دا.

4- زانینی شێوازی دیزاینی وێنەکان لەڕۆژنامەکانی (خەبات و هەولێر)دا.

### سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە

1. ئەم توێژینەوەیە چەندە بۆ ڕۆژنامەنوسان و دەرهێنەری ڕۆژنامەکان گرنگ بێت، ئەوەندە بۆ دیزاینەر و ئەوکەسانە گرنگە کە لە بواری دیزاینی ڕۆژنامەدا کاردەکەن.

2. یارمەتییان دەدات زیاتر کار لەسەر دیزاینی ڕۆژنامەکە بکەن و بایەخی زیاتری پێ بدەن.

3. توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن، دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن وەکو سەرچاوەیەکی زانستی، بەتایبەتی لە بوارەکانی پێگەی ناونیشان و وێنەو دیزاین.

**چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر چەند توێژینەوەیەکی لە بواری دیزاین بەدەست هێناوە کە بەشێکیان بەگشتی تایبەتە بە دیزاین و بەشێکی تریشیان تەنیا بەشێکی توێژینەوەکەی باسی دیزاینی تێدا کراوە ئەویش بەهۆی کەمی سەرچاوە و نەبوونی توێژینەوە لە بواری دیزاین.

**1- اکرم فریدون حمەامین، کاریگەری نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەسەر خوێنەران، تێزی دکتۆرا، (زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن، 2018):**

ئەم توێژینەوەیە، گرنگی بەکاریگەریتی نەخشەسازی لەسەر ڕۆژنامە کوردییەکان داوە و هەوڵی داوە ئەو ڕێگاو هەنگاوانەی لە نەخەشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامەوانیدا بەکاردێت بخاتەڕوو، هەروەها توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییەو میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە و ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) بە نموونە وەرگیراون لەماوەی نێوان (1-1- 2016 – 31-12-2017)، لەگرنگترین ئامانجەکانیشی بریتین لە:

1- ناساندنی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لە بواری نەخشەسازیی لە ڕووپەری لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) بەکارهاتوون.

2- ناساندنی هەموو خەسڵەتە تیپۆگرافییەکان کە  لە لاپەڕەکانی هەر یەک لە ڕۆژنامەی (خەبات و کوردستانی نوێ) بەکارهاتوون.

3- ناساندنی پرۆگرامە بەکارهاتووەکان لە نەخشەسازییدا.

4- دیاریکردنی بەرپرسیاریتی دەرهێنانی ڕۆژنامە و چاپخانەکان.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە:**

1- نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە یەکێکە لە گرنگترین کارەکانی ڕۆژنامە کوردییەکان.

2- کاریگەریی نەخشەسازان و دیزاینەران لەو گۆڕانکارییانەی کە تایبەتن بە جوانکاری لە ڕووی بنەما سەرەکییەکانی نەخشەسازییەوە دەورێکی گرنگ و سەرەکییە.

3- هەردوو ڕۆژنامەکە گرنگییەکی زۆریان بە هونەری نەخشەسازی لە ڕووی چاککردنی وێنە بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ و بەرنامەکانی تر داوە.

4- هەردوو ڕۆژنامەکە گرنگییەکی زۆریان بە ڕێکلام داوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داهاتی ئەو ڕێکلامە هاوکارێکی باشە بۆ بەردەوامبوون.

**2- توێژینەوەی دلێر ئەحمەد حەمە، بە ناونیشانی (تەکنیک و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی پێشکەوتن 1920 – 1922) تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ بەشی زمانی کوردی، 2008.**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی تەکنیک و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی پێشکەوتن (1920 – 1922) دەکات، و کە زیاتر قوڵبوونەوەی لەڕووی ئەدەبی و زمانەوە بووە و بەشێکیشی تەرخان کردووە بۆ تەکنیک و چۆنیەتی دەرهێنانی ڕۆژنامەکان.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ زانینی واقیعی هونەری دەرهێنان و تەکنیک و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی پێشکەوتن (1920 – 1922)، بەرجەستەی کۆمەڵێ ئامانجی کردووە، کە بەم شێوەیە ڕوونیان دەکەینەوە:

**زانینی جۆری شێوازەکانی دەرهێنان، سامپڵی ئەم توێژینەوەیە.**

زانینی جێبەجێکردنی هۆکار و بنەماکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەو کامەیان زیاتر لە کاری دەرهێنان و دیزایندا بەکاردێن، سامپڵی ئەم توێژینەوەیە.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

1- پارێزگاری لە سیستەمی دەرهێنان کراوە چ وەک قەوارەی ڕۆژنامەکەو هەموو لایەنەکانی تری دەرهێنانی ڕۆژنامەکە.

2- پێکهاتە نەخشەسازییە جێگیرەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە شوێنی خۆیدا بەکارهاتووە و ئەمیش تا کۆتایی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.
3- ناونیشانەکان هەندێ جار گشتین و بە تەواوی ئەرکی خۆیان جێبەجێ ناکەن.
4- بەکارهێنانی شێوەکانی (هەڕەمی ئاسایی، هەڕەمی هەڵگەڕاوە، تاک) بۆ ناونیشانەکان ئاماژەیە بۆ شارەزایی دەرهێنەری ڕۆژنامەکە لەو بوارەدا.

**3- سەرکەوت أحمد محمد، کاریگەری نەخشەسازی لە گەیاندنی پەیامی میدیایی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکاندا، نامەی ماستەر، (کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، 2023)**

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی، (کاریگەرێتی نەخشەسازی لە گەیاندنی پەیامی میدیایی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا)، باس لە کاریگەرێتی نەخشەسازی دەکات لەسەر گەیاندنی پەیامی میدیایی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی گشتی و پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەتایبەتی، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە.

**لە گرنگترین ئامانجەکانیشی بریتین لە:**

1- دیاریکردنی ئاستی کاریگەرێتی نەخشەسازی پێگەی ئەلیکترۆنی لە گەیاندنی پەیامی میدیایی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان.
2- دیاریکردنی ئاستی جێبەجێکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی نەخشەسازی، کە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا کاریگەرییان لەسەر گەیاندنی پەیامی میدیایی هەیە.
3- زانینی ئاستی گرنگی پێدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بنەما و پێوەرەکانی نەخشەسازیکردن لە پێگەکانیاندا.
4- دیاریکردنی ئاستی کاریگەری ڕەگەزەکانی نەخشەسازی لەسەر سەرنجڕاکێشانی وەرگر، و خواستی دووبارە سەردانکردنەوە، و مانەوەی لە پێگەکاندا.

**لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

1- نەخشەسازی پێگەی ئەلکترۆنی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر گەیاندنی پەیامە میدیاییەکانی پێگەکان، بە جۆرێک نەخشەسازی باش دەبێتە هۆی سەرنجگیری وەرگر و ئارەزووی دووبارە سەردانکردنەوەی وەرگرەکانی.

2- نەخشەسازییەکی باش و سەرکەوتوو، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی وەکو کارلێکی، نەرمی، ئایکۆنی گەڕان، لینکی وابەستە، مەڵتیمیدیا و چەندین تایبەتمەندی تر دەبەخشنە پێگەکان، و بەمەش ئاستی کاریگەریتی پێگەکان لە گەیاندنی پەیامەکانیان زیدەتر دەبێت.

3- شاشە قەبارە جیاوازەکان و وێبگەرە جیاوازەکان، دەبنە هۆکاری جیاواز دەرکەوتنی نەخشەسازی پێگەکان، چارەسەری ئەم گرفتە نەخشەسازییەکی باشە بۆ پێگەکە و دروستکردنی ئەپڵیکەیشنە بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایل.

**4- بڕیار جەلال معروف، ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی دیجیتاڵیدا - کەناڵی nrt بە نموونە، نامەی ماستەر، (بەشی تەکنیکی میدیای کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، 2023)**

بابەتی ئەم پوختەیە گوزارشتە لە ناونیشانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی دیجیتاڵیدا - nrt بە نموونە)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە، مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنووسان و گرافیک دیزاینەران بە مشت وەرگیراوە، ئەم توێژینەوەیە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە. گرنگییەکەی لەو سۆنگەیەوەیە کە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانی ئەم سەردەمە، دەزگا میدیاییەکانیش لە هەرێمی کوردستان لە پێناو دروستکردنی زۆرترین کاریگەریی لەسەر بینەر هەموو هەوڵێکی خۆیان خستوەتەکار، لەو ڕێگەیەشەوە دیجیتاڵ میدیاکان هەوڵ دەدەن سوود لە ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامەکانیان بۆ بینەر ببینن و لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ...هتد جێبەجێی بکەن. لە پاش ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی بەسەر ئامرازەکانی

ڕاگەیاندندا هاتووە، بەشدارییەکی گرنگ و گەورە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵەکاندا دەکەن و ڕۆڵی بەرچاویان لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی و بڕیاری سیاسییدا هەیە. ئەگەر لەپێشتردا ململانێکان لە ڕێگەی سەربازی و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆوە بەڕێوەچووبن، ئەوا لە ئێستادا ئەم ململانێیانە پتر لە نێو ڕاگەیاندن و لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە یەکلاییدەکرێنەوە.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

دوای کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی مشتەی توێژینەوەکە و خستنەڕووی بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگە و شێوازی شرۆڤەکاری و ئاماری، لێرەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە لە ڕووی مەیدانییەوە پێی گەیشتوە دەخەینەڕوو:

1. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان گرافیک دیزاین و پەیامی دیجیتاڵیدا.
2. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە گرافیک دیزاین بەڕێژەی 83.2% ڕۆڵی لە گەیاندنی پەیامی دیجیتاڵیدا هەیە بۆ وەرگر.
3. هەریەک لە مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنووسان و گرافیک دیزاینەران باوەڕیان وایە کە کارە گرافیکیەکانی (NRT) یارمەتی میدیا دیجیتاڵییەکەی داوە لە کێبڕکێکانی بۆ گەیاندنی پەیامی میدیایی.
4. میدیای دیجیتاڵی (NRT) تاڕادەیەک توانیویەتی لە کارە گرافیکیەکانیدا بنەما و توخمەکانی گرافیک دیزاین بەکاربهێنێت.
5. بەرتوێژان پێیان وایە تاڕادەیەک پەیامی دیجیتاڵ میدیای(NRT)، سەرچاوەیەکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی.

**5- توێژینەوەی نجات خضر عباس، بە ناونیشانی (التصميم والاخراج الفني للصحف العربية المنشورة عبر الانترنت رسالة ماجستير: كلية الفنون الجميلة - جامعة بغداد، 2009).**

توێژەر گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیەی لە ونبوونی رایەڵبەندە تایبەتیەکانی سەبارەت بەو پێگەی ئەلیکترۆنیانەی توێژینەوەی لەسەرکراوە، دیاریکردووە، دیارینەکردنی رەهەندەکانی لاپەڕەکان بەشێوەیەکی ڕوون، هەروەها توێژەر لە توێژینەوەکەیدا باسی لە هۆکارەکانی ناڕوونی لە شێوازی چوونە نێو پێگەکەو سوود وەرنەگرتن لە ڕەگەزە تەکنۆلۆژییەکان.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

1- توانای توێژینەوەکە دەتوانێ بەشداربێت لە پێشکەوتنی کارامەیی لەلای کارمەندانی بواری نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامەکانی ئینتەرنێت.

2- تێکەڵکردنی توێژینەوەکە لەگەڵ بوارەکانی زانینی هەمەجۆر کە بەشدارن لە یارمەتیدانی هونەری نەخشەسازیی ڕۆژنامەکان.

3- گرنگی توێژینەوە کە ڕووبەڕووی بابەتێک دەبێتەوە کە لە توێژینەوەیەکی زانستی پێشتر باسنەکراوە.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

توێژەر شیکردنەوەیەکی بۆ ئەنجامەکانی ساملەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی شیکردنەوە ئەنجامداوە، ئەنجامەکانی نزیکن لە شیکردنەوەی دەستەو پەیوەندار و ڕەگەزەکانی پێکهاتوو بۆ پێگە ئەلیکترۆنییەکان، ئەوە جگە لە جۆری پەیوەنداری ناوەوەو دەرەوەو ڕەهەندەکانی لاپەڕەکانی پێگەی توێژینەوە، ڕۆشنایی خراوەتە سەر لایەنە تایبەتەکانی ڕەگەزەکانی تەکنۆلۆژی پەیوەستدار و مەودای خواستنی لە لایەن هەڵدەرەوەکانی.

**پێنجەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو**

**لایەنە لەیەکچووەکان:**

لایەنی هاوبەش لەنێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی تێزی دکتۆرای (د. أکرم فەرەیدون) بریتییە لەوەی کە هەردوو توێژینەوەکە لە بواری دیزاینی ڕۆژنامە ئەنجام دراون، لەهەردوو توێژینەوەکەدا دوو ڕۆژنامە بەکارهاتووە وەکو نموونە. و خاڵی هاوبەشی

نێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ نامەی ماستەری (سەرکەوت أحمد) لەوەدایە کەهەردوو توێژینەوەکە باس لە دیزاین دەکەن، خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ نامەی ماستەری (بڕیار جلال معروف) بریتییە لەوەی کە هەردوو توێژینەوەکە لەبواری دیزاین دایە. خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ تێزی دکتۆرای (د. دلێر أحمد حەمە) لەوەدایە کە هەردوو توێژینەوەکە لە بواری دیزاین ئەنجام دراوە و هەردووکی باسی دەرهێنان و دیزاینی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە دەکات، خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ نامەی ماستەری (نجات خضر عباس) بریتییە لەوەی هەردووکی لە بواری دیزایندایەو باسی دەرهێنانی ڕۆژنامە دەکات.

**لایەنە جیاوازەکان:**

لایەنی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (د. أکرم فەرەیدون) لەوەدایە کە ئەم توێژینەوەیە هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر)ی بەنموونە وەرگرتووە، بەڵام لە توێژینەوەکەی د. أکرم فەرەیدون هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بەنموونە وەرگیراون، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکییە، بەڵام توێژینەوەی د. أکرم فەرەیدون، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، لەم توێژینەوەیەدا شیکاری ناوەڕۆک بەکارهاتووە، بەڵام لەتوێژینەوەی د. أکرم فەریدون، فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە. وەخاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ نامەی ماستەری (سەرکەوت أحمد محمد) بریتییە لەوەی کە ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، توێژینەوەکەی ئەو بریتییە لە بەکارهێنانی وەسفی – ڕووپێوی، ئەم توێژینەوەیە باسی دیزاینی ڕۆژنامە دەکات، بەڵام توێژینەوەکەی سەرکەوت أحمد باسی دیزاینی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەکات. خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (بڕیار جەلال معروف) بریتییە لەوەی کە ئەم توێژینەوەیە لەسەر پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەدا ئەنجام دراوە، بەڵام توێژینەوەکەی بڕیار جەلال لەسەر ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی دیجیتاڵ ئەنجام دراوە، ئەم توێژینەوەیە هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر بەنموونە وەرگیراون،

توێژینەوەکەی بڕیار جەلال کەناڵی (NRT) بەنموونە وەرگرتووە. وە خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (د. دلێر أحمد حەمە) بریتییە لەوەی ئەم توێژینەوەیە باسی پێگەی ناونیشان و وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەدا دەکات، بەڵام توێژینەوەکەی ئەو باسی تەکنیک و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە دەکات، لەم توێژینەوەیەدا دوو ڕۆژنامە بەنموونە وەرگیراون ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر)ن، بەڵام لە توێژینەوەکەی د. دلێر یەک ڕۆژنامە بەنموونە وەرگیراوە کە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ە. هەروەها خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نجات خضر عباس) بریتییە لەوەی ئەم توێژینەوەیە لە بواری ڕۆژنامەدا ئەنجامدراوە، بەڵام توێژینەوەکەی نجات خضر لە بواری ئینتەرنێت ئەنجام دراوە، ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەڕۆکی بۆبەکارهاتووە، بەڵام توێژینەوەکەی نجات خضر فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە.

**شەشەم: سوود وەرگرتنی توێژەر لەتوێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر بە ڕەچاوکردنی ئەو توێژینەوانەی پێشوو سوودی لە (میتۆد، کۆمەڵگە، مشتە، بەش بەش کردنی بەش و باسەکانی توێژینەوەکانی پێشوو) وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیەو ناونیشانە کەمترین توێژەر خۆی لە بوارەزانستیەکەی داوە بۆیە توێژەر سوودی لە بەشەکانی توێژینەوەکانی پێشوو وەک ڕەچەتەیەکی زانستی وەرگرتووە و لە ناو توێژینەوەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

# بەشی دووەم: بایەخ و بنەماکانی دیزاینی ڕۆژنامەوانی

## تەوەری یەکەم: پێناسەی دیزاین

## تەوەری دووەم: مێژووی هونەری دیزاین لە کوردستاندا

## تەوەری سێیەم: گرنگی و ئەرک و ئامانج و بنەمای دیزاین

## تەوەری چوارەم: قوتابخانەکانی دیزاین و قۆناغەکانی سەرهەڵدانییان

## بەشی دووەم: بایەخ و بنەماکانی دیزاینی ڕۆژنامەوانی

### تەوەری یەکەم: پێناسەی دیزاین

زۆرێک لە توێژەران لە نێوان دەرهێنان و نەخشەسازی و تایپۆگرافیا جیاوازیان نەکردووەو بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵیان کردووە، هەڵبەت ئەم تێکەڵکارییەش لەسەر بنەمای درکپێکردنی لەیەکچوونیان بووە، لەکاتێکدا مانا زمانەوانییەکەو دەستەواژەی هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی دیکە هەڵگری جیاوازییەکی گەورەیە. (حەمەئەمین، 2013، ل33).

وشەی دەرهێنان بەمانای دەرهێنانی شتێک دێت و نیشاندانی و سەرنج خستنەسەری وەکو دەرهێنانی تابلۆیەک، یان دەرهێنانی کارێک کە وای کرد ڕەنگداربێت. (الراوي، 1980، ل33).

دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک پەیوەستە بە شێوەی دەرەوەی و شێوەی هونەری ڕۆژنامەکە. (النادی، 2006، ل32).

هەروەها دەرهێنانی ڕۆژنامە بە جۆرێکی تر پێناسەکراوە بەوەی: دەرهێنانی ڕۆژنامە ڕێکخستن و دابەشکردنی سەرجەم بابەت و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تایبۆگرافیای هەر ڕۆژنامەیەکە بەشێوەیەکی وا کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی راکێشێت و کاری تێ بکات و کەسایەتییەکی دیار بۆ ڕۆژنامەکە بونیات بنێت و ڕوخسارێکی جوانیش بە ڕۆژنامەکە ببەخشێت. (حەمە، 2008، ل25).

دەرهێنان، دەستەواژەیەکە کە مەبەست لێی "دەرهێنەر هەڵدەستێ بە قۆستنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەسەر لاپەڕەکە هەیە بەشێوەیەکی کاریگەرو چالاک، پێویستە دەرهێنەر هەموو ئەوانەش بزانێت کە پەیوەندیان بە نەخشەسازییەوە (توخمە تایپۆگرافیەکان) و تایبەتمەندییەکانیان هەیە. بەجۆرێک بە مەبەست ڕێکخستن بۆ توخمەکان بکات، تاکو شێوەیەکی دەرهێنانی سەرنجڕاکێش بەرهەم بهێنێت. (حمەئەمین، 2018، ل25).

دەرهێنانی ڕۆژنامە شێوازێکی هونەرییە. کاتێک دەست پێدەکات کە پڕۆسەی ئامادەکردنی ڕۆژنامەوانی و بابەتەکان و کۆکردنەوەیان و پێداچوونەوەی ڕۆژنامەکە کۆتایی هاتبێت، پاشان لەدوای ئامادەکردن و پەخشکردن و کۆکردنەوە دانانی ئەو شوێنەی کە تیایدا بابەتەکان دەردەچێت، یان ئامادەکردنی نووسینەکان. (علم الدين، 1984، ل9).

عەلی نەجادات بەم جۆرە پێناسەی دەکات "هەنگاوێکە کاتێک دەرهێنەری ڕۆژنامە هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی تێکستە هەواڵییەکان و بڕیاردان لەسەری و هەڵبژاردنی شوێنی پیت و قەبارەکەیان و لەدوای ئەوانە دەست پێدەکات، دواتر دەرهێنەر دەست دەکات بەنیشاندانی دەقەکان و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەیان و پلاندانان و دواتر دەست دەکرێت بە جێبەجێ کردنیان". (نجادات، 2002، ل24).

هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامە بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی بواری ڕۆژنامەوانی هەژماردەکرێت و لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە جیهانییەکاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، ئەم هونەرە لە هەموو جیهاندا لەپاڵ بەرەو پێشچوونی بزاڤی ڕۆژنامەوانیدا، پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، چونکە گرنگترین ئەرکی ئەم هونەرە بریتییە لە ئاسانکردنی ڕوونی گەیاندنی پەیام بۆ خوێنەر و دیاریکردنی جوانترین ڕەنگ و جۆری فۆنت بە خوێنەر، بەگشتی هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی کردارێکی هێلکاری هونەرییە بۆ نەخشاندنی، یان دەرهێنانی لاپەڕەی بڵاوکراوەکان،، یان بریتییە لە دابەشکردنی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا (فۆنت، وێنە، ناونیشان، ڕەنگ، نوسین). بەشێوەیەکی هونەری لەسەر لاپەرەیەکی قەبارە دیاریکراو بە شێوازێک کە هەر یەک لەو ڕەگەزانە ئەرکی خۆی ببینێت و خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. (ئەبوبەکر، 2013، ل8-9)

بەو پێیەی پڕۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامە، دەروازەیەکە بۆ نیشاندان و نمایشکردنی بابەتە نوسراوەکان، بەشێوەیەکی گونجاو، ئارەزووی مرۆڤ رازی دەکات و خۆشیەک بە ئەقڵ دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی توخمە تایپۆگرافیەکانی وەک کەرەستەی پڕۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامە، هەروەها دەکرێ لە ڕێگەی سازانی ناوەخن و پێشکەشکردنی

بەشێوەیەک خۆش و ئاسان بۆ خوێنەر، ئەوەش بە پێی شێوازێکی دیاریکراو کە لەگەڵ سیاسەتی گشتی ڕۆژنامەکە بڕوات. کەمال عەبدولباست ئەلوەحیشی بەوە پێناسەی دەکات کە: "هونەری جوڵاندنی توخمە تایپۆگرافیەکانە لە حاڵەتی وەستاوەوە بۆ بارێکی جوڵاو، ئەوەش لەسەر لاپەڕەیەکی سپی و بەپێی بنەمای دیاریکراو و شێوازی دەرهێنانی کە دەرهێنەر پشتبەستوو بە شارەزایی و تواناکانی تاک کە فێری بووە پیادەی دەکات". (الوحشي، 1999، ل48)

"پرۆسەی دروستکردن و نوێگەرییە بۆ بونیادنانی شێوەیەکی هونەری بۆ ڕۆژنامە ئەمەش بە دابەشکردنی بابەتەکان و نوسراوەکان و شێوازەکانی بەکارهێنانی توخمە تایپۆگرافیەکان لەسەر بنەمای تێکەڵکردن لەنێوان لایەنی کار و بەها جوانی شێوەی هونەریە و جوانی گرافیکی لاپەڕەکە. (خليل، 2007-2008، ل35).

دابەشکردنی یەکە تایپۆگرافیەکانە لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامەکەو لاپەڕە و هەڵبژاردنی ئەو یەکانە و فۆکەس خستنەسەر بەپێی سیاسەتی دامەزراوەکە" و ئەو یەکانە بریتین لە: (أبو عرجە،2000، ل93)

1- ئەو فۆنتانەی کە بابەتەکەی پێ دەنووسریتەوە و ئەو فۆنتانەی کە ناونیشانەکانیان پێ دەنووسرێت، بەکارهێنانی زۆری جۆری فۆنتە.

2- هێڵ و ناوبڕەکان و نیشانەو هاوشێوەکانی.

3- وێنە.

لە پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەدا دەرهێنەری ڕۆژنامە بەرپرس دەبێت و هەر ئەویش دیزاینی دیاریکراو لە هەموو توخمە تایپۆگرافیەکان هەڵدەبژێرێت و بۆ دیاریکردنی بنەڕەتی ڕۆژنامەکە بەکاری دەهێنێت، هەروەها هەڵدەستێت بە دانانی پەیکەری گشتی بۆ هەموو بەش و لاپەڕەکان و دانانی کەسایەتیەکی جێگیر و دیار بۆ ڕۆژنامەکە، کە جیاواز بێت لە ڕۆژنامەکانی دیکە". (صالح، 1989، ل1-2)

دەرهێنانی ڕۆژنامە بریتییە لە پرۆسەی پلانێکی دانراو، بە هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەت و ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەکە بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتار و وێنەو هێڵی سەردێڕ لەسەر لاپەڕەکان و دۆزینەوەی هاوسەنگیەک لەنێوان لایەنی پراکتیکی و ڕێکخستنیان لەسەر بنەمای هونەری و دەروونی بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر، تاکو بایەخ بە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە بدات و ببێتە جێگەی تێرامانی، لە هەمانکاتدا گوزارشتە بۆ کەسایەتی و ناسینەوەی ڕۆژنامەکە. (حەمەئەمین، 2018، ل28)

کاری نەخشەسازیی ڕۆژنامە، دابەشکردنی بابەت و وێنەیە بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەدا، هەوڵدەدات بینینی ڕۆژنامە بێزارکەر نەبێت، خوێندنەوەی گران نەبێت، سەردێڕ چاو تێک نەدات، لاپەرە پڕو ئاڵۆز نەبێت، جگە لەمانە فۆنتی نەرم بۆ سەردێڕ و نوسینی تێکست دادەنێ، کۆمێنتاری بەجێ لەژێر وێنەکان دەنوسێت. نەخشەسازی ڕۆژنامە هەوڵدەدات خوێندنەوەی ڕۆژنامە ئاسان بکات و زۆرترین خوێنەر بۆ ڕۆژنامە دەستەبەربکات. (سەپان، 2012، ل62)

نەخشەسازی لە زمانی کوردیدا چەندین واتای جیاواز دەگەیەنێت هەروەک: پرۆسەی ڕێکخستنی ڕەگەزەکان (هێڵ، شێوە) بە ئامانجی گەیشتن بە پێکهاتەیەک کە سەرنجڕاکێش بێت و کاریگەری دروستبکات. (واتە هونەری دروستکردنی شتێک) (حمە ئەمین، 2018، ل23)

هەروەها مەبەست لە نەخشەسازی "ئەو پرۆسەیەیە کە پلانێکی پێشوەختەی دەوێت بۆ لاپەڕەکە، بۆ ئەمەش پێش ئەوەی پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی دەستپێبکات شێوەی لاپەڕەکە دیاری دەکرێت. لەسەر توێژەرە ئەوە دابنێ کە نەخشەسازی قۆناغی یەکەمە لە پرۆسەی دەرهێنان، ئەوە پێش پرۆسەی ئامادەکردنە، کە قۆناغی دووەمە لە دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی کە پرۆسەیەکی پێکهێنانی هونەریە" (حمەئەمین، 2018، ل23)

دیزاین، داهێنانێکی شێوەییە، یان دروستکردنی شتێکی جوانە، یان کارێکی ناوازەیە کە گونجاوبێت بۆ نیشاندان، دیزاین پشت دەبەستێت بە لێهاتوویی و توانای دیزاینەر لە

نوێگەری، لە هێز و توانای خۆی  لە دروستکردنی دیزاینێکی باش، یاخود نوێکاری لە تەواوکردنی کاری پێشوتر بەکاردەهێنێت. (ابو هنطش، 1994، ل25).

دیزاین بریتییە لە (گۆڕینی شێوەی بابەتێکی نوسراوی بێ پرەنسیپ بۆ شێوەیەک کە ریکخستن  و جوانکاری نوسینەکە ئارەزووی خوێندنەوەی لەلای خوێنەر دروست بکات و بەجۆرێک کە بارێکی بە پرەنسیپ و ئەندازەیی بدات بەو وشەو بابەتە ڕۆژنامەگەرییەی کە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا بڵاو دەبێتەوە). (نەقشبەندی، 2014، ل26)

دیزاین وەکو چەمکێکی سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بنەمایەکی هونەری سەرەکی لە جیهانی ڕۆژنامەوانیدا پێک دەهێنێت، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی بواری زانستی گەیاندن و ئامرازەکانیدا و گشت هۆکارەکانی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و بیروڕاکان، کاریگەری کردە سەر شێوازەکانی دیزاینی ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵە شێوازی جۆراوجۆری لەخۆ گرتەوە، بۆیە کاریگەری دیزاین بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەسەرەوەی دیاربوو، هەروەها زۆربەی ئەو پێشکەوتنانەی بواری دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی لە ئەنجامی ئەو هەموو گۆڕانکارییە مەزنانەی بواری چاپەمەنیدا گرتۆتەوە دەرکەوتووە. (ئەحمەد، 2018، ل21)

دابەشکردنی یەکەکانی تایپۆگرافیا لەسەر پانتایی لاپەڕەکە، کە هەڵبژاردنی ئەم یەکانەو بەرزکردنەوەیان بە پێی پلانێکی دیاریکراو دەبێت، چونکە ئەرکی تایپۆگرافیا پەیوەیستە بە شێوازی مەتریالی لاپەڕەکە لە ڕووی پانتایی و ژمارەی ستوونەکانی و جۆری یەکە تایپۆگرافیا بەکارهێنردراوەکانی و ڕیکخستن و ئاشکرایی و هەمەهەنگیان بەیەکەوە لەلایەک و لە هەمەنگیان لەگەڵ بۆشاییە سپییەکەی لاپەڕەکە لەلایەکی تر. (ئەحمەد، 2018، ل23)

دیزاین وەک چەمکێکی سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بنەمایەکی هونەریی سەرەکی لە جیهانی ڕۆژنامەگەریدا پێکدەهێنێت، بۆیە کاریگەری دیزاین بەشێوەیەکی بەرچاو بەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەرییەوە دیاربوو، هەروەها زۆربەی پێشکەوتنەکانیش لەبواری دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە مەزنانە بوو کە لەبواری چاپەمەنیدا ڕوویاندا. (حەمەئەمین، 2011، ل55)

دیزاین بریتییە لە دەستکردن بەکارێک، بەتەواو کردنی لایەنی هونەری فەرامۆش نەکرابێت. ئەمە پێناسەیەکی گشتییە، بەڵام دیزاین لەڕاستیدا هەموو شتێک لەنێوان زەوی و ئاسماندا دەگرێتە خۆی، بۆ جلوبەرگ جۆری دوورینی، هەڵبژاردنی قوماش و ڕەنگی قوماش ... هتد، بۆ دروستکردنی کەرەستەی ماڵەوە، قەبارەو ڕەنگ و هەڵبژاردنی ڕەگەز و چۆنییەتی دروستکردنی ... هتد، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە. (نەقشبەندی، 2014، ل25)

پلانێکی ڕێک و پێکی پێشوەخت ئامادەکراوە بۆ هەموو لایەنەکانی شێوەی ڕۆژنامە چاپکراوەکە بە هێڵکاری سەرەتاییشەوە کە هەر لەسەرەتای دەرکردنی ڕۆژنامەکەوە کۆمەڵێک بڕیاری نەخشەسازی لەسەر دەدرێت کە خۆی لە فەلسەفەیەکی چەسپاوی دیاری نەخشەسازیدا دەبینێتەوە، ئەمەش وا لە ڕۆژنامەکە دەکات چێژێکی جیاوازی لە نێو ڕۆژنامەکانی تردا هەبێت. (حەمە، 2013، ل6).

ئەو هونەرەیە کە کۆمەڵێک پرۆسەی هونەری لەخۆ دەگرێت و لەدوای تەواو بوونی قۆناغی نووسین و هەڵە چنی بابەتەکان دەست پێدەکات و لە قالبێکی گونجاودا دایان دەنێت. (حەمە، 2013، ل7)

دابەشکردنی یەکەکانی تایپۆگرافیاییە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەو هەڵبژاردنی ئەو یەکانەو دەرخستنیان بە پێی پلانێکی دیاریکراو. (حەمە، 2013، ل7)

لەکۆی ئەو پێناسانەی خراونەتەڕوو پێناسەی ڕێکاری بۆ دیزاین بکرێت بەوەی کە (هونەرێکە کە دیزاینەر هێز و توانای خۆی تێدا بەکار دەهێنێت بۆ ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان و تێکەڵکردنی ڕەنگ و نوسراو و وێنەکان و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتر بۆ زیاتر ڕاکێشانی خوێنەر بۆ بابەتەکە).

**تەوەری دووەم: مێژووی هونەری دیزاین لە کوردستاندا**

**یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی دیزاین**

لەگەڵ داهێنانی چاپخانە لەساڵی (1448ز)دا، مرۆڤایەتی توانی دووبارە نوسین و نەخشەسازی لەسەر ئەندازەیەکی گەورە دروست بکاتەوە و تاڕادەیەکیش هەرزان بکەوێت، ئەم داهێنانە بۆ هەمیشە شارستانییەتی گۆڕی و ڕێگای بۆ بەکارهێنانی نەخشەسازی خۆشکرد لەبواری بازرگانیدا. (عومەر، 2020، ل25)

لەسەدەی هەژدەدا چەندین ڕۆژنامەی ڕێک و پێک لە ئەوروپا و ئەمریکا دەرچوون و خەڵکانێکی پیشەوەر پەیدابوون کە پیشەیان کاری ڕۆژنامەگەری بوو، بۆ یەکەمین جاریش لەساڵی 1702ز لە لەندەن ڕۆژنامەی (Courant Daily) دەرچوو کە بە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە دادەنرێت لەجیهاندا. (حەبیب کەرکووکی، و: رابەر ڕەشید، 2008 ل48-49)

لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا ئامێری چاپ گەشەی زیاتری پێدرا، بەشێوەیەک دوو بەرامبەر پێشووتری بەرهەمهێنانی خێراتربوو لەچاو ئامێری چاپی دەستی، دواتر گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا وەک سوتەمەنییەک بەردەوامی بە بەرەوپێشچوونی نەخشەسازیدا، ئەویش لەڕێگای داهێنانی چاپی ڕەنگاو ڕەنگ لە ساڵی 1837زدا، هەرچەندە لە سەرەتادا بۆ تابلۆی دیکۆری ناوماڵ بەکار دەهات، بەڵام دواتر دەرگایەکی نوێی بە ڕووی چاپی ڕەنگاوڕەنگی ڕێکلامیدا کردەوە و شێوازێکی ڕاستەقینەتری بە نەخشەسازی بەخشی. (محمد، 2023، ل24)

دواتر گرنگترین ڕووداو کە لە مێژووی نەخشەسازیدا ڕوویدا، ئەو دوو ڕۆژنامە ئەمریکییە بوون (وۆرد لەگەڵ جۆرناڵ) کە لە شاری نیۆرک دەردەچوون، گرنگییەکی زۆریان دەدا بە بواری نەخشەسازی، مانشێتی گەورە و ڕەنگاو ڕەنگ، هەروەها وێنە و کاری هونەرکاریی سەرنجڕاکێش لەگەڵ هەواڵ و بابەتەکانیاندا دەبینرا، دوای ئەوانیش

ڕۆژنامەی (دەیلی میل) لە ئینگلتەرا لەساڵی 1896دا دەرچوو بەهەمان شێوە گرنگیەکی زۆری بە نەخشەسازی دەدا. (سابیر، 2007، ل16)

نزیکی ساڵی 1900ی زایینی، شێوەی ڕوخساری ڕۆژنامەکان مۆدێرنتر بوون، مانشێتەکان گەورەتر و پانتر و بەرچاوتر بوون، نەخشەسازی لاپەڕەکان نەرمونیانتر بوون، هەواڵەکانی (تاوان، وەرزش، دەرەکی..هتد) جیاکرانەوە، دواتر لەدەیەی 1920دا ڕۆژنامەی تابلۆید دەرکەوت کە بە نەخشەسازییەکی نوێ و لێوان لێو لە وێنە و مانشێتی وروژێنەر بڵاودەکرایەوە. (بەدیعی، قەندی، و: محەمەد، 2010، ل409)

بۆ یەکەمین جار لەساڵی (1922)زدا ویلیام ئەدیسۆن دویگنز زاراوەی ( Graphic Designer)ی بەکارهێنا، پێناسەی کرد بەوەی نەخشەساز ئەو کەسەیە کە ڕەگەزە جیاوازەکانی پەڕەیەک (وشە، وێنە، ڕەنگ) کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی پەڕەیەکی سەرنج ڕاکێش بنەخشێنێت. (محمد، 2023، ل 24)

کاری نەخشەسازی لەدوای هاتنە ئارای کۆمپیوتەر لەساڵی (1969)ز گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینی، چونکە پێشتر کاری نەخشەسازی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەدەست دەکرا، بەڵام کۆمپیوتەر لەسەرەتای دەرکەوتنیدا کارئاسانی بۆ نەخشەسازەکان کرد، بە گەورە کردن و بچوککردنی نوسین و کوژانەوەی هەڵەکان، ئەگەرنا ڕێکخستن و گونجاندن و بیناکردنی لاپەڕە هەر بەدەست دەکرا، تا ئەو کاتەی چەند پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری دروستکران و کۆمپیوتەر گەشەی زیاتری کرد. (صابر، 2007، ل254)

شۆڕشە گەورەکەی بواری نەخشەسازی بەتایبەت لەو کاتەدا هاتە ئاراوە کە کۆمپانیای ئەپڵ یەکەمین کۆمپیوتەری ماکنتۆشی لەساڵی (1980) بەرهەم هێنا، کە تایبەتمەندی هەرزانی و ئاسانی بەکارهێنانی بووە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زیاتر لەناو ماڵەکانی خۆیان بەکاری بهێنن و بەرهەمی سادەی پێ بەرهەم بهێنن. (محمد، 2023، ل24)

هەر لەساڵی (1980) کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەهاوبەشی کۆمپانیای (IBM- International Business Machines Corporation) ویندۆزیان بۆ کۆمپیوتەر دانا،

هەروەها لەساڵی 1990 کۆمپانیای مایکرۆسۆفت چەندین ویندۆزی خستە بازارەوە و بووە پێشەنگ لەم بوارەدا، هەروەها لە ماوەیەکی کورتدا چەند پرۆگرامێکی بۆ چاپ و نەخشەسازی بەرهەمهێنا، کە بریتی بوون لە پرۆگرامەکانی (مایکرۆسۆفت ئۆفیس ۆرد و مایکرۆسۆفت ئۆفیس پەپلیشەر)، ئەم پرۆگرامانە کاری نەخشەسازییان لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە زیاتر بەرەوپێش برد. (صابر،2007، ل255)

دوای بەرهەمهێنانی پرۆگرامی فۆتۆشۆب لەساڵی (1990)دا، هەروەها بڵاوکردنەوەی یەکەم پێگەی ئەلیکترۆنی لەساڵی (1991)دا، بواری نەخشەسازی گەشەکردنێکی گەورە و خێراتری لەجیهاندا بەخۆیەوە بینی، کە لەئێستادا بۆتە پیشەیەکی جیهانی و بە دەگمەن بوارێک هەیە پێویستی بە نەخشەسازی نەبێت. (عومەر،2020، ل28)

نەخشەسازی لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا ئامادەباشتر و جوانتر دێتە بەرچاو لەچاو ڕابردوودا، بەشێک لەوەش پەیوەندیدارە بە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ڕۆژنامەکانی ئێستا لەجیهاندا، بە یەکێک لە هەردوو ڕووبەری گەورە (Broad Sheet)، یان بچوک (Tabloid) بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ڕۆژنامەکان هەر ڕووبەرێکیان هەبێت پرەنسیبە سەرەتایی و سەرەکییەکانی نەخشەسازی لە هەموو ڕووبەرەکاندا وەک یەکە و یەکسانە. (بەدیعی، قەندی،2010، ل409)

گۆڕانکاری لە نیگار بۆ سیمبول لە سیمبول بۆ پیت دیار نییە لە چ سەردەمێکدا بووبێت، بەڵام ئەوەی تا ئەمڕۆ لای زانایان ئاشکرایە، یەکەمجار نوسین لەلایەن سۆمەرییەکانەوە بەکارهاتووە و ئەویش (5500) ساڵ لەمەوبەر بووە. (سەپان، 2008، ل159)

پێشکەوتنەکانی بواری نووسین هەنگاو لەدوای هەنگاو هاتوون، سەرەتا لە قامیشەوە دەستیپێکرد و لەهەندێ شوێنی دیکەی جیهاندا بۆ نووسین پشت بە (پەڕەمووچ) بەستراوە. بە تێپەڕبوونی کات بەهۆی دروستکردنی جۆری مەرەکەب و کاربۆن، گۆڕانکاری گەورە بەسەر پێنووسەکاندا هاتوون. (حەمەئەمین، 2018، ل31)

کاری دیزاینکردن له ڕۆژنامەدا هەر چۆنێک بووبێت لەسەرەتای دەرکردن و دەرچواندنی ڕۆژنامەوە هەبووە، بەڵام ئەوەی بتوانین ناوی لێنێین کاری هونەری دیزاینکرنی ڕۆژنامەوانی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ڕۆژنامەنووسی ئەهلی پڕ بەها پەیدابوو، وەک (نیۆرک سەن) کە لە ساڵی 1830ز دەرچووە. (حەمەئەمین، 2018، ل31)

**دووەم/ دەرهێنانی ڕۆژنامەی کوردی**

سەرەتای سەدەی بیستەم هونەری دیزاین و دەرهێنان وەک یەکەم دەرکەوتە بوونی خۆی سەلماند، کە ئەویش تایبەت بوو بە دیزاینی کتێب، چونکە تا (22-4 - 1898) هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێک بە زمانی کوردی دەرنەچووبوو. لێرەدا مێژووی دیزاینی کلاسیک لە مێژووی دەرکردنی کتێبەوە سەریهەڵدا، بەڵام هیچ کتێبێک لەبەردەستدا نەبوو تا دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)، لەبەرئەوە باسکردن لە ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆژنامەکانی پاش ئەو لەڕووی هونەری دەرهێنان و دیزانەوە بە گرنگ تەماشادەکرێن، لێرەوە تیشکدەخەینە سەر ڕۆژنامەی کوردستان: (حمەئەمین، 2018، ل34)

**ڕۆژنامەی کوردستان**

**1- سیستەمی بنەڕەتی دەرهێنانی ڕۆژنامەکە:** (فوئاد، 2006، ل3)

ا- قەوارەی ڕۆژنامەکە بریتی بووە لە (5،25 پانی× 32،5 درێژی)

ب- ستوونبەندی: لاپەڕەکان دابەشی دوو ستوون بۆ سێ ستوون کراوە.

ت- دابەشکردنی بابەتەکان: زیاتر وتار و ئەدەب بووە.

**2- پێکهاتە نەخشەسازییەکانی لاپەڕەی یەکەم:**

ناوی ڕۆژنامەکە کەوتوەتە ناوەڕاستەوە و هەردوو گوێچکەش سوودی لێوەرگیراوە، لە ژمارە (25) ەوە بە ئینگلیزی ناوی (کوردستان) و لە گوێچکەی لای چەپیش ناونیشانی ڕۆژنامەکە بە ئینگلیزی نوسراوە، ئەم نەخشەسازییە کاتێک بووە کە لە فۆلەکستۆن و لەندەن دەرچووە.

**3- تایپۆگرافیای ڕۆژنامەکە:** (حەمە، 2008، ل28)

ا- فۆنت: فۆنتی بابەتەکان ڕوون و دەخوێنرێنەوە و یەک جۆر فۆنت بەکارهاتووە.

ب- ناونیشان: ناونیشانەکان هەمان فۆنتی ناواخنی بابەتەکانن، بەڵام هەندێک جار بە قەوارەی گەورەتر نوسراون، هەندێک جاری تریش بۆ زیاتر دەرخستنی ناونیشان کەوانە بە دەوریا کراوە.

پ- ڕاستەهێڵ: ڕاستەهێڵ بە باریکی نێوان ستوونەکانی جیاکردووەتەوە و نەیهێشتووە بابەتەکان تێکەڵ ببن.

ت- بۆشایی: بۆشایی نێوان وشەو دێڕەکان گونجاوە، بەڵام هەندێک جار کاتێک قەوارەی پیتەکان بچوکن بۆشایی نێوان دێڕەکانیش کەمبوونەتەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێک قەوارەی پیتەکان ئاسایین بۆشایەکان زیاترن.

**تەوەری سێیەم: گرنگی و ئەرک و ئامانج و بنەمای دیزاین**

**یەکەم: گرنگی دیزاین**

لە ڕاگەیاندندا دوو خاڵ گرنگە، یەکەم دەزگای ڕاگەیاندنەکە باشترین بابەت ئامادە بکات، دووەم ئەو بابەتە گرنگ و تازانە بە شێوەیەکی شیاو و جوان بخاتەڕوو، لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێت ئایا کام لەم دوانە گرنگترن؟ ئایا بەهای هەردووکیان یەکسانە؟ بڵاوکراوەی زۆر هەیە کە پڕە لەهەواڵی نوێ و بابەتی شیاو، بەڵام خوێنەر بە ماندوێتی و سەر لێشێواوییەوە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، هەر بۆیە ڕازی سەرکەوتنی ڕاگەیاندن ڕازاندنەوە و نەخشەسازیەکی سەرکەوتووە. (بەدیعی، قەندی، 2010، ل 406).

**دەکرێت گرنگی دیزاین بەشێوەیەکی گشتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:** (عومەر،2020 ، ل30-32)

1- **سەرنج ڕاکێشان:** کاتێک دەچیتە فرۆشگایەکی پەڕاوگە ئایا یەکەم جار چی شتێک سەرنجت رادەکێشێت؟ یان کە تەماشای پێگەیەکی ئەلکترۆنی دەکەیت، بێ گومان دیزاین.

2- **تێڕوانینی یەکەم:** هەموو کات ئەو دەرفەتە هەڵناکەوێت بۆ دروستکردنی کاریگەری، بۆ نموونە تۆ پێگەیەکی ئەلکترۆنی بۆ کاڵایەک دروست دەکەیت، جیا لە دانانی کاڵاکە گرنگی بەچی شتێک دەدەیت لە پێگەکە؟ لەکاتێکدا بینەر تەنیا چەند چرکەیەک تەرخان بکات بۆ تەماشاکردن؟ بێ گومان گرنگی بە نەخشەسازی و شێوازی دەرکەوتنی پێگە ئەلیکترۆنییەکە دەدەیت.

3- **گەیاندنی پەیام:** دیزاین دەتوانێت پەیام بەشێوازێکی کاریگەر بگەیەنێت بەبینەر و پەیوەندی لەنێوان بەرهەم و بینەری بەئامانجگیراو دروست بکات، کەئەمەش ئامانجی سەرەکی دیزایینە، نەخشەساز دەتوانێت لەڕێگای دیزاینێکی نایابەوە ئەو پەیامە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بگەیەنێت بە بینەر.

4- **دروستکردنی جیاوازی:** نەخشەسازییەکی باش هۆکارە بۆ مانەوە لە ناو کۆمەڵێک رکابەر، هەریەک لە (ڕەنگ، تایپۆگرافی، شێوە،...هتد)، ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ نەخشەسازییەکی کاریگەر و دروستکردنی جیاوازی، نەخشەسازی خاڵە جیاوازەکان زەق دەکاتەوە لە چاوی بینەر و شێوازێکی بینراوی جوانتر و کاریگەرتر بە چاوی بینەر دەبەخشێت.

**دووەم: ئەرکی دیزاین**

ئەو بابەتانەی کە بڵاو دەکرێتەوە تەنها مەرەکەبە لەسەر کاغەز ئەگەر نەخوێندرێنەوە، بۆ تێگەیشتن لەسەر زاراوەی دەرهێنانی ڕۆژنامە، یان ئەرکی دەرهێنەری ڕۆژنامەنووس وەکو ئەندازیارێک وایە، کە دەبێت بزانێت چی پێویستە بۆ بینا و پاشان پلانی بینا دادەنێت بۆ درووستکردنی بۆ دانیشتوان، هەرچەندە ئەندازیارەکە زیرەک بێت ئەوا نەخشەکەی سەرکەوتوو و جوان دەبێت و پاشان شتە پێویستییەکانیان لەبیناکە بۆ دابین دەکات.

**ئەرکی دیزاینەران:** (أبو عرجة، عبدالله، 2013، ص 21-22)

1- پێشکەشکردنی کەسایەتی گشتی، یان شێوەیەکی گشتی بۆ بابەتە چاپکراوەکە و دانانی لە هزری خوێنەر هەرکاتێک خوێنەر چاوی پێکەوت بیخوێنێتەوە.

2- دەرخستنی چیرۆکە هەواڵییەکان کە پەیامنێرەکان دەیخەنەڕوو، کەوا ئەوانە بابەتی گونجاون، وە ئەو چیرۆکانە تەنیا لەو ڕۆژنامە هەبێت نەک لە پەیجەکانی ترەوە وەرگیرابێت.

3- زیادکردنی خوێندنەوە بۆ بابەتە ڕۆژنامەییەکە وا لەخوێنەر بکات کە لە دێڕی سەرەتا تاکو دێڕی کۆتایی بخوێنێتەوە، هەروەها بڕوا پێهێنانی خوێنەر کە ئەو بابەتە تایبەت کراوە بۆ خوێنەر.

4- ئاسانکردنی بابەتی خوێنەر بە بەکارهێنانی وێنەو ناونیشان و ...هتد. کە یەکێکن لە توخمی تایپۆگرافیا کە یارمەتی دەدات خوێنەر ڕابکێشێت، ئاسانکردنی خوێندن و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، یەکێک لەوانە بەکارهێنانی چوارچێوە و هێماکان بۆ

بابەتی ڕۆژنامەوانی، بایەخدان بە ناونیشانی بابەتەکە بۆ ئەوەی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە وە بەکارهێنانی ناوی کتێب و ناونیشانی لاوەکی لابردنی هەموو ئاستەنگێک لەنێوان بابەت و خوێنەر.

5- زیادکردنی وێنەیەکی جوان و بەشداریکردن لە چەسپاندنی ئابووری ڕۆژنامەکە، لە ڕێی ڕێکلامکردن، فرۆشتنی زۆر لە ڕۆژنامەکە، ئەمەش وادەکات کە بابەتی جۆراو جۆر بڵاو بکرێتەوە.

**سێیەم: ئامانجی دیزاین**

گرینگترین و سەرەکیترین کاری دیزاینەران لەدیزاینکردنی ڕۆژنامەدا بریتی دەبێت لەو ئامانجەی کە دیزانەر و سیاسەتی ڕۆژنامەکە ئامانجیانە بگات بە خوێنەران بۆیە دیزاینەر لەکاتی دیزاینکردنی هەر ڕووپەڕی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەدا دەبێت بەشێوازێکی جوان و بەئامانج گیراو دیزانەکە ئەنجام بدات لێرەوە چەند ئامانجێک دەخەینەڕوو:

1- سەرنج ڕاکێشان و کاریگەری: نەخشەسازی ئامانجێتی سەرنجی خوێنەر، یان بینەر ڕاکێشێت و کاریگەریشی لەسەر دروست بکات بۆ کڕینی بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکە. (محمد، 2023، ل30)

2- یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی نەخشەسازی جوانکارییە، بە مەبەستی وەرسنەبوونی خوێنەر. (محمد، 2023، ل30)

3- ئاسانکاری بۆ خوێندنەوە، لە ڕێگەی یاریکردن بە ڕەنگەکان و کاڵ و تۆخ کردنیان. (سابیر، 2007، ل257.)

4- ئاگادارکردنەوە: نەخشەسازی خوێنەر لە بابەتە گرنگەکان ئاگادار دەکاتەوە بەوەی لەناو شێوە گشتیەکەدا زیاتر گرنگی پێ دراوە. (حياوي، بدون سنه، ص3)

5- گونجاندنی بابەتەکان لەگەڵ سیاسەتی بڵاوکراوەکەدا.

6- دانانی بابەتەکە بەجۆرێک لەگەڵ ئەو بۆشایی و ڕووبەرەی کە لە بڵاوکراوەکەدا دانراوە بگونجێت.

7- پێدانی ناسنامەی تایبەت بە بڵاوکراوەکە و جیاکردنەوەی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی تر.

**چوارەم: بنەماکانی دیزاین:**

هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی لەسەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراوە ئەوانیش بریتین لە: - (امام، 1972، ص257)

**یەکەم: بنەمای هونەریی دیزاین:**

لە ئێستادا ئاڕاستەی نوێ لە دەرهێنانی ڕۆژنامەکان پێی وایە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان پانتاییەکی سپییەو ستونەکانی دیاری نەکراوە، پێویستە لەسەر دەرهێنەر بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی بە پڕۆسەی سازاندا تێپەڕیوە لەنێو ئەو پانتاییە سپییەدا ڕێک بخات، بەهەمان ڕێگەی هونەرمەندێک کاتێ وێنەیەکی هونەری جوان دەکێشێت، بەو شێوەیە پڕۆسەی دیزایین کردنەکە هاوشێوەی پڕۆسەی دیزاینی هونەرییە. (کامل، 1974، ص155)

دەبێت دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی زادەی هەمان قوتابخانەی هونەری بێت کە هونەری جێبەجێکراو وەک (وێنەی کێشراو و هەڵکۆڵین ... هتد) لێوەی دەرچووە. (خلیل،2007-2008، ص10)

ناونانیان بە ڕەگەزە نامادییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرجەستەیی نین، بەڵکو ئێمە لەکاتی خوێندنەوەدا هەستی پێدەکەین، لە هەمانکاتیشدا تەواوکەری ڕەگەزە ماددییەکانی وێنەو ڕەنگ و ناونیشان و بۆشاییە. ئەم ڕەگەزە نامادییانە بنەمای هونەری دەرهێنانی هەر ڕۆژنامەیەکە و دەتوانین بیچوێنین بە ڕۆح لە جەستەدا. (حەمەئەمین، 2018، 69)

**أ: یەکێتی**

یەکێتی هۆکارێکی سەرەکی نەخشەسازییە، بەجۆرێک هەر ڕەگەزێک وا دەردەکەوێت کە لەگەڵ ئەوانی دەوروبەریدا پەیوەندییەکی دانەبڕاوییان هەیە. ئەم یەکێتییە دەتوانین بلێین چەند شتێک دەگرێتەوە وەک (یەکێتی شێوازی هونەری، یەکێتی شێوە، یەکێتی ئامانج).

دەبێت نەخشەساز هەر لەسەرەتاوە ئەو یەکێتیانەی لا ڕوون بێت، واتا ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەتی گشتی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکەو

سروشتی خوێنەرانی، یەکێتی ئامانجیش لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە فەلسەفەیەکی جێگیری هەبێت کە لە سیاسەتی گشتی ڕۆژنامەکەوە هەڵقوڵابێت. هەر لەمەشەوە یەکێتی شێوازی هونەری ڕۆژنامەکە بەرجەستە دەبێت.

کەواتە یەکێتی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا بریتییە لە بونیاتی پەیکەری گشتی چەسپاوی لاپەڕەکەو لەمەشەوە کەسایەتی ڕۆژنامەکە بۆخوێنەر لەم چەند خاڵەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت: (حەمە، 2013، ل22-23)

1. Name Plate ئەمەش (ناوی ڕۆژنامەکەو دروشم و ژمارەو ڕێکەوت) دەگرێتەوە و دەبێت لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر لە ڕووی شوێن و قەوارەو ڕەنگەوە جێگیربێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت.
2. یەکێتی دابەشکردن: دابەشکردنی بابەتەکان بەسەر لاپەڕەکاندا دەگرێتەوە کە لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆیەکێکی تر جیاوازی هەیە.
3. یەکێتی ژمارەی لاپەڕەکان: ئەمەش بەوە دێتە دی کە ژمارەی لاپەڕەکان (ڕەنگیان، قەوارەیان، شوێنیان) لەهەموو لاپەڕەکاندا وەک یەک بن.

بەکورتی دەتوانین بڵێین یەکێتی لە دیزاینە چاپکراوەکاندا بەسێ ئاست دێتەدی.

ئاستی یەکەم: لەسەر ئاستی هەموو هەواڵ و بابەتەکانی لاپەڕەکە.

ئاستی دووەم: لەسەر ئاستی سەرجەم لاپەڕە چاپکراوەکانی هەمان ڕۆژنامە.

ئاستی سێیەم: لەسەر ئاستی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامە.

**ب: جووڵە**

جووڵە بەهێزترین خاڵی سەرنج ڕاکێشانە، مەبەست لە جووڵە، جووڵەی چاوی خوێنەرە لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکاندا. خوێنەر بە پێی سەرنج ڕاکێشانی بۆ بابەتەکان بە ئاڕاستە جیاوازەکاندا لەسەر ڕووی لاپەڕە چاوی دەجووڵێنێت، جووڵە وا لەخوێنەر دەکات تەماشای ئاڕاستەی بیستراو بکات، کە بریتییە لە سێ ئاڕاستە (ڕاست بۆچەپ، سەرەوە بۆ خوارەوە، لە پێشەوە بۆ قوڵایی).

ئەوشتانەی کە پێویستە لەم بوارەدا نەخشەساز ڕەچاوی بکات لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە:

1. پەیوەندی وێنە بەدەقەوە: کاتێک ناونیشانێک وێنەیەک دەبرێت ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات سەیری ناونیشانەکە بکات ئینجا وێنەکەو دواتر دەچێت بۆ وێنەیەک دواتر دەچێت بۆ وێنەیەک، یان ناونیشانێکی تر.
2. پەیوەندی دەق بەدەقەوە: لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت وێنەکە لای ڕاست، یان چەپی لاپەڕە دابنریت. لەهەر لایەک دابنرێت دەبێت ئاڕاستەی وێنەکە بەلای دەقەکەدا بێت.

ڕێکخستنی ڕەگەزە سەرنج ڕاکیشەکانی سەرلاپەڕە بەجۆرێک ئەو سەرنج ڕاکێشانە هەموو جۆرە جووڵەکە بۆچاوی خوێنەر فەراهەم بکەن. (حەمە، 2013، ل24)

**ج: هاوسەنگی**

بنەمای جووڵەو هاوسەنگی دوانەیەکی لێک دانەبڕاون، چونکە نموونەی جووڵە بەشێکە لە سیستەمی هاوسەنگی و هاوسەنگیش لای خۆیەوە کار لە بەهای جووڵە دەکات لەسەر لاپەڕە.

هاوسەنگی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەدا بە پێی قورساییان لەسەر لاپەڕەکە لە ڕێی دابەشکردنی بابەتەکانەوە (ناونیشان، وێنە، بابەت) دەبێت. (حەمە، 2013، ل24)

**د: گونجان**

مەبەست لە گونجان واتە گونجانی ڕەگەزە تایپۆگرافییەکان لەگەڵ یەکتریدا لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە، هەر بۆیە نەخشەساز بنەمای گونجان هەمیشە لەبەرچاو دەگرێت بە پێی گرنگیان. نەخشەساز دەتوانێت گونجان دروست بکات لەنێوان درێژی و پانی وێنەو درێژی و پانی وتار، هەروەها درێژی ناونیشان و بەرزییەکەی، هەروەها دەتوانێت گونجانێک لەنێوان فۆنتی ناوەڕۆک و پانایی دێڕ و هەڵبژاردنی ڕەنگی گونجاو دروست بکات.

دەبێت ئەوەش بزانین کە لە ڕێگەی تریشەوە دەتوانین گونجان دروست بکەین وەک :

1- گونجانی شێوە: واتە دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیاو خستنەڕووی بابەتەکە لە قالبێکی گونجاودا، چونکە گرنگی دان بە شێوە سەرنجی خوێنەر بۆلای بابەتەکە ڕادەکێشێت.

2- گونجانی ناوەڕۆک: واتە هەواڵەکانی لاپەڕەیەک لەگەڵ یەکدا گونجاوبێت، ناکرێت لە لاپەڕەی هەواڵی سیاسیدا شیعر و پەخشان، یان بابەتی تر بڵاو بکرێتەوە، یان ناکرێت لەتەنیشت بروسکەیەکی پیرۆزباییەوە هەواڵی مردنێک بڵاوبکرێتەوە.

گونجانی شێوەو ناوەڕۆک: واتە بەرجەستەکردنی جۆرە گونجانێک لەنێوان شێوە و ناوەڕۆکی بابەتێکدا، بۆنموونە: هەواڵی کارەساتێکی وەک کیمیابارانی هەڵەبجە، یان ئەنفال پێویستی بە زەغرەفەکاری نییە، بەڵکو دەبێت بەجۆرێک بێت لە شێوەی پیتی ناونیشان و وێنەو ڕەنگ و کرۆکی بابەت لەگەڵ یەکدا تەواو گونجاوبن. (حەمە، 2013، ل25)

**هـ: ڕیتم**

مەبەست لە بەدیهێنانی ڕیتم لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکدا دوورخستنەوەی خوێنەرە لە بێزاری و خولقاندنی کەشێکی ئارامە لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەدا. بەمەش زیندوێتی و سەرنج ڕاکێشییەک بە لاپەڕەکە دەبەخشێت، ئەمەش لە ڕێی مامەڵەکردنێکی دروستی ڕەگەزە تایپۆگرافییەکانی سەرلاپەڕەکە دەبێت. (حەمە، 2013، ل 26)

**و: سەروەری**

سەروەری لە بنەما گرنگییەکانی نەخشەسازییە، زۆرجار لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ناونیشانێک گەورەکراوە و بەسەر بابەتەکانی تردا زاڵەو هەست بەوە دەکرێت کە ئەم بابەتە لەچاو بابەتەکانی تردا سەروەرییەکی هەیە، هەندێک جاری تریش زیاد لەڕەگەزێکی سەروەر لەسەر لاپەڕەکە دەبینرێت، یان لەناو وێنەیەکدا کە بریتییە لە چەند ڕەگەزێک، یان ڕەگەزێکیان سەروەری هەیە.

سەروەری لەم ڕێگایانەوە بەرجەستە دەبێت:

1- ئاڕاستەکردنی چاوی خوێنەر بەرەو وێنە، یان ناونیشانێکی گەورە.

2- بەکارهێنانی ڕەنگ.

3- تەرکیزخستنە سەر بەشێک لەناو وێنەیەک، یان ناونیشان.

4- سەروەری لە ڕێی جیاوازی ئەو هێڵانەی دەوری بابەتەکەیان داوە.

5- سەروەری لە ڕێی نزیکییەوە. (حەمە، 2013، 26)

**دووەم: بنەمای ڕۆژنامەوانی**

ڕۆژنامە بریتییە لە شێوەو ناوەڕۆک، یاخود بە گوزارشتێکی دیکە ڕۆژنامە بریتییە لە سیما و پێکهاتەیەک بۆ ئەوەی بنیادی ڕۆژنامەکە تەواو بێت و نامەکەی خۆی بە تەواوەتی بگەیەنێت بە خوێنەر، پێویستە بایەخ بە دوو گۆشەی بنەڕەتی بدرێت، بابەتی ڕۆژنامەوانی باش دەکرێت خەلک گرنکی پێ نەدات، ئەویش بەهۆی سیمای ناشرین و تاقەت پڕوکێنەوە، ئەو ڕۆژنامەیەی ڕووکارێکی جوان وسەرنج ڕاکێشی هەیە، ئەویش خوێنەر توشی شۆک دەکات. کاتێک ناوەڕۆکی بابەتەکان دەخوێنێتەوە ناوەڕۆکێکی بێ بایەخ و بێ مانایە، وا دەکات خوێنەر لەو ڕۆژنامەیە دوور بکەوێتەوە و نەیخوێنێتەوە. (فرج، 1976، ص33)

**سێیەم: بنەما دەروونییەکان**

شتێکی سروشتیە بواری ڕۆژنامەوانی زانستی دەڕووناسی کاریگەری لەسەر دروست بکات و سوود لە توێژینەوەکانی و ئەنجامەکانی ببینێت، هەروەک چۆن هەموو زانستەکان و لایەنە هونەرییەکانی دیکە سوودیان لێ بینیوە، ڕۆژنامەوانی نوێ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیان لەسەر بنەمای دەروونناسی و توێژینەوە ئەزموون گەرییە گرنگەکان دەسازێنن. (امام، 1972، ص260)

**گرنگترین ئەو فاکتەرە دەروونییانە بریتین لە :**

1- تەمەنی خوێنەرو ڕەگەزەکەی: هەردوو توێژەر click & stemp" توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا لەسەرکاریگەری تەمەن و ڕەگەزی خوێنەر لە پڕۆسەی دیزایینکردنی

ڕۆژنامەکاندا و بەو ئەنجامە گەیشتن کە تەمەن و ڕەگەزی خوێنەر کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دیزایین هەیە، پێویستە ئەو ڕۆژنامەیەی بۆ چینی گەنجان دەردەکرێت لە پرۆسەی دیزایین کردنەکەدا ئاڕاستەی نویٛ بەکاربهێنرێت، ئەو ڕۆژنامەیەی بۆ چینی بەتەمەنەکان دەردەکرێت لە پرۆسەی دیزاین کردنەکەدا ئاڕاستەی ستوونی بەکار بهێنرێت، هەروەها ئەو ژنانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە بوون ئەو ڕۆژنامانەیان پیٛ باشە کە لە پرۆسەی دیزاین کردنەکەدا ئاڕاستەی نەریتی بەکارهاتووە. (نجادات، 2002، ص89)

بەڵام بۆ بابەتی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە منداڵان لە پرۆسەی دیزایین کردندا پشت بە بەکارهێنانی ڕەنگی زۆر و وێنە دەبەسترێت، کاتێک دیزاینەر ناونیشانێک هەڵدەبژێرێت دەبێت لەکاتی هەڵبژاردنی قەبارە و جۆرو ڕەنگی ناونیشانەکە لایەنی دەروونی خوێنەر بەهەند وەربگرێت. (حمەامین، 2020، ص82)

2- نەریتی خۆیندنەوە: خوێنەرەکان نەریتی خوێنەوەیان بۆ ڕۆژنامەکان جیاوازە، گروپی یەکەم بەخێرایی چاو بە تایتڵە گشتیەکاندا دەخشێنێت ئەو هەواڵەی گرنگە بەلای ئەوەوە هەڵدەبژێرێت و دەیخوێنێتەوە، گروپی دووەم تایتڵەکان و پێشەکی هەواڵەکان دەخۆێنێتەوە، گروپی سێیەم سەرەتایی خوێندنەوەی بە ستوونی یەکەمی لاپەڕەی یەکەم بە سەروتار دەست بە خوێندنەوە دەکات، گروپی چوارەم تەنیا سەیری وێنە فۆتۆگرافییەکان و وێنە دەستییەکان دەکات. (امام، 1972، ص248)

3- سەلیقەو عەقڵیەتی خوێنەر: سەلیقەو عەقڵیەتی خوێنەر بەپێی تەمەن و ڕەگەزو چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازن. (همام، 1984، ص15) چەند فاکتەرێک کۆنترۆڵی عەقڵی خوێنەر دەکات گرنگترینیان فاکتەری بۆماوەیی و ژینگەو پەروەردەیە، عەقلیەتی چینی ڕۆشنبیران گرنگی بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانە دەدەن، کە ئاست بەرزە لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە، بەڵام ئەو چینەی کە تەنیا خوێندەواریان هەیە

ئاستی ڕۆشنبیرییان زۆر بەرز نییە گرنگی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە میللیەکان دەدەن . (امام، 1972، ص261)

4- ئاڕاستەی ڕا: پێویستە زۆر بە وردی تۆێژینەوە لەسەر ئاڕاستەی ڕا بۆ هەموو خوێنەرانی ڕۆژنامەکان بکرێت، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی بە پێی ئاڕاستەی ڕای خوێنەرەکانی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سازاندن و هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەوانیدا دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە پێوانەکردنی ئاڕاستەی ڕاکانی خوێنەر ماوە بە ماوە دووبارە بکرێتەوە لەسەر بنەمای ئەو پێوانەیە پلانی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی بنیاد بنرێت . (امام، 1972، ص260)

5- کاریگەرییە دەروونییەکان: کاریگەری دەروونی بۆ ڕەنگەکان جیاوازە لە کاریگەری ڕەنگەکان بۆسەر تاکەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر.. پێویستە دیزاینەر خودی خۆی کاریگەری ئەو ڕەنگانە لەسەر لایەنی دەروونی خوێنەر تاقی بکاتەوە و ئاستی وەڵامدانەوەیان بۆ ڕەنگە بەکارهاتووەکانی ناو لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بزانێت، هەتا ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی بەها بەرزو هاوسەنگ بێت لەنێو خوێنەرانیدا ڕەنگ کەمتر لە پرۆسەی دیزاینکردنەکەدا بەکار دەهێنرێت، پێویستە ئەو ڕەنگانەی لە لایەن دیزاینەرەوە بەکار دەهێنرێت لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکەدا دژ نەبێت. (موسی، 1996، ص16).

**چوارەم : بنەمای فسیۆلۆژی**

بنەما فسیۆلۆژییەکان گرنگی بە تۆێژینەوە لەسەر (چاو)ی خوێنەرو ئەو ئامرازانەی خوێنەر بەکاریان دەهێنێت لەکاتی خوێندنەوەدا دەدەن، پێویستە دیزاینەر گرنگی بدات بە بنەمای تویکاری بۆ ئەو ئامرازانەی خوێنەر بەکاریان دەهێنێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی ئەو ئامرازانە بزانێت بۆئەوەی بتوانێت لە پرۆسەی خۆێندنەوەی ڕۆژنامەکەدا ڕوونی و هێمنی بۆ خوێنەرەکان بەدەست بهێنێت، بەهای ڕۆژنامەکە پەیوەستە بە بچووکی، یان گەورەیی قەبارەی پیتەکان و شێوازی خوێندنەوەو سەیرکردن و تاریکی، یاخود پانتایی

سپی لەنێو لاپەڕەکاندا کاریگەری لەسەر دروست دەکەن و پێویستە دیزاینەر بە وردی لێکۆڵینەوەیان لێ بکات. (حەمەئەمین، 2020، ص83)

بەپێی توێژینەوەکان چاوی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بە هێلێکی ڕاست بابەتەکان ناخوێنێتەوە، بەڵکو چاوی دەجولێنێت بە شێوەی بازدان لە برگەیەکەوە دەچێت بۆ برگەیەکی دیکە، لەسەر هەر برگەیەک کاتێ چاو دەوەستێنێت ئەوا بیری لێدەکاتەوە و دەرک بە زانیارییەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکات، هەتا کاتی وەستانی چاو لەسەر برگەیەک زۆر بێت ئەوە ئەو بابەتە قورسی دروست کردووە بۆ زەینی خوێنەر ناتوانێ بە ئاسانی لێی تێبگات، لەو حاڵەتەدا پێویستە دیزاینەر بە پرۆسەی دیزاینەکەدا بچێتەوە و گۆڕانکاری لە دیزاینی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا بکات بۆ ئەوەی خوێنەر بە کاتێکی کەم و بە ئاسانی لێی تێبگات و قورسی لە تێگەیشتندا بۆ دروست نەکات.

یەکەم بڕیار کە دیزاینەر دەیدات سەبارەت بە پرۆسەی دیزایین کردنەکە هەڵبژاردنی جۆر و ژمارەو قەبارەی پیتەکانی ناو ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانە، پێویستە بەشێوەیەک بێت خوێنەر توانای خوێندنەوەی هەبێت و بێزاری بۆ دروست نەکات. (الغنام، 1977، ص221)

هەروەها فاکتەرێکی دیکە هەیە وا دەکات خوێندنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاسان بێت لای خوێنەر، ئەویش بوونی بۆشایی سپییە لە نێوان وشەکان و دێڕەکاندا، نابێت دیزاینەر زیادەڕۆیی بکات لە دانانی بۆشایی سپیدا، چونکە زیادەڕۆیی کردن هەروەک دروستکردنی قەرەباڵغی وایە لە نێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا، چاوی خوێنەر ماندوو دەکات و توشی بێزاری دەکات، پێویستە بۆشایی سپی لەنێوان ستوونەکاندا هەبێت، چونکە بەو شێوەیە چاوی خوێنەر هیلاک ناکات، پێویستە پانتایی بۆدی خشتەکان لە نێوان دوو ستووندا لە شەش ابناط کەمتر نەبێت . (إمام، 1972، ص251)

توێژینەوەکان سەلماندوویانە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا وەڵامدانەوەیان بۆ ڕەنگەکان هەیە و کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات بەشێوەیەکی زۆر ئەرێنی، خوێنەر

پێی وایە بەکارهێنانی ڕەنگ لەنێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا زیاتر سیفەتی ڕاستەقینەی (الواقعیە) دەبەخشێت بە ڕۆژنامەکە، بەهەمان شێوە بۆ حالەتی بەکارهێنانی وێنەکانیش هەمان بۆچوون هەیە، پێویستە دیزاینەر کاتێک ڕەنگەکان بەکار دەهێنێت بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکاندا بکات، بەشێوەیەک بێت خۆشی و ئارامی  بدات بە دەروونی خوێنەرەکانی، لەهەمان کاتدا لەڕێگەی پرۆسەی دیزایین کردنەوە پێویستە دیزاینەر کەسایەتی ڕۆژنامەکە لەنێو خوێنەرەکانیدا ئاستی بەرزکاتەوە، خوێنەرەکان بەشێوەیەکی ئەرێنییە بڕواننە کەسایەتی ڕۆژنامەکەو پێی سەرسام بن. (النجار،2003، ص265)

**تەوەری چوارەم: قوتابخانەکانی دیزاین و قۆناغەکانی سەرهەڵدانییان**

دیزاینی ڕۆژنامە بەگرنگترین و سەرەکیترین بنەماکان و پێشکەوتنەکانی ڕۆژنامەگەری هەژمار دەکرێت، بەرامبەر ڕاکێشانی خوێنەر و پرفرۆشکردنی ڕۆژنامەکە لەناوەندەکانی خوێندنەوە و بازاڕسازی و بەبازاڕکردنی خودی ڕۆژنامەکە. بۆ ئەو مەبەستەش دیزاینەران چەند قوتابخانەیەک وەک ڕێنیشاندەری خۆیان هەژماردەکەن تاکو دیزاینێکی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمی و جێگەی متمانەی خوێنەران بخەنە بازاڕی ڕۆژنامەگەرییەوە.

لە نەخشەسازی ڕۆژنامەدا چەند قوتابخانەیەک بوونی هەیە و هەر قوتابخانەیەکیش لە کۆمەڵێک ڕێباز پێکدێت: (حەمەد، 2013، ل64)

**یەکەم: قوتابخانەی کلاسیکی:**

لەسەر بنەمای بیرۆکەی بەدیهێنانی هاوسەنگی تایبۆگرافی شێوەیی لە نێوان ڕەگەزەکانی لاپەڕەکە بنیات نراوە و چەند بیروباوەڕێک لەخۆ دەگرێت، دەرهێنانەکە کۆمەڵێک تایبەمەندی لەخۆ دەگرێت وەک (هێمنی و جێگیری و دورکەوتنەوە لە شێوازی وروژێنەر لە نمایشکردنی هەواڵەکاندا). (سؤدد القادري وآخرون،2008، ص127) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1)

بەدیهێنانی بیرۆکەی هاوسەنگی لە نێو ئەم قوتابخانەیەدا لە ڕێگەی ئەم ڕێبازانەی لای خوارەوە دەبێت:-

أ- **ڕێبازی هاوسەنگی ورد:** بیرۆکەی دەرهێنانەکە لەسەر بنەمای ئەنجامدانی هاوسەنگی بەشێوەیەکی تەواوەتی لە نێوان هەردوو لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا بنیات نراوە، لەگەڵ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر... سەرنج چڕکردنەوە لەسەر تەوەرێکی هاتوو لە وێنەی دەرهێنراوی جیاواز لە دیزایینکردنی لای چەپ و لای ڕاستی ڕۆژنامەکە، ئەرکی ئەم تەوەرە لەم حاڵەتەدا دروستکردنی هاوسەنگییە لە نێوان شێوەو بینین دا. (جونسون و هاریس، 1960، ص398) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2)

ب- **ڕێبازی نزیک لە هاوسەنگی:** ئەگەر دەرهێنانی هاوسەنگی شێوەیی ورد لەسەر بنەمای ئەنجامدانی هاوسەنگی بەشێوەیەکی تەواوەتی لەنێوان هەردوو لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا

ئەنجام درا بێت، ئەوا بیرۆکەی هاوسەنگی شێوەیی نزیککراوەیی بەو بنەمایانەوە پابەند نابێت، هاوسەنگی وەک قەرەبوییەک، یاخود لە بەشێکی لاپەڕەکەدا، یان لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە، یان خوارەوەی، یان تەنیا لەبەشی سەرەوەی، یاخود لەڕێگەی هەموو لاپەڕکەوە بە فرەیی کردنی تەوەرەکان و جێگیرکردنی، یاخود دروستکردنی هاوسەنگی لەسەر ڕاست و چەپی لاپەڕەکە. (الوحیشي، 1999، ص108). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 3)

ئەم بیرۆکەیە لەسنوردارکردنی پەیکەری تەواوەتی دەرچووە، بوارێکی لەبەردەم دەرهێنەرەکەدا کردۆتەوە بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی بەشێوەی نزیککراوەیی، گرنگترینیان بریتین لە (موسی، 2004 ، ص94)

أ- هاوسەنگی بە قەرەبووکردنەوە.

ب- هاوسەنگی لەبەشێکی لاپەڕەکەدا.

ج- هاوسەنگی لەبەشی سەرەوەو خوارەوەی لاپەڕەکە.

د- هاوسەنگی تەنیا لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەکە.

ە- هاوسەنگی لەڕێگەی لاپەڕەکەوە، یاخود لەسەرانسەری لاپەڕەکە.

**دووەم: قوتابخانەی میانڕەو:**

بیرۆکەی ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای ڕزگار بوونە لە بیرۆکەی ورد، مەبەست لێی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی تۆبۆگرافییە لەسەر پانتایی لاپەڕەکە و دروستکردنی هاوسەنگی ڕاستەقینە لەنێوان بەشەکاندا، بۆ ئەو مەبەستە پشت بە دیاریکردنی شێوەی لاپەڕەکە دەبەستێت بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشتی بابەتە ڕۆژنامەوانییە ئامادەکراوەکانە بۆ دیزاینکردن، پێویستە ئەو بابەتانە گونجاو بێت لەگەڵ بیرۆکەی ئەم جۆرە لە دەرهێنان، کە لەم قوتابخانەیەدا بەکارهێنراوە. (سؤدد القادري وآخرون،2008 ص130) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە4)

ئەم بیرۆکەیە چەندین بیرۆکەی دیکەی لێکەوتۆتەوە ئەوانیش بریتین لە:

أ- هاوسەنگی پەیوەست نەبوون بە شێوەوە، یاخود پەیکەرەوە: لەسەر بنەمای دروستکردنی هاوسەنگی تێبینی نەکراو بنیادنراوە، لەگەڵ دورکەتنەوە لە هاوسەنگی ئەندازەیی، ئەم جۆرە لە هاوسەنگییە بوارێک بۆ دەرهێنەر دەڕەخسێنێت بابەتە ڕۆژنامەوانییە ئامادەکراوەکان بەپێی گرنگییان لەنێو پانتایی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە نمایش بکات، ئەم شێوە دانانە دەکەوێتە سەر لێهاتویی و سەلیقەی دیزاینەرەکە لەدانان و نمایشکردنی بابەتەکان لە نێو پانتایی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا .

ب- ڕێبازی چوارینەیی: ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەمای دابەش کردنی لاپەڕەکە بۆ چوار بەش بنیات نراوە، هەر بەشێک تەوەرێکی لەسەر جێگیر کراوە و بابەتێکی لەخۆ گرتووە. (الصاوي وآخرون، ص51) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 5)

ج- بیرۆکەی تەرکیزی: بیرۆکەی سەرنج چڕکردنەوە لەسەر بنەمای سەرنج چڕکردنەوەیە لەسەر یەک گۆشەی لە لاپەڕەکەدا، ئەوگۆشەیە بێگومان لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەکەدایە، زۆرێک لە ڕۆژنامەکان ئەمە پەیڕەو دەکەن و بابەتە سەرەکییەکە دەخەنە ئەو گۆشەیەوە و دواتریش ڕەگەزەکانی دیکەی کە ماونەتەوە لە نێو لاپەڕەکەدا ڕێک دەخات، بەشێوەیەک کە چاوی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ تاکە گۆشەبالاپێکراوەی بابەتە سەرەکییەکە تێدا دانراوە . (الصـاوي، 1975، ص2) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 6)

**سێیەم: قوتابخانەی نوێ:**

بیرۆکەی قوتابخانەی نوێ لەسەر بنەمای دەرچوون و ئازاد بوون لە بیرۆکەکانی هاوسەنگی بەهەموو جۆرەکانییەوە و پشتگوێخستنی مەبەستداری یەکە هونەرییە نەریتییەکان، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و بە ئاگایی خوێنەر بۆ بابەتە نمایش کراوەکە، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگە تیژەکانەوە بابەتەکان بالا پێدەکرێت و دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ناونیشانی ڕەش لە لاپەڕەی یەکەم و کۆتاییدا. (عوض الله، 1997، ص106)

بیرۆکەی قوتابخانەی نوێگەری چەندین بیرۆکەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە ئەوانیش بریتین لە:

أ- بیرۆکەی نوێکردنەوەی کارایی، یاخود (سوود گەرایی): بیرۆکەی نوێکردنەوەی کارایی، یاخود (سوود گەرایی) بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک شێواز دەهێنرێتە دی گرنگترینیان ڕزگاربوونە لە ستوونی درێژ، بەکارهێنانی پانتاییە سپییەکانی نێوان ستونەکان لەجیاتی خشتە درێژەکان و گرنگیدان بە تایتڵەکان و دانانی بەشێوەیەکی زانستییانەو سەرنجڕاکێش، هەوڵدانێکە بۆ گۆڕانکاریکردن لە شوێنی ناوی ڕۆژنامەکە، یاخود تابلۆکە ئەویش دەکەوێتەوە سەر سەلیقەی دیزاینەر و سروشتی ئەو هەواڵانەی حەز بە بالاپێکردن و دەرخستنیان دەکات . (عرجە، 1986 ص113) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 7)

ب- بیرۆکەی دەرهێنانی ئاسۆیی: ئەم بیرۆکەیە لە بیرۆکەی ئاراستەی نوێ لە دەرهێنانی ڕۆژنامەوانیدا خۆی دەنوێنێت، لەسەر بنەمای ڕێڕەوە سروشتییەکانی بینین لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە لەکاتی خوێندنەوەی بە شێوەی ئاسۆیی دواتر بۆ سەرەوە بنیات نراوە، لەبەر ئەوە لاپەڕەکان لە سەر بنەمای یەکە پانەکان بنیات دەنرێت بەشێوەیەک ڕێڕەوی ئاسۆیی بۆچاو دابین دەکات و جیاواز لە شێوەی بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 8)

ت- بیرۆکەی دەرهێنانی تێکەڵاو: ئەم بیرۆکەیە پشت بە ڕزگاربوون لە هەموو کۆت و بەندەکانی ڕەگەزی تۆبۆگرافی دەبەستێت، زیادەڕۆیی دەکات لە بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگەکاندا، بەتایبەت ڕەنگی سوور، هەروەها بەکارهێنانی قەبارەی گەورە بۆ تایتڵەکان

ئەم بیرۆکەیە پێی دەوترێت (دەرهێنانی سێرک ئاسا). (موسی، 2004، ص113) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 9)

ث- هاوئاواز (الایقاع): هاوئاوازی وادەکات ژیان بە دیزاینەکە ببەخشێت، دەتوانین هاوئاوازی لە شێوەی هونەریدا بەرجەستە بکرێت، کاتێ چاوی خوێنەر لە ناونیشانێکەوە بۆ سەر ناونیشانێکی دیکە و لە وێنەیەکەوە بۆسەر وێنەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە بێ ئەوەی توشی دوو دڵی، یاخود بێزاری بێت، بێگومان دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی ئاسۆیی بوارێکی فراوان دەدات بە دەرهێنەر، یاخود دیزاینەر بۆ گوزارشت کردن لە هاوئاوازییەکە. (إمام، 1972، ص 270).

- جۆرەکانی هاوئاوازی بریتین لە ( (إیقاع رتیب) هاوئاوازی جێگیر- هاو ئاوازی ناجێگیر (إیقاع غیر رتیب)- هاوئاوازی ئازاد – هاوئاوازی دژبەیەک - هاوئاوازی زیادکردن. (ابو هنطش، 1994، ص63).

ج- گونجاندن: گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەیەکی جوانە، کە مەبەست لێی جوانی پەیوەندییەکان لە نێوان یەکتریدا، هەروەها ئەوەی تایبەتە بە کۆی خودی شێوەی گشتییەوە، ئامانجی سەرەکی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی گەیشتنە بە لاپەڕەیەک هاوسەنگی و گونجاندنی تێدا بێت . (إمام، 1972، ص 255)

ح- ڕۆژنامەیەکی ئاسایی دووری هەر لاپەڕەیەک بە نزیکراوەیی تێیدا (40×55) سم دەبێت، بە واتای ڕێژەی نێوان پانی و درێژی دەگاتە 11:8 لە کاتێکدا دووری هەر ڕۆژنامەیەک لە ڕۆژنامەی نیوە، یاخود تابلۆید بە نزیکراوەیی دەگاتە (25×40)سـم، کەواتە ڕێژەی نێوانیان دەگاتە 5:8 (صالح، 1986، ص127)

خ- لێرەدا دەبینین شێوەی لاکێشەیی گونجاوترینە لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو شێوەیەی چاپکراوەکەی پێ دەخرێتە ڕوو..

د- هەروەها ئەم گونجاندنە پانتاییە سپییەکان و دەقی بابەتەکان و پەراوێزەکانی ناو لاپەڕەکە و وێنە فۆتۆگرافییەکان و وێنە دەستییەکان و ڕەگەزە تۆبۆگرافییەکانی دیکەش لەسەر لاپەڕەکە لەخۆ دەگرێت. (نجادات، 2002، ص45)

ذ- جیاوازی: فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ دروست کردنی ئاسانکاری بۆ خوێندنەوە بە واتای جیاوازی و جیاکاریکردن لە نێوان ڕەگەزەکانی تۆبۆگرافی لە ڕووی ڕەنگ و قەبارە و شێوەو شوێن و ئامانجی بالآپێکردنی هەندێکیانە لەسەر ئەوەی دیکەیان. (الخالدي، 1998، ص16).

# بەشی سێیەم: بایەخ و ئەرکی ناونیشان و وێنە لەدیزاینی ڕۆژنامەدا

**تەوەری یەکەم: ناونیشانی ڕۆژنامەوانی**

**تەوەری دووەم: شێوازەکانی دیزاینی ناونیشان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا**

**تەوەری سێیەم: وێنەی ڕۆژنامەوانی**

**تەوەری چوارەم: ئەرکی وێنەو دیزاینی وێنەی ڕۆژنامەوانی**

## بەشی سێیەم: بایەخ و ئەرکی ناونیشان و وێنە لەدیزاینی ڕۆژنامەدا

### تەوەری یەکەم: ناونیشانی ڕۆژنامەوانی

#### یەکەم: شێوەی ناونیشان

**لە ڕووی پانتاییەوە پێنج جۆر ناونیشان هەیە** (حەمەئەمین، 2018، ل116)

أ- **ناونیشانی پان:** ناونیشانی پان لە زۆرێک لە ڕۆژنامە جیهانییەکاندا، بە یەکێک لە خەسڵەتە کەم وێنەیەکانی لاپەڕەی یەکەم دادەنرێت، هەروەها دەتوانرێت لەهەندێ ڕۆژنامە ناوەخۆییەکاندا بەکاربهێنرێت، ناونیشانی پان هەڵگری هێزێکی ڕاکێشانی گەورەیە بۆ خوێنەر، وروژاندنی بایەخی بینین بۆ پانیەکی گەورەو هەروەها قەبارەی پیتی گەورەش.

* ڕۆژنامەکان بە بەردەوامی لەسەر لاپەڕەکانی یەکەم ناونیشانی پان بەکاردەهێنن، کە بە جەماوەری و وروژێنەر ناسراوە.

* ئەگەر چاو لەسەر ناونیشانی پان ڕاهات، ئەو کاتە بەهای بەدەرخستن و بایەخی وروژاندنی لەدەستدەدات، بۆ ئەو ڕۆژنامانەی کە پشت بە پیشەیی بوون دەبەستن، تەنیا لەکاتی بۆنە تایبەتەکاندا نەبێت وەک ڕاگەیاندنی جەنگ، یان بەدەستهێنانی سەرکەوتن، یان مردنی سەرکردەیەک، ئەو جۆرە ناونیشانانە بەکارناهێنرێت. هەرچی ڕۆژنامە میللیەکانە بەردەوام پەنا بۆ ناونیشانی پان دەبەن، کە ئەمەش بۆ وروژاندنی بایەخی خوێنەرو سەرنجڕاکێشانێتی.

ب- **ناونیشانی درێژکراو:** پانی ناونیشانی درێژکراوە لەگەڵ پانی ناونیشانی پان بە سروشتی حاڵ کەم دەبێتەوە، پانیەکەی گەورەترە لە پانی یەک ستوون و کەمترە لەپانی کۆی ستوونەکانی لاپەڕەیەک. زیاتر هەندێ ڕۆژنامەی حزبی پەنا دەبەنە بەر دانانی زیاتر لە ناونیشانێکی درێژکراو لەسەر یەک بابەت، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە بابەتەکە زەق

بکەنەوەو سەرنجڕاکێش بێت، ئەم کارڕاییەش وەکو قەرەبووییەک بۆ بەکارنەهێنانی ناونیشانی پان دەکرێت.

زۆرجار بەخوێندنەوەی ئەو یەک دوو ناونیشانە، خوێنەر بابەتەکە پەراوێز دەکات و لەو بڕوایەدایە کە ئەو ناونیشانە درێژکروانە بەسن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەواو لەسەر بابەتەکە.

ج- **ناونیشانی ستوونی:** ئاماژەیە دێڕەکانی ناونیشان کە پانیەکەی لەپانی ستوونێک تێناپەڕێت، ئەوەش بەوە بەدیاردەکەوێت کە شێوازی دەرهێنانی ستوونییە و پشت بەبوونی لاپەڕەیەک دەبەستێت کە لە یەکەی درێژی (ستوونی) پێکهاتبێت، نەک پانی (ئاسۆیی).

بێگومان لەگەڵ بچووکی پانی ئەو ناونیشانە ستوونیە، هەروەها قەبارەی پیتە بەکارهاتووەکانیش لەو جۆرە ناونیشانە بچووکترە بە بەراورد بە ناونیشانی پان و درێژکراوە.

ئەم جۆرە ناونیشانە بەرەچاوکردنی کورتی بابەتەکان، یان هەواڵەکان، لەلاپەڕە یەک و لاپەڕە هەواڵییەکان و لاپەڕەی مردواندا بەربڵاون،  ماوەتەوە کە ئاماژە بە دوو جۆری ناوەنیشان بدەین کەبریتین لە:

ناونیشانی بەرایی و ناونیشانی جێگیر بەو پێیەی لاوەکین نەک سەرەکی.

د- **ناونیشانی بەرایی:** ئەو ناونیشانەیە کە پێش ناونیشانی سەرەکی دێ و بەراییەکە بۆی، بۆیە تاپۆگرافیاکاران کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە پانی ناونیشانی بەرایی کەمتر بێت لەو پانیەی کە ناونیشانی سەرەکی داگیری دەکات، هەندێکیشیان وایان خەمڵاندووە کە پانی ناونیشانی بەرایی نیو پانی ناونیشانی سەرەکی بێت، هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئەو پانیەی ناونیاشانی بەرایی سێ یەکی ناونیشانی سەرەکی بێت، هەروەها رای سێیەمیش دەڵێت: لەهەموو حاڵەتەکاندا پێویستە ناونیشانی بەرایی بچووکتر بێت لە ناونیشانی سەرەکی بە بڕێکی شیاو.

**هـ- ناونیشانی جێگیر:** ئەو ناونیشانەیە کە پانیەکەی لەپانی ستوونێک زیاتر تێپەڕناکات.

زیاتر ئەم جۆرە ناونیشانە بەکاردێت لەسەرەتای نووسینێکی جێگیر، وەک ستوونی ڕۆژنامەوانی کە گەورە نووسەرەکان ئامادەی دەکەن.

**دووەم: قەبارەی ناونیشان**

قەبارەی ناونیشان بەیەکێک لە ئامرازە جیاکارەکانی تایپۆگرافیای گرنگی ناونیشان بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەن، وەکو لەسەری ڕێککەوتوون کە چەندە قەبارەی ناونیشان زیاتر بێت ئەوەندە هێزی سەرنجڕاکێشانی بۆ خوێنەرو گرنگیدانی بەو بابەتە دەوروژێنێ.

هەندێ فاکتەری تایپۆگرافیا هەن کە کۆنترۆڵی قەبارەی ناونیشانی سەر لاپەڕەکان دەکەن لەگرنگترینیان: (حەمەئەمین، 2018، ل120)

1- **ڕەگەزە قورسەکانی دیکەی بڵاوکراوە لەهەمان لاپەڕە:** پەیوەندییەکی وەکو یەکی هەیە لەنێوان ئەو ڕەگەزو قەبارەی ناونیشانە، هەرچەندە ئەو ڕەگەزانە ژمارەو ڕووبەریان زیادیکرد، ئەوا پێویستە قەبارەی ناونیشانی بڵاوکراوەی هەمان لاپەڕەش زیادبکات، کارەکە یارمەتی ئەوە دەدات کە ناونیشانەکە زەق دەربکەوێت بۆئەوەی هەستێت بە ئەرکی پەیوەندیکردن لەلایەک، هەروەها هەستێت بە ئەرکی تایپۆگرافیای پەیوەستدار بە ڕوودانی هاوسەنگی لەگەڵ ڕەگەزە قورسەکانی دیکەی لاپەڕەکە وەک وێنەو ڕەسمی ڕێکلامەکان لە لایەکی دیکەوە.

2- **ڕووبەری لاپەڕە:** پەیوەندییەکی وەک یەک لەنێوان ڕووبەری لاپەڕەو قەبارەی ناونیشان هەیە، هەرچەندە ڕووبەری لاپەڕە گەورەتر بێت کە ناونیشانەکەی تێدا نووسراوە، ئەوا پێویستە قەبارەی ناونیشان گەورەتر بکرێت، بۆئەوەی بتوانێت ئەو کاریگەرێتی و ڕۆڵە بپارێزێت کە دەبێت پێی هەستێت.

3- **ڕووبەری بۆشایی دەورەدراو بە چواردەوری ناونیشانی لاپەڕەدا**: بە پێچەوانەوەی پەیوەندییەکانی پێشوتر، پەیوەندی لێرەدا پێچەوانەییە لەنێوان بۆشایی دوروبەری ناونیشان لەلایەک و قەبارەی ناونیشان لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە لەو ڕووبەرەدا، دەتوانرێت ناونیشانەکە بە قەبارەی بچووک بنووسرێت، چونکە ئەو سپیاتییەی دەوروبەری ناونیشان قەرەبووی بچووکی ناونیشان دەکات، بەجۆرێک زەق دەربکەوێت و هێزی کاریگەریشی هەبێت.

4- **شێوەی پیت**: بەکارهێنانی شێوەی پیتی بچووکراو، یان لار، یان بەتاڵ (دیاریکراو) پێویستە قەبارەیەکی گەورەتری بدرێتێ لەوەی کە باوە، بۆئەوەی بەڕوونی بەدەستبهێنێت و بخوێندرێتەوە.

5- **ژمارەی وشەکان لەیەک دێڕدا**: پەیوەندییەکی پێچەوانەیی لەنێوان ژمارەی وشەکانی ناونیشان و قەبارەی پیتی بەکارهاتوو لە لکاندنیان هەیە، هەرچەندە ژمارەی وشەکانی ناونیشان زیادبوو، لەسەر دەرهێنەر پێویستە هەستێت لە بچووکردنەوەی قەبارەی پیتی ناونیشان، یان پەنا بباتە بەر دابەشکردنی ناونیشانەکە لەزیاتر بە دێڕێک و لەگەڵ گەورەکردنی قەبارەی پیتی بەکارهاتوو.

6- **پانی ناونیشان**: پەیوەندییەکە لێرەدا وەکو یەک وایە لەنێوان قەبارەی ناونیشان و پانی بە قەدەر شوێنی تەرخانکراو بۆی، هەرچەندە جێگەی ناونیشان پان، یان گەورە بوو، پێویستە قەبارەی پیتەکانی ناونیشانیش گەورە بکرێت بۆئەوەی لەگەڵ بوارە تەرخانکراوەکەیدا بگونجێت و بەچەوانەشەوە ڕاستە.

7- **چڕی پیت**: چڕی پیت ڕۆڵێکی دیار دەبینێت لە بەدەرخستن و کاریگەری ناونیشاندا؛ نووسینی ناونیشان بە پیتی سپی کاریگەری و سەرنجڕاکێشی لێ دادەماڵرێت و وای لێ دەکات بێ بایەخ بێت، لەکاتێکدا هەر ئەو ناونیشانە بە هەمان قەبارەی پیتی پێشوو، بەڵام بە پیتی ڕەش بنووسرێت ئەوا کاریگەرو سەرنجڕاکێشتر دەبێت.

8- **گرنگی بابەت:** پەیوەندییەکی وەک یەک هەیە لەنێوان گرنگی بابەتەکە لەلایەک و قەبارەی ناونیشان لەلایەکی دیکە، ئاساییە ئەگەر گرنگی بابەتەکە لە ڕووی سیاسەتی ڕۆژنامەکەوە زیاتربوو، ئەوا قەبارەی ناونیشانی بابەتەکەش زیاد دەبێت، بۆئەوەی بڕێکی تەواو لەسەرنجڕاکێشی و گرنیدان بورووژێنێت.

9- **ڕووبەری بابەت:** شتێکی ئاساییە پەیوەندی نێوان ڕووبەری بابەت و قەبارەی ناونیشان وەک یەک بن، شیاو نییە ئەو بابەتەی کە لاپەڕەیەکی تەواو داگیردەکات، ناونیشانەکەی بەقەدەر ئەو بابەتە بێت کە چارەگی لاپەڕەکەی گرتووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتەی کە لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت بێگومان بابەتێکی گرنگە، بۆیە دەبێت بوارێکی تەواوی بۆ دەستەبەربکرێت، تاکو ڕوونی و بەدەرخستنی خۆی بەدەرکەوێت و بگونجێت لەگەڵ ئەو بوارەی بۆی تەرخانکراوە.

10- **ئەرکی ناونیشان:** مەبەست ئەرک پلەو پێگەی ناونیشان لەنێوان ناونیشانەکانی دیکەی هەمان بابەت و بەپێی ئەوەش ناونیشان بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبێت: (ناونیشانی سەرەکی، ناونیشانی لاوەکی، ناونیشانی بەرایی، ناونیشانی جێگیر، ناونیشانی بەرماوەی بابەتەکە و ناونیشانی لقی)، لێرەدا هەر یەک لەو ناونیشانانە بەجۆرێک لە وردەکاری دەخەینەڕوو-: (حەمەئەمین، 2018، ل129)

1- **ناونیشانی سەرەکی و ناونیشانی لاوەکی:** ناونیشانی سەرەکی ئەوەیە: کە بیرۆکە سەرەکییەکە هەڵدەگرێت و گرنگترینی بابەتەکەیە، هەرچی ناونیشانی لاوەکیە ئەوەیە کە لەدوای ناونیشانی سەرەکی دێت، هەڵگری بیرۆکەی لاوەکیە و لەگرنگیدا کەمترە لە ناونیشانی سەرەکی.

تایپۆگرافیاکان دیارییان کردووە کە باشترین ڕێژە بۆ بچووکردنی قەبارەی ناونیشانی لاوەکی ئەوە بێ کە نیوەی قەبارەی ناونیشانی سەرەکی بێت، بۆئەوەی گواستنەوەیەکی پلە بەپلە بۆ چاو دروستبکات، ئەگەر قەبارەی ناونیشانی سەرەکی 96 بەنت بێت، ئەوە

لاوەکییە و باشتر وایە قەبارەی 48 بەنت بێت، پاشان 24 بەنت، لەدوای ئەویش پێشەکی بابەت 12 بەنت بێت، لەکۆتاییشدا ناوەڕۆک، یاخود بابەتەکە 10 بەنت بێت.

لێرەدا خۆ نەبەستنەوە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ بچووکردنەوەی ناونیشانی لاوەکی، بەڵکو پێویستە قەبارەی بچووکتر بێت لە ناونیشانی سەرەکی.

2- **ناونیشانی لقی:** ئەو جۆرە ناونیشانانە لەنێوان پەرەگرافەکانی بابەتێک دادەنرێت، وەک پێویستیەک پەنای بۆ دەبەین، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بابەتەکە دوورودرێژ بێت، بۆ شکاندنی ئەو توندیەی خۆڵەمێشیی پیتی بابەتەکە دروستی دەکات بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەی کە ئارامییەک دەداتە چاو لەکاتی خوێندنەوەدا. بۆیە دەبێت لە دیاریکردنی قەبارەی ناونیشانی لقیدا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

*یەکسان نابێت لە قەبارەی لەگەڵ ناونیشانە ستوونیەکانی هەواڵە بڵاوکراوەکانی لەهەمان لاپەڕەدا، بۆئەوەی وا دەرنەکەوێت کە ئەو پەرەگرافە بەشێکی سەربەخۆیە.

*دیاریکردنی پانییەکانی بە پێی پانی ناوەڕۆک.

**سێیەم: چەشنی ناونیشانی**

ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بەو شێوانە دەدات، کە لە ناونیشانەکان لە ڕووی تەنیایی دێڕەکانی، یان فرەیی دەردەکەون، ئەو ڕێگەیەی کە دێڕەکان لە کاتی زۆریدا ڕێکدەخات، لە ڕووی پەیوەندییان بەیەکەوە لەلایەک و پەیوەندی پانی بەکردەیی لەگەڵ ئەو جێگەیەی بۆ تەرخانکراوە لەسەر لاپەڕەکە لە لایەکی دیکەوە، لەگەڵ ئەو چەشنەی کە ناونیشان لەسەرەوەی لاپەڕەکە وەری دەگرێت، ئەوەی کە دیاری دەکات بڕی بۆشایی بەجێماوە لەملاولایەوە. دەکرێت جیاوازی لەنێوان چەشنەکانی ناونیشان لە دوو گۆشەوە بکرێت کە بریتین لە: (حەمەئەمین، 2018، ل123)

**یەکەم**: درێژی دێڕەکان و یەکسان نەبوونی.

**دووەم**: درێژی دێڕەکان یەکسانن لەگەڵ شوێنەکە (پانی) دیاریکراو بۆ ناونیشان لەسەر لاپەڕەکە.

لێرەدا گرنگترین چەشنی ناونیشانی زۆر بەکارهاتوو لە ڕۆژنامەکان دەخەینەڕوو:

1- **ناونیشانی پڕ:** تێیدا دێڕەکانی ناونیشان کۆدەبێتەوە کە هەموویان بە یەکسانی لە درێژی لەلایەک و لەهەمانکاتدا بە یەکسانی لەگەڵ پانی ئەو شوێنە دیاریکراوەی بۆ تەرخانکراوە لە سەرووی لاپەڕەکەوە لەلایەکی دیکەوە.

ئەم چەشنە ناونیشانانە تەنیا لەوەی کە بۆشاییەکی زۆر بەجێ ناهێڵن لەلایەکانی هیچ دێڕێک لە دێڕەکان، هەروەها بۆشایی تەنیا کورت دەبێتەوە لەلایەکانی ناونیشانە پڕەکانی بەجێهێڵراو لەنێوان ستوونەکان، یان بۆشایی پەراوێز لە لاپەڕەیەکدا، وردەکاری ئەم چەشنە لەسەر (ناونیشانی پان) پیادە دەکرێت.

2- **ناونیشانی ناوەڕاست:** تیایدا دێڕەکانی کۆدەکرێتەوە بەو پێیەی یەکسان دەبن لە پانی، بەڵام درێژی هەر یەکەیان کەمترە لە شوێنی دیاریکراوی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکە، دێڕەکان وا دادەنرێت لەو شوێنە ناوەڕاستە و دواتر بۆشاییەکانی دەوروبەری ناونیشانەکان یەکسان دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دێڕەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زەق بکرێتەوە، خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە لەسەر ناونیشانی درێژکراوە پیادە دەکرێت.

3- **ناونیشانی پلەدار:** تیایدا دێڕی یەکەم لەلای ڕاستەوە ، دێڕی سێیەمیش لەلای چەپەوە دەست پێدەکات، بەڵام دێڕی دووەم لەسەر لاپەڕەکە لەناوەڕاستی شوێنە دیاریکراوەکەدا دەبێت.

4- **ناونیشانی هەڕەمی:** دەربارەی ئەو بیرۆکەیە و لەسەر لاپەڕەکە هەر دێڕێک لەناوەڕاستی شوێنە دیاریکراوەکە دەبێت، تیایدا دێڕی یەکەم درێژترین دێڕ دەبێت، بەپێی ئەو پانیەی هەیەتی پلەداری بۆ دێڕەکانی دیکە دەکرێت، بەو پێیەی هەر دێڕێک

درێژتر دەبێت لەوەی دواوەی، تاکو دێڕی کۆتایی کورترین دێڕی ناونیشانەکە دەبێت. بەو شێوەیە ناونیشانەکە شێوەی هەڕەمێکی هەڵگەڕاو دەبەخشێت، دەتوانرێت مامەڵە لەگەڵ دێڕەکانی ناونیشانەکە بکرێت بە ڕێگەیەکی پێچەوانەیی تاکو لەکۆتاییدا ناونیشانێکمان دەستکەوێت، کە شێوەی لە شێوەی دەرەوەی هەڕەمی مامناوەند بچێت. خراپی ئەم شێوەیە، یاخود (هەڕەمی مامناوەند) کە چاو پەرتدەکات، بۆشایی دەوروبەری هەڕەمەکە لەگەڵ بۆشایی پەراوێز تێکەڵ دەبێت ئەگەر بابەتەکە لەسەرووی لاپەڕەکەوە بێت.

5- **ناونیشانی دەستپێک لەلای ڕاستەوە:** هەر چۆنێک بێت ناونیشان ئەگەر تەنیا دێڕێکیش بێت لەلای ڕاستەوە دەست پێدەکات، کە دەبێت کۆتاییەکی ئازاد بەجێ بهێڵرێت، کە نەگاتە کۆتایی شوێنی تەرخانکراو بۆ ناونیشان. ئەم جۆرە بە سادەیی ناسراوە، چونکە وا دەردەکەوێت کە بە سروشتی و خۆڕسکی خۆی بێ هیچ تێچوویەک لەگەڵ خوێنەر قسە بکات. بە توێژینەوە ئەوە سەلمێندراوە کە ئەم جۆرە ئاسانترینە بۆ خوێندنەوە، چونکە لەلای خوێنەری عەرەبی کۆکە لەگەڵ ڕێڕەوی سروشتی جووڵەی چاوی.

6- **ناونیشانی دەستپێک لەلای چەپەوە:** پێچەوانەی جۆری پێشوو، لەو جۆرانەیە کە پەسەند نیە (لەعەرەبیدا)، چونکە چاو لەگەڕان بەدوای سەرەتای هەر دێڕێک تووشی شڵەژانێک دەکات. ئەو جۆرە پەسندە لەلای خوێنەرانی زمانی لاتینی.

7- **ناونیشانی هەڵواسراو:** تیایدا دێڕی یەکەم، یان دێڕە یەکەمینیەکان دەخرێتە هەموو شوێنە تەرخانکراوەکە، ناونیشانەکە بە تەواوی دەگرێتەوە، لەگەڵ تیایدا دانانی دێڕی کۆتایی، یان دێڕەکانی کۆتایی، بەجۆرێک پانی کەمتر بێت و لە ناوەڕاستی ئەو شوێنە بێت کە بۆی تەرخانکراوە بۆ ئەوەی بۆشایی بەجێهێڵراو بە یەکسانی لەملاو ئەولای ناونیشانەکە بێت.

بەو شێوە ژمارانە، جۆری ناونیشانی بەکارهاتوو لە ڕۆژنامەکان بوون، کە هەر یەکەیان باشی و خراپی خۆی هەیە.

هەندێ لە تایپۆگرافیاکان باشترین جۆریان پێ گونجاوە لە ڕووی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ناونیشانی پڕ، ئەوەی لەناوەڕاستدایە، ئەوەش کە لای چەپەوە دەست پێدەکات، بێجگە لەمانە ئەوانەی دیکە لەکاتی خوێندنەوەدا ماندووبونێک بۆ چاو دروست دەکات.

**چوارەم: ئاڕاستەی ناونیشان:** ئاماژە بە ئاڕاستەی ئەو ناونیشانانەی کە ڕێڕەوی ئاسانە بۆ چاوی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ناونیشانەکە لەسەر لاپەڕەکە. ناونیشانی (ئاسۆیی و ڕاست) و بەیەک دێڕ بە ڕوونترین ناونیشانی سەر لاپەڕە دادەنرێت و چاو بەئاسانی پیتەکانی ناونیشانەکە و لەکورترین کات و بەبێ ماندووبوون وەردەگرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ئاڕاستەی ناونیشانی ئاسۆیی کە لەگەڵ ڕێڕەوی سروشتی جووڵەی چاو بە ئاسۆیی و ڕاست لەکاتی خوێندنەوەدا دێتەوە.

بەڵام ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ ناونیشانێک دەکەن لە ڕووی ئاڕاستەو شێوەوە جیاوازن. کە لێرەدا دەیناخەینەڕوو: (حەمەئەمین، 2018، ل129)

1- **ناونیشانی لار:** تیایدا ناونیشانەکە لەسەر لاپەڕەکە لار دادەنرێت کە هەندێ جار بە ئاڕاستەی لەسەرەوەی لای چەپەوە بەرەو خوارەوەی لای چەپە. هەرچەندە ئەم جۆرە سەرنجڕاکێشی بەدەست دەهێنێت، بەڵام بە کەمترین ڕوونی لە ناونیشانی ئاسۆیی دادەنرێت.

2- **ناونیشانی ستوونی:** تیایدا ناونیشانەکە بەشێوەیەکی ستوونی لەسەر لاپەڕەکە دادەنرێت، بەوپێیەی چاوی خوێنەر لەخوێندنەوەیدا ڕێڕەوی لەسەرەوە بۆ خوارەوە پیادە دەکات، بەڵام ئەم جۆرە ناپەسەندە، هۆکاری ئەمەش پێشتر لە ناونیشانی لاردا ئاماژەی بۆ کراوە.

3- **ناونیشانی خوێندنەوەی ستوونیە:** تیایدا ناونیشانەکە بە قەبارەیەکی گەورە دەنوسرێت، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لە ڕووبەرێکی تەسکدا، بەو پێیە ناونیشانەکە لەبری ئەوەی لەیەک

دێردا بڵاوبکرێتەوە، لە ژمارەی چەند دێڕێک پێکدێت، هەروەها هەر دێڕێک لەیەک وشە، یان دوو وشە پێکدێت، ئەمەش چاوی خوێنەر بێزار و ماندوو دەکات، بەپێی جووڵەی چاو لە کۆتایی هەر دێڕێک و سەرەتای دێڕێکی نوێدا کە لەدوای ئەو دێت، دەبێتە هۆی بڕین و بەش بەشکردنی واتایەک کە دەبوایە بە یەکەوە بچنرایە.

4- **ناونیشانی شەپۆلاوی:** تیایدا ناونیشانەکە بەشێوەی شەپۆل دادەنرێت، واتە نە لارەو نە ستوونییە، وشەکانی بەڕێڕەوی هێڵێکی شەپۆلاوی بە بەرزو نزمیدا دەڕوات. دەکرێت ئەم جۆرە بەپێی پێویستی لەشێوەی (درامی)دا بەکاربهێنرێت.

5- **ناونیشانی چەند ئاڕاستەیەک:** تیایدا کۆکراوەی وشەکانی یەکەم لە ناونیشانەکە لەحاڵەتی ستوونی ڕاست لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، لەکاتێکدا ئەو وشانەی ماوەتەوە بەشێوەی ئاسۆیی دادەنرێت، لەم چارەسەرەدا چەندین نەرێنیمان بۆ دەردەکەوێت، گرنگترینیان ماندوبوونی چاوی خوێنەرە کە ناونیشانەکە ناچاریدەکات لەسەر دوو ئاڕاستەی جیاواز بڕوات، ئەمە جگە لە بڕین لە مانا کە ئەو ناونیشانە هەڵیدەگرێت.

**تەوەری دووەم: شێوازەکانی دیزاینی ناونیشان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا**

گرنگترین شێوازەکانی دیزاین لاپەڕەی یەکەم بریتین لە:

**1- شێوازی هاوسەنگی ورد**

لێرەدا دیزاینی ڕۆژنامەوانی هەوڵی هاوسەنگی دەدات، بە دانانی ناونیشان بە یەکسانی لە جۆرو قەبارە لەهەردوو لای لاپەڕەکەدا، لەکاتێکدا ئەگەر هێڵێکی ستوونی لەناوەڕاستی لاپەڕەکە بکێشین، ئەوا دوو لەتی یەکسانمان بۆ دەردەچێت، ئەم شێوازەش بە قوتابخانەی کلاسیک (لاسایی) دادەنرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هاوسەنگییەکی شێوەیی بەدەست دێنێت، بەڵام وەستان و چەقبەستوویەکی پێوە دیارە، بۆیە زۆرێک لە ڕۆژنامەکان ئەم شێوازەیان فەرامۆشکردووە.

ئەم شێوازەش بەو شێوەیە بەدەست دێت: (همام، 1984، ص155) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 14 شێوازی وێنەی هاوسەنگی ورد)

ـ ناونیشانی لەیەکچوو لەسەڕووی ستوونەکان، ئەگەر ناونیشانێکمان لەسەر ستوونی یەکەم دانا، ئەوا دوو ناونیشانی دیکە بەرامبەری دەگرێت، یەکێکیان لەسەر ستوونی سێیەم و ئەوەی دیکە لەسەر ستوونی پێنجەم، یانیش لەبری ئەو ناونیشانانە بە وێنەو چوارچێوە قەرەبوو دەکرێتەوەو ڕەنگە دەرهێنەر دێڕی بابەتەکان بەکاربهێنێت بۆ پچڕان و بوار دروستکردن لەنێوان ناونیشانەکاندا.

ـ دانانی ناونیشانێک کە هەردوو ستوونی یەکەم و دووەم داگیربکات، بەهەمان شێوە لەگەڵ ناونیشانێکی دیکە لەلایەکی دیکە هاوسەنگ دەبن، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دانانی وێنە لەسەر سەری هەموو ستوونەکان.

ـ ئەگەر لاپەڕەکە بەتاڵ بوو لە ڕیکلام، ئەوا دەتوانرێت شێوازی هاوسەنگی لە لاپەڕەکەدا بەدەست بهێنرێت، ئەمەش لەڕێگەی دانانی ناونیشان لەسەر ستوونی یەکەم بەرامبەری بگرێت و ناونیشانێکی دیکە لەسەر ستوونی هەشتەم، بەوەش دەتوانرێت ناونیشانە

بچووکەکان بەشێوەی پەیژەیی بەرەو ناوەڕاستی لاپەڕەکە بڕوات، یانیش دەتوانرێت وێنەو چوارچێوەی لەسەر دوو ستوون بەکاربهێنرێت.

ڕۆژنامەکانی ئێستا بەرەو بەکارهێنانی هاوسەنگی بەرهەست دەڕۆن، واتە توانای کۆنترۆڵکردنی سەرنجراکێشە هاودژەکان، نەک لەڕێگەی قۆڵی ناوەندی، نەک خاڵێکی ناوەندی، بەڵکو لەڕێگەی هەست بە یەکسانی لەنێوان بەشەکانی لاپەڕەکە، ئەو هاوسەنگیەش بڕێکی زۆر پشت بە هەستی هونەری دەبەستێت کە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی دەرهێنەری ڕۆژنامەوانیەوە پاڵپشتی دەکرێت. (نجادات، 2002، ص56) .

### 2- شێوازی ڕێکخستنی پلەبەپلە:

شێوازی ڕێکخستنی پلەبەپلە و تیایدا بەشێوەیەکی پلەیی بەهێزترین ناونیشان لەلای ڕاست، پاشان ناونیشانەکانی دیکە بەپێی بایەخدان و وردە وردە بەرەو لای چەپ. سوودەکانی ئەم شێوازەش لەکاتی تەسکی و کەمی بواری دیاریکراوە بۆ بابەتەکان، کە تیایدا دەرهێنەر ناچار دەبێت بۆ بابەتی کورت کورت بەکاری بهێنێت، چونکە ئەوە دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ نیشاندانی ئەو بابەتانە کە ڕەنگە لە لاپەڕەکانی دیکەدا شوێنێکی دیکەی گونجاوی دەست نەکەوێت، لە خەسڵەتەکانی ئەم شێوازە چاوی خوێنەر وردە وردە لە بابەتێکی گرنگەوە بۆ بابەتێکی کەمتر بایەخ دەڕوات، بەڵام بەڕێگەیەکی هێمن و سەرنجراکێش. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 10 شێوازی ڕێکخستنی پلە پلە)

### 3- شێوازی پڕکردنەوەی بۆشایی:

ئەوەش لەکاتێکدا کە ڕێکلامی زۆر هەبێت، هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمە بۆشاییانەی کە ماوە پڕبکرێتەوە، ئەمەش بەو هەواڵانەی کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. (أبو عوجة، 2003، ص320) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 11 شێوازی پڕکردنەوەی بۆشایی)

### 4- شێوازی ڕێکخستنی دانراو لەسەر یەک گۆشە لە لاپەڕەکەدا:

لێرەدا دەرهێنەر بابەتەکانی بەرەو نیوەی سەرەوەی لای چەپی لاپەڕەکە دەبات، هەموو بابەتە هەواڵییە گرنگەکانی تێدا بە ناونیشانی ڕوون پۆلێندەکات، تاکو ڕۆژنامەکە بفرۆشرێت. (الغنام، 1977، ص227) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 12 شێوازی ڕیکخستنی دانراو لەسەر یەک گۆشە لەلاپەڕە)

## تەوەری سێیەم: وێنەی ڕۆژنامەوانی

### یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی وێنەی ڕۆژنامەوانی

سەرهەڵدانی فۆتۆگراف دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی 1038ز، کە زانایەکی فەلەکی عەرەبی بەنێوی (ابو الحسن بن الهیثم)ە، خەریکی چاودێری کردنی ڕۆژگیران و مانگ گیرانی دەکرد، دیاردەیەکی دۆزییەوە، کە بریتی بوو لەوەی کونێکی بچووک لەلا دیوارێک، یان بنمیچی ژوورێک هەبێت، وێنەی دیمەنی دەرەوەی کونەکە لە ژوورەوە (کە تاریک بێت) لەلا دیواری بەرامبەری یا لەسەر کاغەزێکی سپی دەردەچێت، لەسەر ئەمە کامیرای ئۆبسکورایان دروستکرد. دوای ئەوە هونەرمەندە نیگارکێشەکان پەرەیان بەم دیاردەیە داو سوودیان لێ وەرگرت بۆ کارەکانیان، لەوانە هونەرمەندی بلیمەت لیۆناردۆ دافنشی لەساڵی 1490ز هەندێ بەدرێژی باسی لێوە کردووە. پاشان زانایەکی ئیتالی بەناوی (جیۆڤانی دێلاپۆرتا) هاوێنەی قۆقزی لەجیاتی کونە سەرە دەرزی بەکارهێنا، ئەو هاوێنەیە بچووک بوو بەقەدەر بەرینی پەنجە بچکۆڵەی دەست دەبوو، کە لە کتێبەکەی لەساڵی 1589ز، بڵاوی کردبووەوە. هێندەی نەخایاند کامیرای ئۆبسکورای بچووکی دەستی دروستکرا، ئەمە بووە بەردی بناغەی دروستکردنی کامیراکانی ئەمڕۆمان. (سەعدی، 1998، ل9)

هەڵبەتە وشەی فۆتۆگرافی وشەیەکی ئیغریقی لێکدراوەو بریتییە لە دووبەش (فۆتوس) بە واتای تیشک و (کراپۆس) بەواتای نووسین دێت، واتە نووسینی تیشکی. وێنەگرتنی فۆتۆگرافی (تیشکی) بەچەندان قۆناغ تێپەریوە، بۆنموونە وێنە لەهەردوو سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەم لەسەر کاغەزێکی هەستدار لە ناوەوەی کامێرا بەدەردەکەوت کە گەڵێک جار دوای دەرهێنانی لە کامێرا وێنەکە ڕەش دەبوو، ئەو کامێرایانە گەورەو گران بوونو بەکارهێنانیشیان ئاسان نەبوو. (سورمێ، 2006، ل77)

لەساڵی 1758ز، چاویلکە فرۆشی ئینگلیزی، جۆن دۆلاند سیستەمی تازەی هاوێنەی دۆزیەوەو بۆ کامیرای دانا، وێنەی ڕێک و پێک بە کامیراکە دەگیرا جوانتر لەوانەی پێشوو. دیارە سەرەتای وێنەگرتن نەدەتوانرا وێنەکان بچەسپێن، واتە وێنەکان نەدەمانەوە کە بەهۆی

نیتراتی سیلڤەر ئەنجام دەدران، بەڵام لە ساڵی 1816ز، بۆ یەکەمجار زانای فەڕەنسی (نیسفۆر نیپس) توانی وێنەیەکی فۆتۆگرافی لەسەر کاغەزێک کە ڕووپۆش کرا بوو بە کلۆریدی سیلڤەر ئەنجام بدات و سیفەتی بەردەوامی مانەوەی هەبێت. (سەعدی، 1998، ل10)

پێشکەوتنی هەقیقەتی لەبواری وێنەگرتنی تیشکیدا لەسەر دەستی زانای فەڕەنسی (جۆزیف نیپس) بووە کە توانی وێنەی فۆتۆگرافی سەرکەوتوو بگرێت کە خاسیەتی مانەوەی لەسەر کاغەزی هەستداری پێ بەخشی، واتە دوای دەرهێنانی لەکامێرا تێک نەدەچوو، ئەمەش لەساڵی 1822ز دا، یان لەساڵی 1826ز دابوو. (سورمێ، 2006، ل77)

دوای پێشکەوتنی زیاتر لەبواری وێنەی فۆتۆگرافی ئەوەبوو فەڕەنسییەکی تر، لویس دیگۆرێ ئەو وێنانەی بە کامیرای ئۆبسکورا دەستی دەکەوتن، بەهۆی گیراوەی خوێی ئاسایی چەسپ دەکرد، ئەمە لە ساڵی 1837ز دابوو. ئەو وێنانەی ئەنجام دەدران پۆزەتیڤ بوون، لەسەر پلێتی ڕەق بوون، نەدەتوانرا دانەی زیادەکی لەسەر بچوێنێ، ئەمە وای کرد پەرەی پێ بدرێ تا پیاوێکی ئینگلیزی بەناوی (ولیام هنری فۆکس تالبۆت) کە شێوازی نێگەتیڤ/ پۆزەتیڤ بدۆزێتەوە، ناویان نا بە شێوازی کالۆ تایب، یان تالبۆتایب. یەکەم کەسیش کە وشەی فۆتۆگرافی بەکارهێنا لە ساڵی 1839ز بوو، لەلایەن سێرجۆن هارچلەوە بوو. دوای ئەوە لەساڵی 1888ز، جۆرج ئیستمان، دامەزرێنەری کۆمپانیای کۆداک، یەکەم کامیرای ڕۆڵی دروست کرد، کە فیلمی جیلاتینی، یان ئەسیتاتی سلیلۆز لە گەڵیا بەکار دەهات، جۆرج ئیستمان ئەو دروشمەی بەرزکردبووەوە:"تۆ تەنیا دوگمەی کامیرا داگرە.. ئەوەی تری ئێمە تەواوی دەکەین". بەمەش فۆتۆگراف لە دەستی وێنەگرانی تایبەتمەند هاتە دەرو هەموو کەسێکی ئاسایی لە توانایدا هەبوو وێنەی فۆتۆگرافی بگرێت. (سەعدی، 1998، ل10)

پێشکەوتنی وێنەی ڕۆژنامەوانی لەسەردەستی "ستیڤن مۆرگان"ی ئەمریکی بوو لەساڵی 1880، دوای ئەو "میشنباخ"ی ئەڵمانی لەساڵی 1882 توانی ڕێگەی "هافتۆن" بۆ دەرهێنانی

وێنە بهێنێتە کایەوە ئەمیش بەهۆی بەکارهێنانی "پەردە"ی دەستکرد کە وێنەی زۆر جوانی بۆ ئەوکاتە بەرهەم دەهێناو یەکەم بەکارهێنانی ئەو شێوە وێنەیە لە لایەن ڕۆژنامەی "دەیلی گرافیک"بوو لە ئەمریکا لەساڵی 1880، یەکەم وێنەش لە ڕۆژنامەگەری عەرەبیدا لە وڵاتی میسر بەکارهاتووە ئەمیش لە سەدەی نۆزدەهەم بوو، یەکەم وێنە لەڕۆژنامەگەری عەرەبی وێنەی "عەباس پاشای یەکەم"بوو کە لەماوەی (1848-1854)فەرمانڕەوایی میسری کردووە، دوای ئەوە هەندێک لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان لەمیسر وێنەی دەستکردیان بڵاوکردەوە کە لەسەر شێوەی قالبی دار، یاخود لە مس دروست دەکرا. (النادی و ابو رستم، 2004، ص66)

کەواتە وێنە، نەخشە، کاری خۆشنووسی ڕەگەزە تەواوکەرەکانی دیکەی کاری ڕۆژنامەوانین، دەمێکە ڕۆڵی گرنگ و پر بایەخی ئەوانە لای ڕای گشتی دەرکەوتوون. گەر مرۆڤ بیەوێت دەربرینەکانی زیاتر جێی خۆیان لای خوێنەر بکەنەوەو کاریگەرییان زیاتربێت، دەبێت پەنا بۆ ئەو ڕەگەزانە بەرێت. هەر لە زووەوە ڕۆژنامەوانی پەنای بۆ ئەو هۆکارانە بردووە، گومانی تیا نییە هەر سەردەمەو توانای تەکنیک و جێبەجێکردنی خۆی هەیە، بڕی تێچونیش لەمپەری لەبەردەم سوود وەرگرتن لەو هۆکارانە کەمکردۆتەوە. (میرخان، ژمارە (9)ی هاوینی 2002، ل 269)

**دووەم: وێنەی ڕۆژنامەوانی**

کە باس لە ڕەگەزەکانی نەخشەسازی دەکرێت، وێنە ڕەگەزێکی گرنگە لەنێو ڕەگەزەکانی نەخشەسازیدا، ئێستا باس لە وێنە دەکەین، لە ڕووی ئەرکەکانی و سیفەتەکانی و ڕووبەرەکەی و بڕینی و جۆرەکانی و چەندەها وردەکاری دیکەی.

وێنەی ڕۆژنامەوانی شان بەشانی پیت دەوەستێت (پیتی ناوەڕۆکی بابەت و ناونیشان)، لە گواستنەوەی پەیامی ڕاگەیاندن بەهۆی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکەوە بۆ خوێنەر، ئەگەر پیتەکان گرنگی خۆیان هەبێت لەوەی کە هەڵگری پەیامێکی ڕاگەیاندکارین، بەهەمان شێوە وێنەش

بەشدارە بە چالاکی لە گەیاندنی ئەو پەیامە لەگەڵ ناوەڕۆک و ناونیشان بە باشترین ڕێگە، بێگومان ئەگەر بە باشی بەکارهێنرا.

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە کێبڕکێیەی ڕۆژنامەوان لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و هەواڵە نوێیەکان لە تەلەفزیۆندا دەیبینێت، وێنەگرتنی فۆتۆگرافیش وەک بەهایەکی کەم وێنە دەمێنێتەوە، چونکە توانایەکی لە بەستن و تۆمارکردنی ئەو چرکە ساتە دیاریکراوەی ڕووداوەکاندا هەیە، ئەو ئەرکە بە تەواوی هاودژە لەگەڵ جووڵەی وێنەی تەلەفزیۆنیدا.

وێنەکان ڕەگەزێکی زیندوو دینامیکین لە ڕۆژنامەکان و بەیەکێک لە ڕەگەزە تەواوکارییەکانی ناوەڕۆک و بابەت دادەنرێت، هەرگیزو لەهەر بارێکدا بێت جێگرەوەیان نییە. پێگەی وێنە لەژیانی هاوچەرخی ئەمڕۆدا زیادیکردووە، بووەتە بنەمایەکی گرنگ و بنەڕەتی لە گواستنەوەی زانین و کات بەسەربردن و راگەیاندن، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چۆنیەتی پەیپێبردن و ڕێگەی ئەرک پێدانی. (العیاضي، 2006 ، ص74)

لە سایەی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی ئێستادا لە خانەی وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانیدا، بەکارهێنانی وێنەگرتنی دیجیتاڵی لەڕۆژنامەکان زیادیکردووە، کە وایکردووە زۆرێک لە وێنەی ڕۆژنامەوانی لەبەردەستدا بێت، ئەوە جگە لە ئەرشیفکردنی ئەلیکترۆنی دیجیتاڵی کە ملیۆنەها وێنە لەخۆدەگرێت، بەجۆرێک بە ئاسانی دەتوانرێت چاویان بەسەردا بخشێنرێت و وێنەی گونجاو لەگەڵ بابەتێک هەڵبژێرێت. (Bowles and Dinal ، 2000 ،p 279 )

**سێیەم: وێنە لەڕۆژنامەگەری کوردییدا**

هەرچەندە وێنە مێژووییێکی زۆر کۆنی نییە، بەڵام بەکارهێنانی لە ڕۆژنامە گیانێکی زیندوو بەسەر ڕۆژنامەکاندا دەکات، وێنەی ریپۆرتاژی، وێنەی سەرکردەو کەسی دیار لە بوارەکانی سیاسی و ئەدەبی و هونەری و وەرزشی، وێنە بۆ جوانی هونەری گرتنی وێنە. کامێرا لەساڵی 1888بۆ یەکەمجار کامێرای هەڵگیراو لەجیهان داهێنرا، لەوساڵەش ماوەیەکی کورتی هەیە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان (1898).

کورد لەدوای گەلانی دیکەوە بەهۆی چەندین هۆکاری بابەتی و خۆیی بووە بە خاوەن ڕۆژنامەگەری خۆی و یەکەم ڕۆژنامەی لە ساڵی 1898 بڵاوکردۆتەوە لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان لەشاری قاهیرە، بەڵام بەداخەوە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە ڕۆژنامەی "کوردستان"ە بە درێژایی ماوەی دەرچوونی لە قاهیرە و لەندەن و فۆلکستۆن و ژنێف بە بێ وێنە دەرچووە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک بووە لەوانە:

1. لاوازی باری ئابووری ڕۆژنامەکە.
2. کەمی بڵاوبوونەوەی ئامێری وێنەگرتن.
3. هونەری دابەزاندنی وێنەکەو شوێنی لەسەر ڕۆژنامەکە.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە وێنەی بڵاوکردۆتەوە، هەر لەتاراوگە بووە، ئەویش ڕۆژنامەی (کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی)بووە لەساڵی 1908 لە ئەستەمبوڵ، ئەو ڕۆژنامەیە لەلایەن کۆمەڵەی (کورد تعاون و ترقی جمعیتی) بڵاوکراوەتەوە، کە یەکەمین ژمارەی لە 22ی تشرینی دووەمی 1908 دا دەرچووە، لەژمارە (9)ی 17ی کانوونی دووەمی 1909دا وەستاوە. خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسینی پیرەمێرد و سەرنووسەرەکەشی ئەحمەد جەمیل دیاربەکری (1872-1941)ی سەر بنەماڵەی جەمیل پاشای ناودارە. لەسەر بەرگی یەکەم ژمارەی (کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی) وێنەی دیمەنێکی جوانی ئەستەمبوڵ دەبینرێ، لە سێیەمین ژمارەیدا وێنەی (مەبعوسان دائیرەسی) هەیە کە مەبەستی بینای پەرلەمانەو لەژمارە (4)دا وێنەی سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر

دیوی پێشەوەی دەبینرێو وێنەی سالۆنی مەجلیسی ئەعیان لەسەر دیوی پشتەوەی هەیە، هەروەها لە ژمارە (5)دا وێنەی سالۆنی تایبەتی زاتی شاهانەی ناو مەجلیسی مەبعوسان و لە لاپەرەیەکی ناوەوەیدا وێنەی دیوی ناوەوەی (مسجد الاقصی)ی قودس هەیە، لە ژمارە (6)یش وێنەی پردی موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە دەبینرێ.

هەروەها لە ژمارە (8)یدا وێنەی ئەندامانی مەجلیسی مەبعوسان کە بەکۆمەڵ لە چاوەڕوانی زاتی شاهانەدانو لە ژمارە (9) وێنەی پێشوازی هەندێ لە مەبعوسەکانە، هەروەها لە دوا ژمارەیدا وێنەی "خلیجی دەری سەعادەت" رازاوەتەوە. ( ئەمین، ژمارە (9)، هاوینی 2002، ل 89)

شایەنی باسە ئەم گۆڤارە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە زەنگوغراف وێنەی بڵاوکردۆتەوە، لەو (9) ژمارەی کە بڵاوکراوەتەوە (12) وێنەی جۆراوجۆری تێدایە.

هەرچەندە تاساڵی 1930 لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان وێنە زۆر بەکەمی بەکاردەهات، لەساڵەکانی 1930 لە ڕێی ئەرمەنەکانو جوولەکەکانەوە ستۆدیۆی وێنەگرتن لە سلێمانی کرایەوە، لەوکاتەوە هونەری فۆتۆگراف لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کاریگەری خۆی هەبووە. (مەلا محەمەد، ژمارە (5)، 2005، ل 115)

گۆڤاری (ڕۆناهی- Ronahi) کە لەساڵی 1942 لە شام دەرچووە بە یەکێک لە گۆڤارە ناسراوەکان دادەنرێت کە وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەم گۆڤارە تا ساڵانی 1958 دەکرێ بوترێ هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک ئەوەندەی گۆڤاری "ڕۆناهی" بایەخی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە، هەرچەندە هەندێکیان وێنەو وێنەی بەدەست کێشراوی بڵاودەکردەوە.

بڵاوکردنەوەی وێنە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوی ناوەو بەرەوپێشچووە، ئەمڕۆکە بەهۆی هونەری دیزاین لە دونیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو، نەخاسمە دوای راپەڕین و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر،

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە سەرەتای ئەم هونەرە لە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆر سادە بووە.

کەسێکی وەکو حوسێن حوزنی موکریانی سوارچاکێکی مەیدانی کاری تەکنیکی ئەو ڕۆژگارە بووەو شوێن دەستی بەسەر چاپەمەنییەکانیەوە دیارە، گشت کارە هونەرییەکانی گۆڤارەکەی لە ئەستۆ گرتووە، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی (24) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە یەکی گۆڤارەکە دوو وێنە دەبینرێ ئەوەی لای ڕاست وێنەی منداڵێکە لە نێو گوڵزارداو بەرز بۆ دوور دەڕوانێ، هیوای نەوەی نوێ نیشان دەدات. هەرچی وێنەکەی لای چەپیشە دیمەنی پیاوێکی لەخۆگرتووە بە جلوبەرگی کوردییەوەو فەقیانەکەی شۆربۆتە خوارو گۆڤارێکی "زاری کرمانجی" بەدەستەوەیەو لێی دەنواڕێ، هەردوو وێنەکەش لە حاڵەتی ڕاوەستاندان. (میرخان، 2002، ل270)

وێڕای ئەوە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەر دەرکردنی خودی ڕۆژنامەو گۆڤار خۆی لەخۆیدا گەورەترین دەستکەوتە، بێ لەوەی نە ئەزموون و نە تواناو تەکنیک و داراییەک لەڕووی دیزاینەوە لەبەر دەستی ئەو کەسانەدا هەبووە کە بتوانن لە ئاستێکی لەوەی کە هەیە پێشکەوتووتر جێبەجێی بکەن. کاتێک باس لە وێنە دەکەین لەڕۆژنامەگەری کوردیدا، ناکرێ ئاماژە بە گۆڤاری "زاری کرمانجی"ی حوسێن حوزنی موکریانی نەکەین کە یەکەمین ژمارەی لە 1926/5/25 لە ڕەواندز دەرکردووە. ئەگەرچی لە "زاری کرمانجی" وێنە زۆر کەم بڵاوکراوەتەوە، هۆی ئەمەش ئەوەبووە کە وێنەکان بە زەحمەت ئامادەدەکران (وێنە دوای ئەوە هەڵکۆڵین لەسەر دار، یان زەنک، یان مس) چونکە ئەو دوو کانزایە نرخیان گران بوو و پێویستییان بە ماددەی کیمیایی هەبوو بۆ هەڵکۆڵین و لەوکاتەشدا لە جێگەیەکی وەک ڕەواندز دەست نە دەکەوتن. (کارێزی، ژمارە (9)، هاوینی 2002، ل 262)

لەکاتێک کە باس لە وێنە دەکەین لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەوا لایەنێکی دیکە هەیە کە ناکرێ فەرامۆشی بکەین ئەویش وێنەی کاریکاتێرییە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا. دیارە کە مێژووی وێنەی کاریکاتێری بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی نیگارکێشانەوەیە کە لە پێش

نووسینەوە هەبووەو شێوازی نووسینی تەنز ئامێزو گاڵتەجاڕی ڕەخنەیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژوویێکی دێرینی هەیە، تەنانەت ئەرستۆ لە کتێبی (پیوتیکا) ئاماژەی بۆ کردووەو لەسەردەمی یۆنانی و ڕۆمانیشدا سەرنجی ڕاکێشاون. ئەرستۆ پێیوایە تەنز و کۆمیدیاش هەروەکو تراژیدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە پاکبوونەوەی دەروونی مرۆڤدا دەگێڕێ کە ناوی ناوە (Cathersis)، وشەی کاریکاتێریش لە کاریکاتۆراوە هاتووە، کە وشەیەکی ئیتالیاییە و مانای وێنەی کێشراو بە زێدەڕۆییەوە، یان وێنەی گاڵتە ئامێزییەوە دێ. ئەگەر کاریکاتێر سادەترین هۆی دەربڕینی ڕۆژنامەنووسی بێ، بەڵام بەهێزترینیانە. تەنانەت کاریکاتێرێک بە قەد چەندین لاپەڕەی نووسین توانای دەربڕینی هەیە. لە دەستنیشانکردنی ئەرک و پەیامی تەنز و کۆمیدیاش لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لە پاڵ دیاریکردنی چەوتی و دیاردە دزێو و ناهەمواریەکاندا لە ڕووی دەروونیشەوە ئاسوودەیی و خۆشی دەبەخشێ. (کارێزی، ژمارە (9)، هاوینی 2002، ل 263)

یەکەم کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردی لە گۆڤاری (ڕۆناهی- Ronahi) لەساڵی 1942 کە لە شام دەرچووە بڵاوکراوەتەوەو کاریکاتێرەکەش لە ڕۆژنامەیەکی بیانییەوە وەرگیراوە، هەروەک زۆربەی ئەو وێنانەی کە تێیدا بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵ هەبوونی چەندین ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی عەرەبیو فارسی و تورکی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر، بەڵام تا ساڵانی حەفتاکان ڕۆژنامەیەکی ئەوتۆ نابینرێ کە کاریکاتێری بڵاوکردبێتەوە، ئەگەرچی کەسێکی وەک (نوری سابت) کە کورد بووە، بەڵام بەرپرسی گۆڤاری (حەبەزبوز)ی کاریکاتێری بووە کە بە زمانی عەرەبی لە عێراق یەکەم ژمارەی لە 1931/9/29 بڵاوکراوەتەوە. تا دوای ڕاپەرینی بەهاری 1991ی خەڵکی کوردستان گۆڤاری تایبەت بە هونەری کاریکاتێری کوردی دەرنەچووە، یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاڕی تەنزئامێز لە کوردستان دەرچووبێ، بڵاوکراوەی "فشقی تایمز"بوو، یەکەمین ژمارەی لە ساڵی 1994 لەلایەن چەند خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر دەرچووەو یەکەم گۆڤاری کاریکاتێری کوردیش لە شاری سلێمانی  لە مانگی 1997/2 بەناوی "سیخورمە"

دەرچووە. دوای پێنج مانگیش یەکەم گۆڤاری کاریکاتێری لە شاری هەولێر لەمانگی 1997/7 بەناوی "مەلا مەشهور" دەرچووە. لە ڕۆژنامەکانی دیکەش مەگەر تاک وتەرا نەبێ، ئەو بایەخ و گرنگییە شایستەیەی ئەو هونەرەی پێنەدراوە، زۆرجاریش بۆ زیاتر بەهێزکردنی بابەتێکی نووسراو بەکاردێ، یان لەسەر داوای بەرپرسی ڕۆژنامەکە، یان بەرپرسی لاپەرەکە کاریکاتێرێک دەکرێ بۆ ئەو بابەتەی کە ئەو بەرپرسە مەبەستیەتی، ئەمە لە کاتێکدا کە لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەرەوەدا کاریکاتێر لەگەڵ گرنگترین نووسینی ڕۆژنامەکە کە سەر وتارە بەیەک چاو سەیر دەکرێ و لە شوێنی شایستە و لە لاپەرەی یەکەمدا بڵاودەکرێتەوە. (هەندرێن،ژمارە (14)، 2008 ، ل92)

## تەوەری چوارەم: ئەرکی وێنەو دیزاینی وێنەی رۆژنامەوانی

### یەکەم: ئەرکی وێنە

دەتوانین ئەرکەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی لە سێ ئەرکی بنەڕەتیدا کۆبکەینەوە:

1- **ئەرکی بینین:** تایپۆگرافیاکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە وێنە سەرنجڕاکێشە و ڕەنگە باشترین ئامرازیش بێت بۆ سەرنجڕاکێشانی چاوی خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکە، دەتوانێت گرنگترین چرکەی ڕووداو تۆماربکات، خوێنەر بەهۆیەوە دەتوانێت لە وردەکاری ڕوودانی ڕووداوێک تێبگات.

2- **ئەرکی تایپۆگرافی:** لە ڕۆژنامەگەری نوێدا وێنە بە یەکێک لە ڕەگەزە تایپۆگرافی و گرافیکی دادەنرێت و بەشدارە لەگەڵ پیتی بابەت و ناونیشان و بۆشایی لە بونیادی جەستەو کەرەستەی ڕۆژنامەکەدا.

جگە لەوەش، ڕۆڵێکی گرنگ بۆ دەرخستنی جووڵەو زیندوویەتی لاپەڕەکە دەبینێت، هەروەها بەهۆیەوە شکاندنی ئەو ڕەنگە خۆڵەمێشییەی دێڕەکان و بابەتە کەڵەکەبووەکان دروستیانکردووە.

3- **ئەرکی پەیوەندیکردن:** وێنە ئەرکێکی هەواڵی دەگێڕێت کە لە ڕۆژنامەی نوێدا کێبڕکێی وشەی پێدەکات، ئەگەرچی وشە کاریگەریشی هەبێت، بەڵام وێنە بە تواناترە لەسەر پێکەوەگرێدانی ناوەڕۆک لەگەڵ ژیاندا.

گرنگی وێنەی ڕۆژنامەوانی بەوە دەردەکەوێت کە تەماشای جۆرەکانی بکەین، گوزارشتی وێنەی تایپۆگرافیا بەتەنیا لەسەر فۆتۆگرافی ناوەستێت، بەڵکو درێژتر دەبێتەوە تاکو هێڵکارییە دەستییە جۆراوجۆرەکانیش دەگرێتەوە، وەک نەخشەو ڕەسمی بەیانی و وێنەی گوزارشتی و کاریکاتێری. (النادي، 2006، ص79)

**دووەم: جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەوانی**

زیاتر لەجۆرێک وێنەی ڕۆژنامەوانی هەیە، کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنییەکانی دیکەدا بەکاردێت، دەتوانرێت لە دوو گۆشەوە تەماشا بکرێت:

وێنە لەڕووی شێوەی هونەرییەوە دەکرێ بە سێ جۆری سەرەکی دیاری بکرێت، کە بریتییەلە: (علم الدين، 1990، ص39-40)

1- **وێنەی پێرست:** دەکرێت وێنەیەکی کەسی (پۆرترێت) بێت، یان وێنەی شوێنێک، یان کاروانێک، گرنگ ئەوەیە یەک وێنەی تەنیایە و بەبێ شتی دیکە بڵاودەکرێتەوە و ئەرکەکەی بەجێ دەگەیەنێت.

2- **زنجیرە وێنە:** زنجیرەیەک وێنەیە لەگەڵ یەک بابەت، بەجۆرێک زیاتر بێت لەیەک ڕاوبۆچوون، کە لە ماوەیەکی کاتی دووردرێژ گیراوە.

3- **وێنەی دیمەنی یەک لەدوای یەک**: دیمەنێکە، یان کۆمەڵە گرتەیەکە بۆ یەک بابەت لە دیدی ڕاوبۆچوونێکدا لە ماوەیەکی کاتی کورتدا.

زۆرجار وێنە لە شێوەی هێلکەیی، یاخود بازنەیی، یان چوارگۆشەیی دادەنرێن، بەڵام شێوەی پەسند و باشترین لاکێشەیە، چونکە پانییەکەی بەهایەکی جەخت-لەسەرکراوەو دەرخستنە و خەسڵەتی سەرنجڕاکێشان بە وێنەکە دەبەخشێت.

**سێیەم: دیزاینی وێنە**

وێنە لە ڕووی دیزاینەوە، یاخود هێماوە بۆ ئەم جۆرانە جیادەبێتەوە:

1- **وێنەی هەواڵی:** ئەو وێنانە هێمان بۆ ڕووداوێک کە لە کات و ساتێکی دیاریکراو بووە، بۆ نموونە سازدانی دیدارێک لەنێوان دوو سەرۆکی وڵات، یان کوژاندنەوەی ئاگرێکی گەورەی کۆگایەک، ئەم جۆرە وێنانە تەواوکاری هەواڵەکە دەداتە خوێنەرو وای لێ دەکات کە نەگەڕێت بەدوای ڕاست و دروستی ئەو وردەکارییەی لەو هەواڵەدا هاتووە.

2- **وێنەی بابەتەکان، یان وێنەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی:** وێنەی بابەتێکی دیاریکراوە و لەیەک وێنە زیاترە، گرنگی لەوەدایە کە وردەکارییەکانی بەدەردەخات و بەشدارە لە تەواوکردنی بابەتەکە، پێش ڕوودانی کارێک، یان لەکاتی ڕوودانی، یان دوای ڕوودانی. (النادي، 2006، ص83)

3- **وێنەی بابەتەکانی هەواڵی کە هەڵگری مۆرکی مرۆڤایەتییە:** ئەو وێنانەن بۆ ئەو بابەتانەی کە مۆرک، یاخود ڕەگەزێکی مرۆڤانەی بەسەردا زاڵە و تێیدا گۆشەیەکی هەواڵی سادەی تێدایە، ئەو گۆشەیە سادەو گرنگە، بەڵام لەدوای تێپەڕبوونی کاتێک بەسەر ئەو ڕووداوە مرۆڤانەیە ئیدی بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت. (علم الدين، 1990، ص40)

4- **ئەو وێنانەی کە هێمان بۆ کەسایەتییەک کە کرۆکی بابەتەکەن:** پێی دەگوترێت (پۆرترێت)، یان وێنەی نیوەیی دیاریکراو کە لەگەڵ قسەکان، یان لێدوانێکی، یان هەواڵێک لەبارەیەوە، یان هێمایەکە بۆ شوێنێکی دیاریکراو بڵاودەکرێتەوە.

5- **ئەو وێنانەی کە مۆرکێکی جوانکاری دەدەن:** ئەو وێنانەی کە لەبەر سەرنجڕاکێشانی خوێنەرو لەگەڵ ئەو بابەتە دیاریکراوانە دادەنرێن بۆ شکاندن و لاوازکردنی خۆڵەمێشی نووسینەکەیان زۆرو توندن، ئەمەش بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و دەرخستنی لە دەرهێنانی لاپەڕەکە.

6- **وێنەی ڕێکلام:** ئەو وێنانەن کە  بەمەبەستی ڕێکلام، یان ناسین بۆ کەلوپەلێ، یاخود خزمەتگوزارییەک بەکاردەهێنرێن. (خلیل، 2008، ص37) لە بواری دەرهێناندا جۆرەکانی وێنە زۆرن کە هەر یەکەیان بۆ مەبەستێک و مانایەکی تایبەت بڵاودەکرێنەوە.

7- **وێنەی لەرزاوی:** بەئەنقەست دادەنرێت بۆئەوەی هێمایەک بێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وەک: ئۆتۆمبێل کە لە هەوڵی کێبرکێیەتی لەگەڵ خێرایی با بۆئەوەی ئەوە نیشانی خوێنەر بدات کە ئەم ئۆتۆمبێلە هێندەی با خێرایە.

8- **وێنەی دڕاو:** ئەو وێنەیەش بڵاودەکرێنەوە بۆ دەربڕینی بێزاری لە کەسایەتیەکی دیاریکراو، یانیش گوزارشت لە بابەتێکی هەڵوەشاوە بکرێت.

9- **وێنەی بەتاڵ دیکوپ (Decope)** : بەکاردێت بە مەبەستی دەرخستنی بەشێک لە وێنەیەک وەکو دەموچاو، یاخود هەردوو دەستەکان، زۆرجار بڵاودەکرێنەوە چواردەوریشیان بەتاڵییە.

10- **وێنەی هەڵاوگێر:** ئەو وێنانەن کە بڵاودەکرێنەوە لەسەر لاپەڕەکان بە پێچەوانەی حاڵەتی ئاسایی، ئەمەش بەمەبەستی پشتگوێخستن، کە گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی ڕۆژنامەکە دەکات.

**ئەو شوێنانەی کە وێنە تێیدا دادەنرێت لەسەر لاپەڕە:**

1- لەسەر ناونیشانی بابەت.

2- لەژێر ناونیشانی بابەت بەمەرجێک ئەوەی کە ناونیشانەکە دابڕینێک لەگەڵ بابەتەکانی دیکە دروست نەکات.

3- لەژێر بابەتەکە، لەحاڵەتی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی تایبەت بە بابەتەکە پاشان ئەم حاڵەتە پیادە دەکرێت.

4- وێنە لەلای بابەتەکەوە دادەنرێت. (اسطیفان، 1998، ص51)

**چوارەم: بنەماكانی بەكارهێنانی وێنە لە دیزاینی ڕۆژنامەدا**

ڕۆژنامەكان بەگشتی لە شێوازی مامەڵەكردنیان لەگەڵ وێنە لە كاری دەرهێنان و سیاسەتی ڕۆژنامەكە و توانا مادی و تەكنۆلۆژیدا جیاوازن.

ڕۆژنامە پارێزگاریكارەكان لەدەرهێنان و ئامادەكردنی ڕۆژنامەكەیاندا لە ڕووی ژمارەو قەبارەوە بە كەمی وێنە بەكاردێنن، بەڵام هەرچی ڕۆژنامەی وروژێنەرە بە تایبەتی ئەوانەی نیوەیین لاپەڕەی یەكەمی ڕۆژنامەكانیان بەوە ناسراوە كە وێنەی گەورە بەكاردەهێنن و جاری وا هەیە لاپەڕەكە هەموو داگیردەكات.

لێرەدا هەندێ لایەنی جیاوازی چارەسەری تایپۆگرافیای وێنەی فۆتۆگرافی دەخەینەڕوو لە ڕووی: هەڵبژاردنی وێنەو ڕووبەڕی وێنە و بڕینی وێنە و شێوەی وێنە و قسەی وێنە و كاریگەرییە تایبەتەكانی سەر وێنە، ئەوە جگە لە لاپەڕە وێنەگیراوەكان.

1- **هەڵبژاردنی وێنە:** شارەزایانی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی وای دەبینن كە هەڵبژاردنی وێنەیەكی گونجاو بۆ بڵاوكردنەوە هەنگاوێكی بنەڕەتی و یەكەمە لە سەركەوتن و بەجێگەیاندنی ئەركی ڕۆژنامەوانی بە تەواوەتی. ئەو وێنەیەی كە لێرەدا دەستنیشان دەكرێت، ئەو وێنەیە كە ماناكان دەدركێنێت و هەواڵەكە بەخوێنەر دەگەیەنێت. پرۆسەی هەڵبژاردنی وێنەی تەندروست بۆ بڵاوكردنەوەی، بۆ كۆمەڵێك بنەمای ڕۆژنامەوانی و هونەریی ملكەچ دەكات كە گرنگترینیان دەخەینەڕوو: (النجار، 2001، ص154-160).

**أ - زیندوویی:** وێنەی ڕۆژنامەوانی سەركەوتوو ئەوەیە كە لەكاتی كارلێكی خاوەنەكەی لەگەڵ ڕووداوەكەدا دەچركێنرێت، بەجۆرێك بجوڵێت، چاودێری بكات، سەرسوڕمان بێت، پرسیاربكات، بە دەستێكی، یان بە هەردوو دەستی ئاماژە بكات، تاكو مانای مەبەست بگەیەنێت، تاكو كۆتایی دیمەنەكان كە تێیدا جۆرێك لە ژیان نیشانبدات.

**ب - خۆڕسك:** ئاماژەیە بۆ گرتەیەكی خۆڕسك - لەناكاو - كە وێنەگر دەیگرێت و بەبێ ئەو بڕوایەی، كە ئەو كەسانەی دەرچوونە تیایدا، واتە ئەو كەسانەی كە تێیدا دەرچوون

تەماشای هاوێنەی کامیرایان نەکردووە. نموونەیەک بۆ خۆڕسک و زیندوویی لە وێنەدا. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 13)

ج ـ **پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە بابەتەکە:** ئاماژەیە بەو وێنانەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیەو ڕەهەندی زیاتری بۆ زیاد دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە ئەو وێنەیەیە کە بیرۆکەی بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکات و خوێنەر هاوشانی بابەتەکە هەست بەگرنگی دەکات.

د ـ **واتا:** ئاماژە بەو وێنانە دەکات کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت و سەرسامی لەسەر ڕووکاری دروست دەکات، بەهای ئەم جۆرە وێنەیە ئەوەیە کە توانای کاریگەری و سەرنجڕاکێشانی هەیە.

هـ ـ **لایەنی مرۆڤایەتی:** لایەنی مرۆڤایەتی لە وێنەدا بەهاو کاریگەری زیاتر دەکات، وا دەکات کە ژمارەیەکی زۆری خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێت، ئەگەر بۆ نموونە ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕوویداو بەتەنیا وێنەی ئۆتۆمبێلەکە بگیرێت، ئەوا بایەخێکی کەم بە خوێنەر دەدات، بەڵام ئەگەر وێنەی ئۆتۆمبێلەکە بە هەڵگەڕاوەیی و گیری خواردووە لە شوێنێکی مەترسیدار کە ئێستا نا ئێستا دەکەوێتە ناو ڕووبار، یاخود دۆڵەکەوە، ئەوا زیاتر جێگەی بایەخ دەبێت، ئەمەش لەبەر هێزی گوزارشتەکەیە بۆ کارەساتەکە.

و ـ **لایەنی هونەری:** وێنەی ڕۆژنامەوانی شیاو و تەندروست، پێویستە هەندێ مەرجی هونەری و پیشەیی تێدا هەبێت:

*ڕوون بێت، شایەنی چاپکردن بێت.

*ڕووەکەی بریقەداربێت، پلەداری لە تاریکی باش بێت، لەگەڵ بڕی جیاجیابێت لە سپیاتی و ڕەشی بۆ دەرخستنی.

*ڕووی، یان وردەکاری ڕەگەزی وێنەکە دیاربێت.

نابێت وێکنەچوونی توند لەنێوان ڕووناکی و تاریکیدا هەبێت، لەبەرئەوە دەرهێنەری شارەزا ئەو وێنانە بەباش دەزانێت کە پلەکانی تاریکی مامناوەند بێت لەو وێنانەی کە زۆر تاریکن.

## 2- ڕووبەڕی وێنە:

هەندێ لە گۆڕاوەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دیاریکردنی قەبارەی گونجاوی وێنە هەیە، کە پێک دێت لەمانەی خوارەوە: (حمەأمین، 2018، ل138-139).

**أ ـ بەهای وێنەو مەودای گرنگی:** بە سروشتی حاڵ ناوەڕۆکی وێنەیە کە ڕووبەرەکەی دیاری دەکات، نەک ئەو شوێنەی لەسەر لاپەڕە. تەرخانکردنی ڕووبەرێکی گەورە بۆ وێنە نیشانەی بایەخێکی تایبەتە، بۆیە دەبێت وێنەکەش بتوانێت ئەو ئەرکە ببینێت لە کاریگەری لەسەر خوێنەر.

**ب ـ ڕوونی خوێندنەوەو کاریگەری:** ڕوونی خوێندنەوەی وێنە یەکێکە لە گرنگترین کاریگەرییەکان، ئەگەر وێنەیەک بڵاوکرایەوە و خوێنەر نەیتوانی لە وردەکاری وێنەکە تێبگات، ئەوا وێنەگر وەک ئیشی نەکردبێت وایە، بۆیە باشتر وایە کە وێنەکە هەر بڵاونەکرێتەوە، بۆیە ڕوونی خوێندنەوە، دەرهێنەر ناچار دەکات ئاستێکی کەم بۆ قەبارەی وێنە دابنێت، لێرەوە ئەو پرسیارە دروست دەبێت: ئایا ڕووبەری تەرخانکراو بۆ وێنەکە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات، یان نا؟

**ج ـ گرنگی بابەتەکە:** پەیوەندییەکی لێکچوو ڕووبەری وێنەو گرنگی بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بابەتی گەرم پێویستە وێنەیەکی گەورەشی لەگەڵدا بێت.

**د ـ جۆری وێنە:** وێنەیەکی بابەتی پێویستی بە ڕووبەرێکی گەورەتر هەیە لە وێنەیەکی کەسێتی، چەندە هەڵگری وردەکاری بێت، ئەوەندەش پێویستە زەق بکرێتەوە، ئەوەش ناکرێ تەنیا بە تەرخانکردنی ڕووبەرێکی گونجاو بێت.

**هـ ـ پێگەی لە ڕۆژنامەکە:** هەندێ لاپەڕە هەیە هەمیشە پێویستی بە وێنەیەک هەیە لە ڕووبەرێکی گەورەدا، وەکو لاپەڕەکانی هونەرو ئافرەتان و وەرزش و توێژینەوە، بە پێچەوانەی ئەو لاپەڕانەی کە شێلگیرن وەکو لاپەڕەی سیاسی و ئابووری و هی دیکە.

**و ـ سیاسەتی دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک:** بەشێکی دانەبڕاوە لە سیاسەتی ڕۆژنامەکە، هەندێ ڕۆژنامە ڕەگەزی وروژاندن لە شێوازی دەرهێناندا بەکارناهێنێت. بە پێچەوانەوەش ڕۆژنامەی پارێزگاریکار بە پەرۆشییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ وێنەو ناونیشان و ڕەنگەکان دەکات، لەکاتێکدا ڕۆژنامە میانڕەوەکانیش ڕێبازێکی ناوەندن لە نێوان هەردوو ئاڕاستەکەدا.

**ز ـ فرەیی وێنە لەسەر لاپەڕەیەک:** لە ئامرازەکانی دەرهێنانی پەیوەست بە ڕووبەری وێنە، بوونی ژمارەیەک وێنەیە لە یەک لاپەڕەدا، یان لەگەڵ یەک بابەت، زۆرجار هەڵگری بیرۆکەی سەرەکی بۆ بابەتەکە لە وێنەکان ڕووبەرێکی گەورەی بەردەکەوێت، یان پەی بەلایەنی دیکەی بابەتەکە دەبرێت، بۆیە پێویستە بەتەواوی دوور بکەوینەوە لەیەکچوونی قەبارەی وێنەکان، چونکە لەڕووی کاریگەرییەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی وێنەکان لەگەڵ یەکتر.

**3- بڕینی وێنە:**

لەسەر دەرهێنەر پێویستە ئەو بەشانەی گرنگ نین و سەرنجڕاکێش نین لەوێنەکەدا بیبڕێت و ئامانجی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی لەسەر لاپەڕەکە بەدەست دەهێنێت، ئەوەش بە بڕینی هەموو شێوەو ڕەگەزو ڕووبەرە نابنەڕەتیەکان لە وێنە و هێشتنەوەی ئەو بەشەی کە تەنیا ئەرکەکەی بەدەستدەهێنێت، دەکرێت. (حمەأمین، 2018، ل140-141).

**لەڕووی بڕینی وێنەوە، دوو جۆر لەو وێنانە هەن:**

**أ ـ وێنەی بابەتی:**

گرتەیەکە لە بابەتەکە. ڕووداوەکە، زۆجار بە زۆری وردەکاری دەناسرێت، لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەی بابەتی، دوو ڕێگە بۆ بڕین هەیە:

**یەکەم:** بڕینی هەڕەمەکی (Loose Crop) کە ڕووبەرو شێوە دەمێننەوە، کە گرنگییەکی ئەوتۆیان بۆ بابەتە بنەڕەتییەکە نییە، ئەوەش کاریگەری وێنەکە لاواز دەکات.

**دووەم:** بڕینی پتەو (Tight Crop) ئەوەیە کە دەرهێنەر ناچار دەکرێت بۆ بڕینی ئەو شێوانەی کە گرنگییەکی ئەوتۆیان لە وێنەکەدا بمێننەوە و هێشتنەوەی بەشی گرنگ. بەم شێوەیەش هێزو کاریگەریی وێنەکە زیاتر دەبێت.

**ب ـ وێنەی کەسێتیی:**

وێنەی کەسێتی ئەو وێنەیەیە کە هی کەسێکە، زۆرجار ئەم جۆرە وێنەیەش دەگیرێت بۆ ناسینی ناسنامەی کەسەکە. ئەوەی لەسەر وێنەی بابەتی لەبڕین پیادە دەکرێت، بەهەمان شێوە لەسەر وێنەی کەسێتیش ڕەچاو دەکرێت، لەگەڵ جیاوازییەک کە لەنێوان سروشتی وێنەی بابەتی و وێنەی کەسێتیدا هەیە.

بۆ نموونە وازهێنان لەبەشێکی شانەکان و سنگی و ڕووبەرێکی بەتاڵی هەردوو لای دەم وچاوی کەسەکە، هەروەها لەسەرەوە، چونکە دەم وچاوی کەسەکە بچوک دیار دەبێت، بەوەش کاریگەری کەم دەبێت.

هەروەها بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسێتی وەکو خۆی لەسەر لاپەڕەکە وای لێدێت کە وێنەی دەموچاوی کەسەکە بچووک بەدەرکەوێت، بەو شێوەیە هەرچەندە ڕووبەری گەورە بۆ ئەو وێنە کەسێتیە دابنرێت، بەڵام بەبێ بڕین لە کاریگەری و هێزی کەم دەکاتەوە.

بڕینی (درامی)یش هەیە بۆ وێنەی کەسێتی و تیایدا بەتەنیا دەم وچاوی، یان بەشێکی دەم وچاوی بمێنێتەوە، بڕینی نیوەی ڕووی بەشێوەیەکی ستوونی دەبێت و مانەوەی بەشەکەی دیکە، هەرچەندە نیوەی دەبرێت، بەڵام کاریگەرییەکی تایبەتی بە وێنەکە دەدات. (بڕوانە پاشکۆی ژمار14)

هەروەها لەبڕینی درامیدا ڕوو دەکرێتە سەر گرنگترین بەشی دەم وچاو وەکو (چاوەکان). ئەو جۆرە بڕینەش لەسەرەوەی برۆکان و لەخوارەوەش لەخوار لووتیەوە دەبێت، ئەوەش بۆ زیاتر چڕکردنەوەی سەرنجەکان لەسەر چاوەکانی کەسەکە، چونکە چاوەکان کاریگەریان

زیاترە لەهەموو بەشەکانی دیکەی دەم وچاو. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 15 بڕینی وێنەی کەسێتی بەمەبەست)

**4- شێوەی وێنە**

مەبەست لێی شێوەی کۆتایی بۆ ئەو هێڵەی کە دەبێتە ڕۆخ و چوارچێوەی وێنەکە ( out line)، ئەوە ئەگەر لەتوانای دەرهێنەردا هەبێت ئەو شێوەیەی وێنەکە وەکو ئەوەی دەیەوێ نیشانی بدات، ئەمەش بەهۆی پڕۆسەی بڕینەوە (cropping) کە وا لە وێنەکە دەکات ڕۆڵێکی گەورە لە سەرنجڕاکێشانیدا ببینێت. زۆرجار ناوەڕۆکی وێنەکە ئەو توانایە دیاریدەکات، بۆ نموونە ناکرێت وێنەیەکی لاکێشەیی بخەیتەناو چوارچێوەیەکی چوارگۆشەیی، یانیش بە پێچەوانەوە. ئەگەر ئەوەش ببێت، ئەوە بێگومان لەسەر حیسابی وێنەکە دەبێت. بەهەرحاڵ زۆرن ئەو شێوە وێنانەی کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندان، دەکرێت بەو شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکرێت: (حمەأمین، 2018، ل142-144).

**أ ـ شێوە چوارگۆشەییەکان**

ئەم جۆرە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژنامەکان بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لاکێشەو چوارگۆشە، واباشترە کە دووربکەوینەوە لە بەکارهێنانی شێوەی چوارگۆشەیی، چونکە هێمایەکە بۆ چەقبەستوویی، بەهۆی یەکسانی لایەکانیەوە، بەڵام لاکێشەیی باشترە لە چوارگۆشەیی چونکە ئازادییەک بۆ بەکارهێنانی بەو ڕووبەرە بەشێوەی ستوونی، یاخود ئاسۆیی بە دیزاینەر دەدات.

شارەزایانی بواری تایپۆگرافیای ڕۆژنامەگەری ڕێنمایی ئەوە دەدەن کە خۆبەستنەوە نەبێت بە ڕێژەی لاکێشەی زێڕین کە ڕێژەکەی نزیکە لە(3:5)، یان لەڕووی ڕوونیدا (1: 1.6181) و دوو ئەوەندەیان، چونکە وێنەی درێژی لاکێشەییە ئاسۆییەکەی، یان ستوونیەکەی زیاتر بۆ چاوی خوێنەر سەرنجڕاکێش دەبێت، لەوەی کە ڕێژەکەی زێڕینییە. (نەقشبەندی، 2014، ل158)

**ب ـ وێنەی گۆشەکانی چوارچێوەکەی کەوانەیین**

ئەم جۆرەش بە شێوە سەرنجاویەکانە، چونکە کۆکەرەوەی هەردوو ئەو مۆرکەیە کە هێزی هێڵی ڕاست و مۆرکی هێڵی زراڤی و نەرمییە و هەڵگری هێڵە چەماوەییەکان. هەروەها بە بەدەستهێنانی ئەو بۆشاییەی لە دەوروبەری چەماوەکانی گۆشەکانیدایە، ڕوونکردنەوەیەکی گەورە بۆ وێنە دەردەخات. باشتر وایە لە لاپەڕەی هونەرو ئەدەب و وەرزشدا بەکاربهێنرێت، هەروەها ڕەچاوی قەبارەی چەماوەیی کەوانەییەکانی بکرێت لەگەڵ ڕووبەری وێنەکە، بێگومان پەیوەندییەکی لێکچوویان دەبێت بە سروشتی حاڵ، واتە چەندە قەبارەی وێنەکە زیاد بێت بەهەمانشێوە قەبارەی کەوانەی گۆشەکانیش زیاد دەکات و بەپێچەوانەشەوە ڕاست و دروستە. (نەقشبەندی، 2014، ل 158- 159)

**ج ـ شێوە بازنەیی و وەرگرتەییەکانی**

یەکێکە لەبەکارهێنەرە نوێیەکانی وێنە لە ڕۆژنامەکان، بازنەیی لەو شێوەیانەیە کە ئاسانە بینینیان لەوانی دیکە، چونکە هێڵی دەرەوەی بازنە ناتوانێت جێگیر بێت، بەڵکو هەمیشە هەستێکی جووڵەیی دەدات، ئەوەش وایکردووە کە شێوەی بازنەیی هێزێکی ڕاکێشانی زیاتری هەبێت لە شێوەکانی (ئستاتیکا)ی جێگیر وەکو چوارگۆشەو لاکێشە، پێویست ناکات ئەوە جێبەجێکردنێکی دەرهێنانی سەرکەوتووبێت.

لە وەرگرتەکانی بازنە و شێوەی هێلکەیی پەسەندترە و لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە مۆرکی مێژوویی هەیە بەکاردەهێنرێت، چونکە لەسەرەتاکانی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی بەو شێوەیە وێنەکان دەردەچوون، هەرگیز ئامۆژگاری ئەوەش ناکرێت کە شێوەی بازنەیی (وێنە شێوە بازنەییەکان) لە ڕۆخی لاپەڕەکان بەکاربهێنرێت، چونکە تێکەڵیەک لەنێوان سپیایی دەوروبەری بازنەکەو سپیایی چواردەوری لاپەڕەکە دروست دەکات. (نەقشبەندی، 2014، ل159) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 16 شێوەی وێنەکان)

**د ـ وێنە بێ باکگراوندەکان (دیکۆپی)**

وێنەی دیکۆبیە ئەوەیە کە باکگڕاوندەکەی بەتەواوی لادەبرێت، سپێتی لاپەڕەکە دەبێتە باکگراوندنی وێنەکە.

ئەمەش بۆ ئەوە دەکرێت کە وێنەکە بە پلەیەکی گەورە زەق بکرێتەوە، لەبەر زۆری ڕوونی لەنێوان وێنەکەو لەنێوان باکگراوندە ئەو سپێتیەی لەدەوروبەریەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە لەشێوەی وێنە بە یەکێک لە بەتواناترینەکان دادەنرێت لە دەرخستنی جووڵەدا ئەگەر هەیبێت، چڕکردنەوەی سەرنجراکێشی لەناوەڕۆکی وێنەکەدا، هەروەها هەمەچەشنیەک لە شێوەی وێنە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بەدەست دەهێنرێت.

مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەی لەم جۆرەدا دەبێ ڕەچاوی دەرهێنەر بکرێت، بەخاڵی نەکردنی باکگراوندی ئەو وێنانەی کە ڕۆخەکانیان سپین، یان کاڵن، چونکە ئەو ڕۆخانە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ سپیایی لاپەڕەو دەوروبەری، لەوێدا نیشانەو هێماکانی وێنەکە لە ڕۆخەکان ون دەبن.

نموونە:

خاڵیکردنی باکگراوندی وێنەیەک کە کەسەکەی ناوی جلێکی سپی لەبەردایە.

خاڵیکردنی باکگراوندی وێنەیەک کە کەسەکە سەری ڕووتابێتەوە. (نەقشبەندی، 2014، ل160) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 17 شێوەی وێنە بێ باکگراوندەکان)

**هـ ـ شێوەکانی دیکە**

شێوەکانی دیکە وەک سێگۆشە، شەش پاڵوو، نیمچە لادەر، هاوسەنگی لایەکان، یان تیر، یان هەور، یان چەندانی دیکەی شێوە نائاساییەکان، بەکارهێنانی ئەم شێوانە لە وێنەدا هەمیشە گەڕانە بەدوای نوێکردنەوەی شێوەکان، نەک بەدەستهێنانی ئەو پەیوەندییەی کە ئامانجی سەرەکییە لە وێنەکەدا. (نەقشبەندی، 2014، ل161)

*پێگەو شوێنی وێنە لە لاپەڕەدا: لەسەر دەرهێنەرە لەکاتی دانانی وێنە ڕەچاوی ئاڕاستەکەی بکات، پێویستە هەمیشە ئاڕاستە جووڵەی وێنە ئاماژە بێت بۆ ناوەوەی

لاپەڕەکە، نەک بۆ دەرەوەی، بەتایبەتی ئەگەر بکەوێتە سەر ستوونی دەرەوەی لاپەڕەکە، پێویستە نووسینەکەش لە ڕۆخی ناوەوەی وێنەکە بێت نەک لە ڕۆخی دەرەوەی.

* ڕێڕەوی سروشتی بۆ چاوی خوێنەر:

لەدوو حاڵەتی شێوەی ڕەها پێکدێت: (حمەأمین، 2018، ل147-148).

یەکەم: دانەنانی وێنە لەسەر ستوونی دەرەوەی لاپەڕە.

دووەم: نەبوونی ئاڕاستەی جووڵەی بەهێز لەخودی وێنەکەدا، لەم حاڵەدا دەبێت قسەکان لەلای چەپی وێنەکە بێت تەنانەت ئەگەر خوێنەر ئەو بوارەی نەبوو تەماشای بکات، بەڵام ڕاستەوخۆ بەرەو خوێندنەوەی قسەکانی لای چەپ دەڕوات، لەگەڵ ڕێڕەوی سروشتی چاوی عەرەبی خوێندنەوەکە دەڕوات.

ب ـ **قەبارەو چڕی قسەکانی وێنە:** نیمچە کۆدەنگییەک لەلای تایپۆگرافیاکاران هەیە لەسەر پێویستی کۆکراوەی قسەکانی وێنە بە قەبارەیەکی بچووکتر لە قەبارەی ناوەڕۆک و بابەتەکە، بەڵام بە چڕییەکی گەورەتر، چونکە ئەم جێبەجێکردنە لەلای خۆیەوە بەشدارە لە پڕکردنەوەی ئەو درزە بینراوەی لەنێوان وێنەیەکی گرانی زۆر و پیتی ناوەڕۆکی خۆڵەمێشی سوکدا هەیە.

ج ـ **پانی قسەکانی وێنە:** ئاماژە بەوپەڕی پانی دەکات، کە ڕەنگە قسەکانی وێنەکە بیگرێت، هەندێک پێیان وایە ئەو پانیە لەنێوان پانی دوو ستوون و نیو تاکو سێ ستوون دەبێت، هەندێکی دیکە پێیان وایە کە دەکرێ ئەو پانیەی قسەی وێنەی تیا دەنووسرێت بگاتە کۆتایی لەگەڵ دابەشکردنی قسەکان بۆ دوو بەش.

د ـ **سپیایی لەنێوان وێنەو پەراوێز بۆ نووسین:** هەندێ لە تایپۆگرافیاکاران پێیانوایە سپیاتی لەنێوان وێنەو پەراوێز بۆ نووسینەکەی لەنێوان (½ تاکو ¾ )سم، ئەمەش ڕێژەیەکی شیاوە بۆئەوەی وێنەکەو قسەکانی وەک یەکەیەکی یەکگرتوو دەربکەوێت.

هـ ـ **چوارچێوەی دەوروبەری وێنە:** سپیاتی باشترین ڕێگەیە بۆ دروستبوونی شورایەک بۆ وێنەکە، بەپێی یاسایەک پێویستە ڕێژەی (½)سم لەدەوروبەری وێنەکە بەجێ بهێڵرێت،

ئەگەر وێنەکە لەسەر ستوونی دەرەوە بێت ئەوا لەگەڵ ڕۆخی نووسینەکانی ستوونی یەکەم، یان لەکۆتایی نووسینەکانی ستوونی کۆتایی دادەنرێت، بۆ ئەوەی سپیاتی شورای وێنە لەگەڵ شورای لاپەڕەکە تێکەڵ نەبێت.

و ـ **کاریگەرییە تایبەتییەکان:** زۆرجار ڕۆژنامەکان بۆ چارەسەری وێنەی فۆتۆگرافیا پەنا بۆ کاریگەرییە تایبەتییەکان دەبەن، بۆ ئەوەی زۆرترین سەرنج راکێش بێت و گرنگییەکەی بوروژێنێت. ئەم جێبەجێکردنە جوان دەبێت ئەگەر بەباشی بەکار بهێنرێت، بێگومان بەتایبەتی لەو لاپەڕانەی کە بابەتە بنەڕەتییەکانی هونەری و وەرزشی و ئەدەبین، بە واتا ڕەنگێکە لەڕەنگەکانی هونەر.

**پێنجەم: ئەرکی وێنەی ڕۆژنامەوانی**

زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی وێنەی ڕۆژنامەوانی  چەند ئەرکێکی هەیە ئەوانیش بریتین لە -:

**یەکەم : ئەرکی هەواڵی**

ئەرکی هەواڵی یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئەرکانەی کە وێنەی ڕۆژنامەوانی  پێی هەڵدەستێت، بوونی دەبێتە هۆی گەیاندنی زانیارییەکان بە زۆر ڕوونی و بەخێرایی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەرکی جوانکاریش دەبینێت لەنێو لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان (خليل، 2015، ص169).

زۆر جار وێنەکان بەسەر دەقە نوسراوەکاندا سەردەکەون و پێش دەقە نوسراوەکان ڕووداوە ڕاستەقینەکە دەگوێزنەوە بۆ وەرگر، هەروەها  وێنەی ڕۆژنامەوانی  لەتوانایدا هەیە کۆی هێماکانی زمان و ئامرازەکانی گوزارشت کردن لە بیرۆکەو بابەتەکان لەخۆ بگرێت. (الراتب، 2012، ص81)

وێنەی هەواڵی هاوکارە لە پێدانی وردەکاری زانیاریەکان زۆر بە وردی لەسەر ڕووداوە ڕاستەقینەکان، هەروەها هاوکارە لە بڕواپێهێنانی وەرگر لەسەر ڕاست و دروستی هەواڵەکە

که قورسه بڕواپێهێنانی وەرگر بۆ ڕاست و دروستی هەواڵەکە تەنیا بە دەقی نوسراو بێ بڵاوکردنەوەی وێنە لەسەر ڕووداوەکە (خليل: 2014، ص141)، لە ئێستادا زۆرێک لە ڕۆژنامەکان لەسەر هەواڵێک چەندین وێنە بڵاودەکەنەوە کە هاوکارن بۆ دڵنیابوونی چاوی خوێنەر بۆ ڕوودانی ڕووداوەکە.

**دووەم: ئەرکی سایکۆلۆژی**

وێنەی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگر دروست دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی وێنە ڕۆژنامەوانییەکە بە گشتی و، یاخود بۆ بابەتەکەی، یان بۆ ڕەنگەکەی، هەموو ئەم فاکتەرانە کار دەکەن لەسەر سەرنج ڕاکێشانی وەرگر بۆ لای بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە (الصويعي، 1998، ص 106)، یاخود بۆ ئەو پانتاییەی وێنەکە داگیری کردووە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە، ئەمە سەرەڕای وروژاندنی گرنگی پێدانی وەرگر دەربارەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییەی وێنەکەی لەسەربڵاوکراوەتەوە کە بەتەواوی بەستراوەتەوە بە سایکۆلۆژیای وەرگرو وەڵامدەرەوەی هەندێک لە خواست و پێداویستییەکانێتی لەلایەنی دەروونی و عەقڵی. (العاني، 2011، ص249)

دیزاینەرانی ڕۆژنامەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وێنە باشترین ئامرازە بۆ ڕاکێشانی بە ئاگایی وەرگر بۆ ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، یاخود لەسەر پێگە دیجیتاڵییەکان بڵاودەکرێنەوە وەک هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و هەندێک بابەتی ڕۆژنامەوانی دیکە. (النجار، 2009، ص150)

وێنە بەڕێژەیەکی زۆر  لە ڕۆژنامەو گۆڤاری منداڵان دادەنرێت لەلایەن دیزاینەرەوە، بەو پێیە ڕەگەزێکی کاریگەرە لەسەر دەروونی منداڵان، بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ ناوەڕۆکێکی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە منداڵان تەنیا بۆ مەبەستی چێژ وەرگرتن و خوش ئامێزی نییە بەڵکو بۆ مەبەستی ڕوونکاری واتاکان و چەمکەکانە ئەمە سەرەڕای ئەوەی هاوکارە بۆ گەشەپێکردنی خەیاڵەکانی منداڵان و پاڵنەرە بۆ ئەوەی بەرەو  تێڕامان و داهێنانی بەرێت (الهيتي، 2011، ص139).

وێنەی ڕۆژنامەوانی هاوکارە بۆ پێدانی ئەو هەستە بەخوێنەر وەک ئەوە وایە وەرگر بەشدار بێت لە گواستنەوەی ڕووداوەکە لەبەر ئەوەی گوزارشت لە هەست و سۆزی وەرگر بە جیاوازی جۆرەکانییەوە دەکات، هەروەها گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی و ترس و دڵەڕاوکێ و توڕەبوون و هەڵچوون و کاردانەوە دەکات و هەستی ئەو کەسانەش ڕوون دەکاتەوە کە بەشدارن لە ڕووداوەکەدا، هەندێک وێنەی ڕۆژنامەوانی کاریگەری لەسەر سۆزی وەرگر دروست دەکات و وای لێدەکات یادەوەرییەکانی بیربخاتەوە . (حجاب، 2010، ص399).

هۆکارێکی سەرەکی لە پشت بەکارهێنانی وێنەوە هەیە لە دروستکردنی ڕێکلامەکاندا ئەویش ئەوەیە کە وێنە توانایەکی گەورەی هەیە لە بڕواپێهێنان و سەرنج ڕاکێشانی وەرگر بۆ لای بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکە، بونی وێنە لە ڕیکلامەکاندا هاوکارە بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی و سوودەکانی بابەتە ڕێکلام بۆ کراوەکە، هەروەها بەدیهێنانی ئامانجی ڕەواجپێدانەکە بۆ بابەتە ڕێکلام بۆ کراوەکە لەلایەن ئەو کەسەی ڕێکلامەکەی کردووە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

**سێهەم : ئەرکی جوانکاری**

وێنەی ڕۆژنامەوانی ئەرکی جوانکاری دەبینێت و بەشدارە لە پێدانی زیندوویەتی و ڕاکێشانی چاوی خوێنەر بۆلای ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانییەکانی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بلاوکراونەتەوە، هەروەها وێنەی ڕۆژنامەوامەنی لە توانایدا هەیە کاریگەری لەسەر سۆزی وەرگر بکات و وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە، لە کاتێکدا وێنە ڕۆژنامەوانییەکان بەهایەکی جوانکارییان هەیە وەک کارێکی هونەری، لەهەمانکاتدا دەتوانن بینینی چاوی وەرگر لەسەر بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە بوەستێنن . (الفار، 2010، ص211).

وێنەی ڕۆژنامەوانی لە زۆربەی ئامرازە جیاوازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندندا ئەرکی خۆی دەبینێت بۆ نموونە بەکارهێنانی لە نێو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی منداڵاندا کە زیندوویەتی پێ دەبەخشێت، هەروەهاجوانی و سەرنج ڕاکێشی زیاتر بە لاپەرەکە، یاخود

پێگە دیجیتاڵییەکان دەبەخشێت و دڵخۆشی لەدەروونی منداڵاندا دروست دەکات (الطرابيشي، 2003، ص117)، هەروەها حەوانەوەیەک بە چاوی وەرگر دەدات و ناوەڕۆکە نوسراوەکان کورتتر دەکاتەوە. (الهيتي، 2011، ص140)

**چوارەم : ئەرکی دەرهێنان**

زۆربەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەوانی پێیان وایە ئەو ڕۆژنامانەی، یاخود پێگە دیجیتاڵییانەی وێنە لەگەڵ ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانییەکان دانانێن، ئەو ڕۆژنامەیە، یاخود ئەو پێگە دیجیتاڵییە لە توانایدا نییە بڕوا بە خوێنەر بهێنێت، لەبەر ئەوە زوربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و پێگە دیجیتاڵیەکان وێنە وەک ڕەگەزێکی تۆبۆگرافی لەگەڵ دەقە نوسراوە ڕۆژنامەوانییەکان بەکار دەهێنن و پشتی پێ دەبەستن، بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانییەکە وا لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەکات سەرنج ڕاکێش بێت و بێزاری بۆ وەرگر دروست نەکات هەروەها کەسایەتییەکی تایبەت دەدات بە ڕۆژنامەکە کە جیاواز بێت لە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن. (الصميدعي، 2018، ص171).

وێنە لەگەڵ ڕەگەزە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکەدا کە ناوەڕۆکەکەی پێک هێناوە وەک (ناونیشانەکان و پیتەکان و بۆشاییە سپییەکان) بەشدارە لە پێکهێنانی لاپەڕەکاندا جا لە ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیدا بێت، یاخود چاپکراو .

بەو پێیەی وێنە ڕەگەزێکی جیۆگرافیە، دەرهێنەرە ڕۆژنامەوانییەکان وەک ئامرازی زیادکردنی زیندوویەتی وجووڵە بە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بەکاردەهێنن، هەروەها وێنەکان هاوکارن بۆ پۆلێن کردنی هەواڵەکان بە پێی گرنگییان و ئاڕاستە کردنی جووڵەی چاو . (النجار، 2009، ص43).

**پێنجەم : ئەرکی بە دۆکیومێنت کردن**

وێنەی ڕۆژنامەوانی بەشدارە بەشێوەیەکی کارا لە بە دۆکیومێنت کردنی ژیان و مێژووی گەلان بە هەموو جیاوازییەکان و جۆرەکانییەوە، جا گەر بە دۆکیومێنت کردنی لایەنێکی ژیانی گەلان بێت ئیتر ئەو لایەنە لایەنی سیاسی بێت، یاخود کۆمەڵایەتی و .... هتد، زۆربەی

توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی وێنەکان ئەرکی بە دۆکیومێنت کردن دەبینن لەتەنیشت دەقە نوسراوەکانەوە، جا ئیتر ئەو بە دۆکیومێنت کردنە بە دۆکیومێنت کردنێکی زانستی بێت، یاخود مێژوویی، یان یاسایی، یاخود لە هەرچ بوارێکی دیکەدا بێت.

وێنەکان بەتوانایەکی بەرزەوە دەتوانن ڕووداوەکان و بۆنەکان ئیتر خوشی بێت، یان ناخۆشی، فەرمی بێت، یان نافەرمی (عدوي، 2016، ص181)، بەبێی هیچ شێواندن و چەواشەکارییەک بە دۆکیومێنت بکەن. (الوحيشي، 1999، ص393).

بەناوبانگترین وێنە کە ئەرکی بە دۆکیومێنت کردنی بینیوە، وێنەی وێنەگری بەناوبانگ (یوشیتوماتسوشینگی)یە کە سێ سەعات دوای تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمیەکەی شاری هێرۆشیمای یابان گرتوویەتی، ئەم وێنەیە هەموو جیهانی توشی شۆک کرد، وێنەکە وەک شایەتحاڵی ڕووداوەکە بە دۆکیومینتکراوە، ناوەڕۆکی وێنەکە بریتی بوو لە وێنەی ئەو بریندارانەی لە ئاگرەکەی سەر پردی میوکی ڕزگاریان بوو بوو (عبدالله، 2019، ص27) بە حاڵێکی زۆر خراپ و قژێکی هەڵکوڕوزاو و پێ پەتی و جلوبەرگێکی دڕاوەوە، وێنەکە وەک دۆکیومینتێکی گرنگ بەڵگەیە بۆ نیشاندانی دڕندەیی جەنگ لەو سەردەمەدا .

**ئامانجەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی**

وێنە زمانێکی جیهانییەو یەکسانە بە سەدان وشەو دەستەواژەی نووسراو و چاپکراو، وێنە لەبواری ڕۆژنامەگەری دا وەک گوزارشتێک بۆ هەموو چالاکیو جموجۆڵە مرۆییەکان بەکاردێت.

دەتوانرێت ئامانج و سوودەکانی وێنە لەم چەند خاڵەی خوارەوە بەدیار بخەین:

1. زیندوویی بە بابەتەکان دەدات، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ ئەو هەواڵو بابەتانە بەراوردی بکەین کە وێنەیان لەگەڵدا نییە.
2. وێنە ڕاستی هەواڵو ڕووداوێکو چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەخاتەڕوو، واتا بوونی وێنە بەڵگەیەکی تەواوە.

3. وێنە وا لە خوێنەران دەکات کە وردتربن و بتوانن دەلالەتی تر بدۆزنەوە لەڕێگای هەوالێکی وێنەداردا.
4. وێنەی ڕۆژنامەوانی باشو سەرکەوتوو خوێنەر بۆ لای هەواڵ و وتارەکە، یاخود ریپۆرتاژەکە رادەکێشێت، وادەکات گرنگی بەو بابەتە بدات.
5.خوێنەر لەڕێگای وێنەوە زانیاریو بیرۆکەی چنگ دەکەوێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وردەکاری زۆرو نووسینی درێژدادڕ سەبارەت بەبابەتەکە هەبێت.
6. وێنە یارمەتیدەرە تا زانیارییەکان لەمێشکدا جێگیر ببن.
7. لەڕێگای وێنەوە مرۆڤ کۆمەڵێک زانیاریو ڕۆشنبیری گشتی وەردەگرێت، وێنە ئاسۆی ڕۆشنبیری بۆ خوێنەر والا دەکات.
8. بەهای جوانی وێنەی فۆتۆگرافی سەرکەوتوو کاریگەری باشی لەسەر خوێنەران هەیە، شێوەیەکی هونەری جوانی سەرنجراکێش بە هەواڵەکە، یاخود بابەتەکە دەدات. (قەندیلچی، 2008، ل 19)
9. وێنە تۆمارێکی مێژووییە، بەڵگەنامەیە، زامنێکی سەرتاپاگیرە، هەموو تێی دەگەن، پرۆسیسی ڕاگەیاندن تێرترو تیژڕۆتر دەکاو کاری پێگەیشتن و تێگەیشتن خێراتر دەکا.
10. وێنە لە ڕۆژنامەدا بەهایەکی ئیستاتیکی دەداتێو چالاکی وەبەر لاپەرەکان دەنێ..ناوەڕۆکی دەقە بڵاوکراوەکان لەپاڵ خوێنەر دەکا، ڕای دەگرێ، پرسیاری دەخاتە پێش.
11. وێنە پێویستییەکی سایکۆلۆژی بۆ ئادەمیزاد زامن دەکاو پێداویستییە عەقڵیو ئارەزووییەکانی بۆ جێبەجێ دەکا. (سورمێ، 2006، ل30)
12. بەهۆی وێنەوە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەتوانن کێبرکێ لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بکەن وەکو تەلەفزیۆنو ڕادیۆ. (النادی وابو رستم، 2004، ص66)
13. وێنە ڕاستی ڕووداوەکە دەسەلمێنێت.

14. جگـه لـەوەی وێنـە زمـانێکی جیهانییـە، هـەروەها گەنجینـەیـەکی هونەرییـەو زۆرتـر بـەکارەکانی ڕۆژنـامەنووس و نەخشەسـازی بەسـتراوەتەوە، ئامـانجێکی دیکـەی وێنـە دەبێتـە هـۆی یادکردنـەوەو جێگرکردنـی زانیارییـەکان لەبـەر ئـەوەی ئـەو بابـەت و هەوالانەی کە بەوێنەوە بلاودەبنەوە زیاتر لای خوێنەر لە یادو بە زیندوویی دەمێننەوە. (عەونی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (6)، ساڵی 2005، ل 241)

15. وێنەی سەرنجراکێش خوێنەر، یاخود کڕیار زیاتر بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان پەیدا دەکا.

16. وێنەکان لە ئایندەدا دەبنە کەرەستەیەکی دیکۆمێنتی گرنگ، بەتایبەتی وێنەی کەسایەتی و زانا و سەرکردەکان.

# بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی

**تەوەری یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

**تەوەری دووەم: کورتە مێژوویەکی کورت لەسەر مشتەی توێژینەوەکە**

**تەوەری سێیەم: شیکاری خشتەکان**

## بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی

### تەوەری یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە.**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست و خوازراو، توێژەر، یەکێک لە میتۆدە زانستیەکانی بەکارهێناوە ئەویش (شیکاری ناوڕۆک)ە لە جۆری وەسفی، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، بە تایبەتیش لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدە، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردەیەک دەکات لە ئێستای ژیانی تاک و گروپ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت و لە ئارادا بێت و هەنوکەیی و بەرقەرار بێت، بەو ئامانجەی دیاری بکات و لایەنەکانی بدۆزێتەوەو پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی دەربخات، یاخود پەیوەندی دیاردەکە بە دیاردەکانی دیکەوە، سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنیا لە لەشیکاریدا ڕاناوەستێت، بەڵکو شیکار و لێکدانەوە و بەراورد و هەڵسەنگاندنیشی بۆ دەکات، لەوەش زیاتر هەر بە ئێستاوە ڕاناوەستیت، لە هەوڵی ئەوەدایە پێشبینی بۆ ئایندە بکات.

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە شاری هەولێر، ڕۆژنامەکانی (خەبات، هەولێر) ژمارەی ڕۆژنامەکانیان (30) ژمارە لە ڕۆژنامەی خەبات و (30) ژمارە لە ڕۆژنامەی هەولێر.

تۆێژەر بە شێوەی مشتەی مەبەستدار کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، لە (مشتەی مەبەستداردا توێژەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵدەبژێرێت بەپێی ئەو سیفات و تایبەتمەندییەی کە لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بەدی دەکرێت و دەتوانێت ئامانجی توێژینەوەکە بهێنیتە دی).

**سێیەم: مشتەی توێژینەوەکە**

توێژەر بۆ مشتەی توێژینەوەکەی، سالّی دەستکردی بەکارهێناوە، کۆگیر بە واتای وەرگرتنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نموونەیەک وەرگیراوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە لە نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە.

**چوارەم: سنورەکانی توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکە، بریتییە لە:-

1- سنوری شوێنی: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە، لە دوو ڕۆژنامەی (خەبات و هەولێر)، هەرێمی کوردستان- هەولێر.

2- سنوری کاتی: لەم توێژینەوەیەدا، بواری کات زۆر بەهەند وەرگیراوە، ئەویش بریتییە لە (1/ 1 /2023 تا 31/ 9 / 2023).

**پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژینەوەکە**

1- چاوپێکەوتن: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژینەوەکە بریتییە لە (چاوپێکەوتنی کەسی، ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن لەلایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە لەگەڵ کەسێک پەیوەندیدارە بە کێشەی توێژینەوەکەوە، توێژەر کۆمەڵێک داتا و زانیاری لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو کەسە ئەنجام داوە بە مەبەستی دەستخستنی داتا و زانیاری، خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکە دەکات.

ئەو کەسە بریتییە لە بەرپرسی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی بونەتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ زانینی پرسیاری توێژەر لە بەرپرسی دەزگاکان.

**2**- فۆرمی شیکاری: فۆرمی ئامادەکراو بریتییە لەو فۆرمەی کە لەلایەن توێژەر ئامادەدکریت و چەند پرسیاریکی تێدا ئامادەکراوە کە تایبەتە بەتوێژینەوەکەو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لەلایەن چەند هەڵسەنگێنەرێکی شارەزا و دوای ئەوەی کە هەڵسەنگاندنی بۆ

دەکەن و ڕای خۆیان لەسەر دەڵێن فۆڕمەکە ئامادە دەبێت و توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت.

**شەشەم: پێوەری ڕاستی توێژینەوە** (Validity Measure)

پێویستە ژمارەی ڕاستی هەڵسەنگاندنەکە بدرێتە دەست ژمارەیەک (شارەزا و پسپۆڕان)ی ئەو بوارەی کە پێوانەی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، ئەگەر شارەزایان پێیان وابوو ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەفتاری پێ پێوانە دەکرێت، ئەوا توێژەر دەتوانێت پشت بە بڕیاری شارەزایان ببەستێت. توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە (3) پسپۆڕی ئەکادیمی لە پسپۆڕییەکانی (ڕاگەیاندن)(*) بەستووە، دوای هەڵسەندگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ فۆڕمەکان دەرکەوت، کە ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (92.6%)، لەڕاستیدا ئەمە ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوە. بڕوانە پاشکۆی (18).

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی لە ڕێگەی کاتەوە، بە شێوازی دووبارەکردنەوە و بە پشتبەستن بە هاوکێشەی (هۆڵستی)، توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ڕێژەکەی بریتییە لە (0.97)، کەوا لەڕووی ئامارییەوە پەیوەستێکی پەسەندکراوە. بڕوانە پاشکۆی (19).

---

**(*) لیژنەی هەڵسێنگەری فۆڕمی شیکاری:-**

1. پ.ی.د. مەغدید خدر سەپان - ڕاگەیاندن - زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.
2. پ.ی.د زاهیر حمەدەمین صابر – ڕاگەیاندن - زانکۆی پۆلیتەکنیک – هەولێر.
3. پ.د ڕێبەر گۆران مستەفا ، ڕاگەیاندن- زانکۆی پۆلیتەکنیک – سلێمانی.

- بۆ بینینی پێوەری ڕاستی و دروستی توێژینەوەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (18).

**تەوەری دووەم: مێژووی ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژنامەی هەولێر**

**یەکەم: ڕۆژنامەی خەبات**

(خەبات)، وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسی لە بەغدای پایتەخت، ئۆرگان و زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی (22 تشرینی یەکەمی ساڵی 1958) دەرچووە، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان داوایەکی پێشکەشی وەزارەتی (ئیرشاد) کرد، لە ڕۆژی (11 کانونی دووەمی 1959)دا وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر داواکەی دەربڕی و (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، هەروەها بەپێی هەردوو برگەی (أ، ب) لە مادەی (6) یاسای چاپەمەنی عێراقی ژمارە (24) لە ساڵی (1954)، وەزارەتی (ئیرشاد) لە (ڕۆژی 14/ کانوونی دووەمی 1959) پارێزەر (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات، لە ئێستادا سەلام عبدالله سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیە.

ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕووی کارکردنەوە، تا ئێستا زیاتر لە (6.500) ژمارەی لێ دەرچووەو تیراژەکەشی (6.500) دانەیە و بە زمانی کوردی دەردەچێت، (16) لاپەڕەیە  و لاپەڕەکانی دابەشکراوە بەسەر چەند بوارێک، واتە تایبەتمەندی ئاستی یەکەمی ڕۆژنامەگەری هەیە، بوارەکان پێکهاتوون لە بواری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هەمەڕەنگ، هەروەها لە بواری کشتوکاڵی و زانستی و پەروەردەیی). ئێستا لە شاری هەولێر دەردەچێت، لە ڕێگەی کۆمپانیای (تەتەر)ەوە بەسەر شارەکانی کوردستان دابەش دەکرێت، ئەو ڕۆژنامەیە هەفتەی (5) ژمارەی لێ دەردەچێت، واتە جگە لە ڕۆژانی (هەینی و شەممە) نەبێت، هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە جگە لەدەرچوونی بەشێوەی کاغەز بەشێوەی ئەلیکترۆنی ژمارەکانی لە سایتێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژانە ژمارەکانی بڵاو دەکرێتەوە.

**دووەم: ڕۆژنامەی هەولێر**

ڕۆژنامەی هەولێر چاپکراوێکی گشتی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەبی، هونەری،... هتد.) ئەهلی و ئازادە سەر بە کۆمپانیای میدیایی (تەتەر)ە، تایبەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەیە، یەکەم ژمارەی بە فەرمی لە بەرواری (2005/11/20) بە شێوەی ڕۆژانە دەرچووە، بە تیراژی (26) هەزار دانە، تەنیا لەکاتی هاتنی پەتای کرۆنادا ڕۆژنامەکە بە تیراژی (کەم) دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە (20) لاپەڕە بووە بە قەبارەی (27×34)سم، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ناوی (ڕێبوار کەریم وەلی) بووە، هەر لە سەرەتای دەرچوونی یەکەم ژمارەوە سەرنووسەر بووە، دواتر سەرنووسەر گۆڕاوە بۆ (بەرهەم عەلی) بۆ ماوەیەک بەردەوام بووە لە کاری سەرنووسەری، دواتر گۆڕاوە بۆ (جواد قادر) دوای ئەویش گۆڕاوە بۆ (سالار عثمان)، دواتر (ئاریان فەرەج) وەک سەرنووسەر ئەرکی ڕۆژنامەوانی جێبەجێ کردوە، دوای ئەویش کۆتا سەرنووسەر بە ناوی (هاودەنگ فاروق) ئەرکی ڕۆژنامەوانی لەو ڕۆژنامەیەدا جێبەجێ دەکات و تا ئێستا بەردەوامە لەو ئەرکەدا، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لە سەرەتادا پارێزگاری هەولێر بووە، دواتر گۆڕاوە بۆ ئاریان فەرج، لە ئێستا ڕۆژنامەکە وەک ڕۆژنامەیەکی چاپکراوی ڕۆژانە دەگەیەنرێتە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە جگە لەدەرچوونی بەشێوەی کاغەز بەشێوەی ئەلیکترۆنی ژمارەکانی لە سایتێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی هەولێر ڕۆژانە ژمارەکانی بڵاو دەکرێتەوە.

### تەوەری سێیەم: شیکاری خشتەکان

#### یەکەم: ڕۆژنامەی خەبات

| خشتەی (1) ناوەڕۆکی ناونیشانی ڕۆژنامەوانی لەڕووی بابەتەوە ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| ڕامیاری | 117 | %61.9 | یەکەم |
| ئابووری | 9 | %4.8 | سێیەم |
| کۆمەڵایەتی | 9 | %4.8 | سێیەم |
| هونەری | 1 | %0.5 | نۆیەم |
| تەندروستی | 5 | %2.6 | پێنجەم |
| ژینگەیی | 3 | %1.6 | حەوتەم |
| خزمەتگوزاری | 19 | %10.1 | دووەم |
| ڕۆشنبیری و کەلتووری | 3 | %1.6 | حەوتەم |
| یاسایی | 3 | %1.6 | حەوتەم |
| پیشەسازی | 1 | %0.5 | نۆیەم |
| کشتوکاڵی | 2 | %1.1 | هەشتەم |
| ئایینی | 3 | %1.6 | حەوتەم |
| کێشەو ململانی | 8 | %4.2 | چوارەم |
| گەشتیاری | 2 | %1.1 | هەشتەم |
| سەربازی | 4 | %2.1 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (1) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (ڕامیاری) بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (117) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (61.9)، بەکارهێنانی ناونیشانی (هونەری ، پیشەسازی) نزمترین پلەیان بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەیان بریتییە لە (1) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (0.5)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(3.6243)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (4.39192)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی ڕامیاری، چونکە ڕۆژنامەیەکی سیاسیە.

| خشتەی (2) بەکارهێنانی کۆلۆم لە ناونیشانەکانی لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| یەک کۆلۆم | 22 | %11.6 | سێیەم |
| دوو کۆلۆم + سێ‌کۆلۆم | 75 | %39.7 | دووەم |
| چوار کۆلۆم و زیاتر لە چوار | 92 | %48.7 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (2) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (چوار کۆڵۆم و زیاتر لە چوار) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (92) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (48.7)، بەکارهێنانی ناونیشانی (دوو کۆڵۆم + سێ کۆڵۆم) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (75) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (39.7)، بەکارهێنانی ناونیشانی (یەک کۆڵۆم) بە پلەی سێیەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (22) ناونیشان کە بەڕێژەی سەدی دەکاتە (11.6)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(2.3704)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.68446)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی چوار کۆڵۆم و زیاتر لە چوار کۆڵۆم.

| خشتەی (3) شوێنی ناونیشان لە لاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| سەرەوەی لاپەڕە لای ڕاست | 32 | %16.9 | سێیەم |
| سەرەوەی لاپەڕە لای چەپ | 10 | %5.3 | پێنجەم |
| ناوەڕاستی لاپەڕە | 73 | %38.6 | یەکەم |
| خوارەوەی لاپەڕە لای ڕاست | 44 | %23.3 | دووەم |
| خوارەوەی لاپەڕە لای چەپ | 30 | %15.9 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (3) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشان لە (ناوەڕاستی لاپەڕە) بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (73) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (38.6)، بەکارهێنانی ناونیشان لە (سەرەوەی لاپەڕە لای چەپ) نزمترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە

(10) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (5.3) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(3.1587)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.25740)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشان لە ناوەڕاستی لاپەڕە.

| خشتەی (4) بەکارهێنانی ڕەنگ لە ناونیشان لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| ڕەنگاو ڕەنگ (سور – سپی – ..هتد) | 65 | %34.4 | دووەم |
| ڕەش | 124 | %65.6 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (4) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشان بە ڕەنگی (ڕەش) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (124) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (65.6)، بەکارهێنانی ناونیشانی (ڕەنگاو ڕەنگ (سور – سپی – ..هتد) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (65) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (34.4) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(1.6561)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.47627)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش لە ناونیشانەکان.

| خشتەی (5) جۆری ناونیشان لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| ناونیشانی سەرەکی | 42 | %22.2 | دووەم |
| سەرە ناونیشان (سەرەتایی) | 32 | %16.9 | سێیەم |
| ژێر ناونیشان | 30 | %15.9 | چوارەم |
| لا ناونیشان (ناونیشانی لاوەکی) | 85 | %45.0 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (5) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (لاناونیشان (ناونیشانی لاوەکی)) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (85) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (45.0)، بەکارهێنانی ناونیشانی

(سەرەکی) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (42) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (22.2)، وە بەکارهینانی ناونیشانی (سەرە ناونیشان (سەرەتایی)) بە پلەی سێیەم دێت کەڕیژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (32) ناونیشان، بەڕیژەی سەدی دەکاتە (16.9)، بەکارهێنانی ناونیشانی (ژێرناونیشان) بە پلەی چوارەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (30) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (15.9) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(2.8360)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.22021)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی لا ناونیشان (ناونیشانی لاوەکی).

| خشتەی (6) ناوەرۆکی ناونیشان لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ریزبەندی | ڕێژەی سەدی | دووبارەبووەکان | بابەت | |
| سێیەم | %1.1 | 2 | ناونیشانی بەراوردکاری | |
| دووەم | %2.6 | 5 | ناونیشانی وەسفی | |
| یەکەم | %95.2 | 180 | ناونیشانی هەواڵی | |
| سێیەم | %1.1 | 2 | ناونیشانی ڕەخنەی | |
| | %100 | 189 | کۆی گشتی | |

لە خشتەی (6) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی (ناونیشانی هەواڵی) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (180) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (95.2)، بەکارهێنانی (ناونیشانی وەسفی) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (5) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (2.6)، وە بەکارهینانی ناونیشانی (بەراوردکاری ، ڕەخنەیی) بە پلەی سێیەم دێن کەڕێژەی دووبارەبوونەوەکەیان بریتییە لە (2) ناونیشان، بەڕیژەی سەدی دەکاتە (1.1)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(2.9630)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.28001)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی هەواڵی.

**خشتەی (7) ئاماژەی ناونیشان لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە**

| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕاستەوخۆ | 150 | %79.4 | یەکەم |
| ناڕاستەوخۆ | 5 | %2.6 | پێنجەم |
| سەرسورمان | 7 | %3.7 | چوارەم |
| فەرمانی | 18 | %9.5 | دووەم |
| جوڵاندنی هەست | 9 | %4.8 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (7) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (ڕاستەوخۆ) بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (150) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (79.4)، بەکارهێنانی ناونیشانی (ناڕاستەوخۆ) نزمترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (5) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (2.6) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(1.5767)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.21195)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی ڕاستەوخۆ.

**خشتەی (8) جۆری ڕەنگی بەکارهاتوو لە ناونیشان لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە**

| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فرە ڕەنگ | 20 | %10.6 | دووەم |
| ڕەنگە ساردەکان | 19 | %10.1 | سێیەم |
| ڕەنگە گەرمەکان | 150 | %79.4 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (8) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی (ڕەنگە گەرمەکان) لەناونیشان بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (150) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (79.4)، بەکارهێنانی (فرەڕەنگ) لە ناونیشان بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (20) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (10.6)، وە بەکارهینانی (ڕەنگە ساردەکان) لەناونیشان بە پلەی سێیەم دێت کەڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (19) ناونیشان، بەڕیژەی سەدی دەکاتە (10.1)،

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(2.6878)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.65470)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ڕەنگە گەرمەکان لە ناونیشان.

**خشتەی (9) شێوەکانی ناونیشان لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە**

| | بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| | تاک: واتا گەر یەک دێڕ بوو | 98 | %51.9 | یەکەم |
| | هەرەمی: (ئاسایی و هەڵگەراوە) | 60 | %31.7 | دووەم |
| | هەڵواسراو | 13 | %6.9 | چوارەم |
| | پلیکانەیی | 18 | %9.5 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (9) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (شێوەی تاک) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (98) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (51.9)، بەکارهێنانی ناونیشانی (هەرەمی: (ئاسایی و هەڵگەراوە) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (60) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (31.7)، وە بەکارهینانی ناونیشانی (پلیکانەیی) بە پلەی سێیەم دێن کەڕێژەی دووبارەبوونەوەکەیان بریتییە لە (18) ناونیشان، بەڕیژەی سەدی دەکاتە (9.5)، بەکارهێنانی ناونیشانی (هەڵواسراو) بە پلەی چوارەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (13) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (6.9)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(1.7407)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.95175)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی شێوەی تاک: واتا ئەگەر یەک دێڕ بوو.

| خشتەی (10) شێوازی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دەرخستن لە ناونیشان لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بابەت | | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
| | گیومە | 10 | %5.3 | سێیەم |
| | بۆڵد | 28 | %14.8 | دووەم |
| | ئاسایی | 151 | %79.9 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 189 | %100 | |

لە خشتەی (10) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (ئاسایی) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (151) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (79.9)، بەکارهێنانی ناونیشانی (بۆڵد) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (28) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (14.8)، وە بەکارهینانی ناونیشانی (گیومە) بە پلەی سێیەم دێت کەڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (10) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (5.3)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(4.5450)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.93076)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی شێوازی ئاسایی.

**خشتەی (11) ناوەڕۆکی وێنەی ڕۆژنامەوانی ڕوون دەکاتەوە**

| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕامیاری | 69 | %53.5 | یەکەم |
| ئابووری | 5 | %3.9 | پێنجەم |
| کۆمەڵایەتی | 5 | %3.9 | پێنجەم |
| هونەری | 2 | %1.6 | هەشتەم |
| تەندروستی | 9 | %7.0 | دووەم |
| ژینگەیی | 6 | %4.7 | چوارەم |
| خزمەتگوزاری | 9 | %7.0 | دووەم |
| ڕۆشنبیری و کەلتووری | 2 | %1.6 | هەشتەم |
| یاسایی | 2 | %1.6 | هەشتەم |
| کشتوکاڵی | 3 | %2.3 | حەوتەم |
| ئایینی | 3 | %2.3 | حەوتەم |
| کێشەو ململانێ | 7 | %5.4 | سێیەم |
| گەشتیاری | 3 | %2.3 | حەوتەم |
| سەربازی | 4 | %3.1 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لەخشتەی (11) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کەبەرزترین پلە بەدەستی هێناوە بریتییە لە وێنەی (ڕامیاری) کە دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (69) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (53.5)، وە نزمترین پلە بەدەستی هێناوە بریتییە لەوێنەی (هونەری، ڕۆشنبیری و کەلتوری، یاسایی) کەدووبارەبوونەوەکانی بریتیین لە (2) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (1.6)، هەروەها ناوەندە ژمێرەییبریتییە لە (4.4419)، وەلادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (4.92111)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی ڕامیاری.

| خشتەی (12) دابەشبوونی وێنە ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| وێنەی فۆتۆگرافی | 91 | %70.5 | یەکەم |
| وێنەی کەسی | 34 | %26.4 | دووەم |
| وێنەی هێڵکاری (سکێچ) | 4 | %3.1 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لە خشتەی (12) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی (وێنەی فۆتۆگرافی) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (91) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (70.5)، هەروەها بەکارهێنانی (وێنەی کەسی) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (34) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (26.4)، هەروەها بەکارهێنانی (وێنەی هێڵکاری (سکێچ)) بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (4) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (3.1) هەروەها ناوەندە ژمێرەییبریتییە لە (1.6202) لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.97783)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی.

| خشتەی (13) وێنەی ڕۆژنامەوانی لەڕووی شوێنی جوگرافی ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| ناوخۆیی | 101 | %78.3 | یەکەم |
| جیهانی | 5 | %3.9 | سێیەم |
| عێراق | 22 | %17.1 | دووەم |
| هەرێمی | 1 | %0.8 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لە خشتەی (13) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی (وێنەی ناوخۆیی) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (101) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (78.3)، بەکارهێنانی (وێنەی عێراق)ی بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (22) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (17.1)، بەکارهێنانی (وێنەی جیهانی) بە پلەی سێیەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە

له (5) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (3.9)، بەکارهێنانی (وێنەی هەرێمی) بە پلەی چوارەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (1) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (0.8)، هەروەها ناوەندە ژمێرەییبریتییە لە (1.4031)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.79569)، کەواتە بۆمان دەردەوێت کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی ناوخۆیی.

| خشتەی (14) وێنەی ڕۆژنامەوانی لەسەرچاوەوە ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بابەت | | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| | ئاژانسەکانی هەواڵ | 6 | %4.7 | پێنجەم |
| | وێنەی ئەرشیف کراو | 21 | %16.3 | سێیەم |
| | وێنەی بێ سەرچاوە | 7 | %5.4 | چوارەم |
| | وێنەگری دەزگا | 38 | %29.5 | دووەم |
| | وێنەی ئینتەرنێت | 57 | %44.2 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 129 | %100 | |

له خشتەی (14) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی (وێنەی ئینتەرنێت) کە بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (57) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (44.2)، بەکارهێنانی (وێنەی ئاژانسەکانی هەواڵ) نزمترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (٦) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (4.7) هەروەها ناوەندە ژمێرەییبریتییە لە (3.9225)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.25382)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی ئینتەرنێت.

| خشتەی (15) شوێنی وێنە لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| **بابەت** | **دووبارەبووەکان** | **ڕێژەی سەدی** | **ڕیزبەندی** |
| سەرەوەی لاپەڕە لای ڕاست | 2 | %1.6 | چوارەم |
| سەرەوەی لاپەڕە لای چەپ | 24 | %18.6 | سێیەم |
| ناوەڕاستی لاپەڕە | 42 | %32.6 | یەکەم |
| خوارەوەی لاپەڕە لای ڕاست | 37 | %28.7 | دووەم |
| خوارەوەی لاپەڕە لای چەپ | 24 | %18.6 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 129 | %100 | |

له خشتەی (15) له ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی وێنە (لە ناوەڕاستی لاپەڕە) کە بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (42) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (32.6)، بەکارهێنانی وێنە لە (سەرەوەی لاپەڕە لای ڕاست) نزمترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (2) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (1.6) هەروەها ناوەندە ژمێرەییبریتییە لە (3.4419)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.04513)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنە لەناوەڕاستی لاپەڕە.

| خشتەی (16) شوێنی وێنە بەپێی بابەتی دیاری کراوی وێنە لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | |
|---|---|---|---|
| **بابەت** | **دووبارەبووەکان** | **ڕێژەی سەدی** | **ڕیزبەندی** |
| ژێر ناونیشان | 74 | %57.4 | یەکەم |
| لای ڕاستی ناونیشان | 13 | %10.1 | چوارەم |
| لای چەپی ناونیشان | 15 | %11.6 | دووەم |
| ناوەڕاستی ناونیشان | 14 | %10.9 | سێیەم |
| سەرناونیشان | 13 | %10.1 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 129 | %100 | |

له خشتەی (16) له ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی وێنەی (ژێر ناونیشان) بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (74) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (57.4)، بەکارهێنانی وێنەی (سەرناونیشان، لای ڕاستی

ناونیشان) نزمترین پلەیان بەدەست هێناوە کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکانیان بریتییە لە (13) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (10.1) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(2.0620)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.42934)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی ژێر ناونیشان.

| خشتەی (17) شێوەی وێنە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بابەت | | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| | شێوەی لاکێشەیی | 83 | %64.3 | یەکەم |
| | شێوەی چوارگۆشەیی | 43 | %33.3 | دووەم |
| | شێوەی بازنەیی و هێلکەیی | 3 | %2.3 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لە خشتەی (17) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی وێنە لە (شێوەی لاکێشەیی) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (83) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (64.3)، بەکارهێنانی وێنەی لە (شێوەی چوارگۆشەیی) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (43) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (33.3)، بەکارهێنانی وێنە لە (شێوەی بازنەیی و هێلکەیی) بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (3) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (2.3)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(1.3798)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.53318)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنە لە شێوەی لاکێشەیی.

| خشتەی (18) جۆری گرتەکانی لەلاپەرەی ڕۆژنامەکان ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| | Extreme long shot | 19 | %14.7 | سێیەم |
| | Long shot | 24 | %18.6 | دووەم |
| | Medium long shot | 14 | %10.9 | چوارەم |
| | Medium shot | 24 | %18.6 | دووەم |
| | Medium close up | 14 | %10.9 | چوارەم |
| | Close up | 32 | %24.8 | یەکەم |
| | Extreme close up | 2 | %1.6 | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لە خشتەی (18) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی وێنەی (Close up) بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (32) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (24.8)، بەکارهێنانی وێنەی (Extreme Close up) نزمترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (2) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (1.6) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(3.7442)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (1.86782)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی Close up.

| خشتەی (19) گەورەو بچوکی قەبارەی وێنە لە لاپەرەکان ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| | بچووک (یەک کۆڵۆم) | 37 | %28.7 | دووەم |
| | مامناوەند (2-3 کۆڵۆم) | 60 | %46.5 | یەکەم |
| | گەورە (4-5-6 کۆڵۆم) | 32 | %24.8 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لە خشتەی (19) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی وێنەی (قەبارەی مامناوەند(2-3 کۆڵۆم)) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (60) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (46.5)، بەکارهێنانی وێنەی (قەبارە بچووک

(یەک کۆڵۆم)) بە پلەی دووەم دێت، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (37) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (28.7)، بەکارهێنانی وێنەی (قەبارە گەورە (4-5-6 کۆلۆم)) بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (32) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (24.8)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(1.9612)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.73318)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی وێنەی قەبارە مام ناوەند (2-3 کۆڵۆم).

| خشتەی (20) بوونی کاپشن لە ژێر وێنە ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| | هەیە | 25 | %19.4 | دووەم |
| | نیە | 104 | %80.6 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 129 | %100 | |

لە خشتەی ژمارە (20) لە ڕۆژنامەی خەبات بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارنەهێنانی کاپشن لە ژێر وێنە بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (104) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (80.6)، بەکارهێنانی کاپشن لەژێر وێنە نزمترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (25) وێنە، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (19.4) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(1.8062)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (0.39681)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی خەبات گرنگی نەداوە بە بەکارهێنانی کاپشن لەژێر وێنە.

دووەم: ڕۆژنامەی هەولێر

| خشتەی (21) ناوەڕۆکی ناونیشانی ڕۆژنامەوانی لەڕووی بابەتییەوە ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بابەت | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| | ڕامیاری | 132 | %69.1 | یەکەم |
| | ئابووری | 16 | %8.4 | سێیەم |
| | کۆمەڵایەتی | 2 | %1.0 | حەوتەم |
| | هونەری | 1 | %0.5 | هەشتەم |
| | تەندروستی | 3 | %1.6 | شەشەم |
| | خزمەتگوزاری | 18 | %9.4 | دووەم |
| | وەرزشی | 5 | %2.6 | چوارەم |
| | ڕۆشنبیری و کەلتووری | 1 | %0.5 | هەشتەم |
| | یاسایی | 2 | %1.0 | حەوتەم |
| | پیشەسازی | 1 | %0.5 | هەشتەم |
| | کشتوکاڵی | 4 | %2.1 | پێنجەم |
| | گەشتیاری | 5 | %2.6 | چوارەم |
| | سەربازی | 1 | %0.5 | هەشتەم |
| | کۆی گشتی | 191 | %100 | |

لە خشتەی (21) لە ڕۆژنامەی هەولێر بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ناونیشانی (ڕامیاری) بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی بریتییە لە (132) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (69.1)، بەکارهێنانی ناونیشانی (هونەری ، ڕۆشنبیری و کەلتووری، پیشەسازی، سەربازی) نزمترین پلە یان بەدەست هێناوە کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەیان بریتییە لە (1) ناونیشان، بەڕێژەی سەدی دەکاتە (0.5) هەروەها ناوەندە ژمێرەیی(2.8272)، لادانی پێوەرییەکەی بریتییە لە (3.64713)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆژنامەی هەولێر زیاتر گرنگی داوە بە بەکارهێنانی ناونیشانی ڕامیاری، چونکە ڕۆژنامەیەکی سیاسیە.

